


سەرنووسەر: ک.د.ئازاد

کاناڵی تێلگرامی:@Le_Daweni_Arbebawe

ساڵی دووهەم . خاکە لێوەی ٢٧٢٢



| ناو: نووسەر،وەرگێڕ،شاعیر،هونەرمەند... | بابەت: شێعر،پەخشان،وتار.. | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | وێنەی نوێ لە ئاوێنەی غەزەلەکانی "ئاسۆ"دا | ۲ |
| بۆکان. سەعید سەڵیمی باباجری | تەرجەمەی شێعری ک.د. ئازاد | ۴ |
| هەورامان. نەبەز ڕۆژگار | بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی "۲ی ڕەشەمە" | ۵ |
| پیرانشار. ئیبراهیم کاکەڕەش | حەپسە خانی نەقیب | ۶ |
| مەهاباد. کەماڵ مەولوودپووری | تۆژینەوەیک لە سەر وشە هاوپیتەکان "جناس" | ۷ |
| بۆکان: ئاوایی عەنبار. نامۆعەنبار ـ بۆکان. ڕێ زان | تامەزرۆی نەورۆز ـ ئێوارە باش | ۱۲ |
| مەهاباد. سووتاو ـ مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | شێعر | ۱۳ |
| سنە. ئیرەج عیبادی ـ مەهاباد. خاتوونی خۆر ـ بروجرد. سەعید فەلاحی "زانا کۆردستانی" ـ بانە. سروور | شێعر | ۱۴ |
| سەرپێڵی زەهاو. شەهلا ئەحمەدی | قزلجی؛ ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوانی پێشڕەو، ...... | ۱۵ |
| سەردەشت. حەسەن ڕەوش"پارێزەر" | زمانی دایک | ۱۷ |
| سەقز. ژاکاو کەسنەزانی | پەخشان | ۱۸ |
| بانە. قادر خدر زادە ـ سەقز. عەتا ساڵح پوور ـ سنە. پ.ڕ.سایدا | پوورە وەنەوش ـ شێعر | ۱۹ |
| بانە. غەفوور ساڵەحی ـ سەقز. مریەم . یەتیمی | شێعر | ۲۰ |
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی ـ کاریکاتۆر | ۲۱ـ۲۲ |
| ئیلام. رودوس فەیلی" مصطفی بیگی"ـ سنە. زوهرە سەولی | شێعر | ۲۳ |
| بانە. قادر خدر زادە | پشیلەی تۆبەکار | ۲۴ |
| سنە. زوهرە سەولی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | شێعر ـ کاریکاتۆر | ۲۵ |
| مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی "زایەڵە" | چشمها را باید شست ،جور دیگر باید دید ... | ۲۶ |
| دێولان.ح.ڕەنجبەر ـ برووجرد.زانا کۆردستانی ـ بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | شێعر ـ شرۆڤەی پەندی پێشینیان | ۲۷ |
| مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی ـ سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | شێعر | ۲۸ |
| سەردەشت. سابیر بێتووشی | بیرەوەری | ۲۹ |
| سنە. ئێقباڵ بەرقی | بۆهاوڕێم: ک.د. ئازاد | ۳۰ |
| سنە. ناهید نووربەخش ـ ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | دواهەمین وانە . شەڕی سەگ و گورگ | ۳۱ـ۳۲ |
| مەهاباد. موحیب مەهابادی ـ لەیلاخ. مام خەیاڵ | شێعر | ۳۳ |
| مەهاباد. ئ. ئەزیزان | ڕێگەکان جێی متمانە نین | ۳۴ |
| بانە. مەناف قادرپوور" نزا" | پوازی لە خۆ | ۳۵ |
| بۆکان. برایم جەمیانی ـ سەقز.کامیل موحەممەد جانی | شێعر | ۳۷ |
| مەهاباد. ژیار ـ سەقز. "هەژین" ـ سنە. عەلی سوهرابی | شێعر | ۳۸ |
| سەردەشت. شاباز قاسمی ـ ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | شێعر | ۳۹ |
| مەریوان. مەرزییە خاکی | مرۆڤ دۆستی چیە و بەکێ ئەڵێن مرۆڤ دۆست ؟ | ۴۰ |
| بەرهەمی شاعیرانی لاو | | |
| ئیلام .دەلران.زێنەب فەرزی ـ شنۆ.ڕەشەبا ـ بانە.ئاڤان | شێعر | ۴۱ |
| بانە. چرۆ ـ دیواندەرە. سورەییا ڕەحیمی | شێعر | ۴۲ |
| سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی ـ مەریوان. مێهری ڕاستی | شێعر | ۴۳ |
| هۆلەند.شاری دۆردرێخت. ن: هێمن ئەمانی ـ بۆکان. هیدایەت ئازەری | شێعر | ۴۴ |
| شنۆ.دێشەمس.هێور ـ ساحێب.دەریا ئازەرپوور ـ مەریوان.شەهین حسەینی | شێعر | ۴۵ |
| بانە.بەیان خدری ـ مەریوان.حەمزە دەستوور ـ بانە.شەیدا ئەحمەدی ـ پیرانشار.گردکسپیان.هاوار لاجانی | شێعر | ۴۶ |
| سەردەشت. هێمن تەنیا ـ دیواندە رە. ئێدریس عەبوودی ـ سەقز ."هاوار سەقز" | شێعر | ۴۷ |
| سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی ـ پیرانشار.لەیلا پوور ئەحمەد"هەناسە" | شێعر | ۴۸ |
| **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | | |
| ئیلام. رودوس فەیلی "مصطفی بیگی" ـ بۆکان. برایم جەمیانی ـ بانە. باوکی نیشتمان ـ بۆکان.خاڵند ئەحمەدی.ـ بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی ـ دێولان. ئارینا تەهماسبی ـ دێولان. ئایدا محەممەدی ـ هەولێر. ڕۆستەم خامۆش ـ سەردەشت. گزنگی خۆر ـ دێولان. مەهستی مەتاعی ـ | | ۴۹ـ۵۵ |
| ڕووداوە فەرهەنگییەکانی ڕەشەمەی ۱٤۰۰ ی هەتاوی | | ۵۶ـــ۵۸ |
| بانە. ڕوونمایی و پەردەلادان لە سەر ۷ کتێبی شاعیران و نووسەرانی ئەنجومەنی ئەدەبی بانە: ک.د.ئازاد ـ ئاودێر و باوکی نیشتمان کۆڕی ڕیزلێنان و دانی بڕوانامە بە قوتابیانی پۆلەکانی فێرکاری سۆما ـ کۆچی دوایی حاجی مامۆستا ئەمینیان لە سەردەشت | | |
| سەردانی بنەماڵەی هونەرمەندان،نووسەران و شاعیران | | ۵۹ |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# وێنەی نوێ لە ئاوێنەی غەزەلەکانی "ئاسۆ"دا



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی



بەشی یەکەم

ئەستێرەیە هاوالی خەیالم بە خەیالات
شاباڵی گڕم پێیە کەچی هەر لە زەویم من

شێعر ئاوێنەی سەردەمە و کۆمەڵگای بێ شێعر کۆمەڵگایەکی وشک و سڕ و تەموژاوییە . شاعیرانیش لە هەموو خول و سەردەمێکدا هەوڵیان داوە جوانی و پاکی و ئاواتەکانی خەڵک وەک وێنەیەکی شاز و نوێ لە قەتحەی شێعرەکانیان بگرن. دیارە هەر شاعیرەی حەولی داوە بە پێی توانا و هەست و سەلیقەی خۆی وێنە تازە و نەسواوەکان لە تابلۆی شیعرەکانیدا بنوێنێ و هەنگ ئاسایی شانەی شیعرەکانی پڕ بکات لە شیلەی هەست و چێژ و جوانی . ئەگەر بە چاوێکی وردبینانە بڕوانینە دنیای شێعری ئەمڕۆ و لەگەڵ شیعری سەدەکانی ڕابردوو و تەنانەت دەیەکانی ڕابردووش هەڵیسەنگێنین بۆمان دەردەکەوێ شاعیرە دەروەستەکان چەندەیان هەوڵ داوە و خۆیان لەگەڵ سەردەم گونجاندووە و هەستی خۆیان کردۆتە ئاوێنەی بێ گەرد و ڕووناکی کۆمەڵگاکەیان. دیارە لە هەموو بەرە شیعرییەکان و سەردەمەکاندا شاعیرانی لاساکەرەوە و هەست نەزۆک و شوێن کەوتووی پێشەنگەکان هەر بوون و هەر دەشبن. بەڵام خوێنەری وریا و چاوکراوە زۆر بە باشی ڕەسەن و ساختە و پاک و ناپاک لە یەک جیادەکاتەوە. بەداخەوە هێندێک کەسی زلکوێر و وەشەواوە کەوتووی بریق و باق و شاتوشووت و دنیای بۆش و ساختەی ڕۆژاوا کوێرانە پلار دەهاوێن و بێ ئەوەی بە قەرای سەرە دەرزییەک لە ئەدەبی ڕۆژاوا گەیشتبێتن و بە چرووپری خوێندبێتیانەوە، بۆ یانیها و ژێست و قیافەگرتن، هەڵدەکوتنە سەر هەموو هەست و قەڵەمە دەروەستەکانی ئەمڕۆ و دووپشک ئاسایی ژاری خۆیان دەڕێژن. تێگەیشتنەکەشیان لە شێعری ڕۆژاوا وەک تێگەیشتنی هێندێ لە وەرگێڕەکانی باشووری کوردستان وایە و ئەوان چەندە لە فارسی حاڵین و تێیدەگەن ئەمانیش هەر ئەوەندە . دیارە لە خوێندنەوەکەشی هەر ئەوەندە حاڵین و لە زۆربەی ئیدیۆم و دەستەواژە و زاراوەکان تێناگەن و مانا ڕواڵەتییەکەیان دەقۆزنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن و بە سەر و گوێلاکی یەکتردا هەڵدەڵێن و نان بە یەکتر بە قەرز دەدەن، دیسان ویستە نەزۆک و نارەسەنەکەیان چونکە ساختە و درۆیینەیە جێ ناگرێت و لە چوارچێوەی کۆڕ و دانیشتنەکانی خۆیان ناترازێ؛ هیچ خوێنەرێکی پاک و ڕاستەقینەش قەبووڵیان ناکات و باوەشیان بۆ ناگرێتەوە . لەم ساڵانەی دواییدا هەموومان بۆمان دەرکەوت ئەوانە کێن و چییان دەوێ و چۆن دەبنە خۆرەی ئەدەب و زمان و جوانییەکان و ڕوو لە هەر لایەک دەکەن نەهاتییان بە دەمەوەیە و لە هەر کوێوە تێپەڕن وێرانە لە دوای خۆیان بەجێدەهێڵن. ئەو قەڵەمە لاڕێ و نەزۆکانە ئەگەر چی بۆ دوو دەیە هەموو گۆڤار و بڵاڤۆک و ڕۆژنامەکانیان داگیر کرد و نایانە ژێر چۆکی خۆیان، بەڵام کارێکیان کرد نە کۆمەڵگا وەریگرتن و نە خۆشیان زانییان چیدەکەن و دەیانهەوێ بڵێن چی؟ بۆیە زۆر زوو ئاشبەتاڵیان کرد و ڕیسە ساختەکەیان لێ بۆوە بە خوری و هێندێکیشیان وەک دووپشک بە خۆیانەوە دا و ئەدەب و قەڵەم و کۆمەڵگا ڕزگاری بوو لە دەستیان.

بەڵام لەو شەوەزەنگ و تەمتومان و چەرەدووکەڵەشدا کە ئەو تاقمە سازیان کردبوو. چەند قەڵەمی دەروەست و جیددی و نەدۆڕاو هەوارگەی ئەدەبیان ترووسکە باران دەکرد و لە ژێر باڵی خۆیاندا جوانی و پاکی و ڕەسەنایەتییەکانیان داڵدە دەدا و لە ئاسۆی گەشی ئەوانەوە دەیان ئەستێرەی پرشنگدار هەڵاتن، ئاسمانی ئەدەبی کوردیان تریفە باران کرد و دووکەڵی ئەو شەوەزەنگە ساختە و نارەسەنانەیان لە سەر تەوێڵ و ڕوخساری سڕییەوە.

وەکوو ئاسۆ لە بەرزی را بەرەو ژێر دەستی دەڕوانم
فریوی غەربی قەت ناخۆم نە باکووری نە باشووری

«ئاسۆ» بێ گومان یەکێک لەو قەڵەمە جیددی و پاک و ڕەسەنانە بوو کە هەرگیز کۆڵی نەدا و خۆی نەدۆڕاند. چونکە قەڵەمی ئاسۆ قەڵەمێکی دەروەست و ڕەسەن و جوانی ویست بوو و ئێستاش باوەشی هەست و باوەڕی ئەو داڵدەی دەیان سەوزە قەڵەمی تازەیە و باڵای بەرز و تەرزی ئەدەبی کوردی و شیعری هاوچەرخ گوڵوەشان دەکەن.

ناحەز نییە وەک ئاسۆ لە قەرنی یەک و بیستا

بەرگی غەزەلی فکری تەڕ و تازە لە بەرکەین

نوێخوازی لە زاتی هەموو مرۆڤێکی وریا و چاوکراوەدا هەیە و هەر کەسێک دەستی ڕاست و چەپی خۆی لێک بکاتەوە دەزانێ مرۆڤ و مرۆڤایەتی پێویستی بە نوێ بوونەوە هەیە. بەڵام ئەو نوێ بوونەوەیە چۆن و بە چ نرخێک.

هەر بە سەجعی دەنگی تۆ بوو شیعری ئاسۆ هاتە ناو
بۆیە وێنەی شێعرەکانی، هەر لە شێعری نەو دەکا

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ فۆرم و ڕواڵەتی شێعر گرینگ نییە و ئەوەی دەبێ سەرنجی پێبدرێ ڕۆح و کاکڵی شێعرەکەیە، هەر بەوەش دەقێکی ئەدەبی نەمر دەبێت و شاعیر ڕۆحی هەرمانی بە بەردا دەکات. چونکە لەتوکوت کردنی دێڕەکان نیشاندەری نوێ بوون نییە و نوێخوازیش تەنیا تێک شکاندنی قاڵب و فۆڕمی شێعر نییە، بەڵکوو پەیام و وێنە و ناوەرۆکی نوییە.

ئەگەر جارجار لە نێو پۆلی دڕوو دیاربێ گوڵێکی سوور
پەڕی، شووخاڵی هەستاوە بە شووی زریانی پاییزی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

### بەشی دووهەم

کرمی ئەندێشەی پڕوپووچ کەوتە مەزرای پێکەنین
بۆیە کۆرپەی یەکیەتی ئێستا لە باوەش بۆتەوە

گەر لە بۆ باران تەمی کەللەی چیا دەبووە هەوێن
هەوری بارشتی نەشەی گەل لەم هەوێنەش بۆتەوە
*
شەقڵی ماچی من لە سەر کوڵمی هەتاوا دیارە هەر
دەی چلۆن بێزم دەهێنێ گەر پەنا بۆ شەو بەرم؟
*
تابەکەی کۆرپەی نەشەی هەڵبەست و شێعرم چاوەڕێ
چاوەڕێی چۆڕی ژەکی خەس بێ لە مەمکی نانەوە

دەی نوێخوازی و ناوەرۆکی نوێ و شێعری ئەمڕۆ ئەمانە نەبێ، دەبێ چی بێ؟! دیارە لە قالبی کێش و سەروا و عەرووزدا دەربڕینی ئەو پەیام و ناوەرۆکە شاز و نەسواوانە هونەرە و هونەرێکی زۆر مەزنیشە. بەناو نۆێخوازەکان دەڵێن شێعری عەرووز هی عەرەبەکانە، ئەی ئەم لەتوکوت کردنانە هی کوێیە و لە کوێوە بە خەڵات پێیان گەیشتووە؟ مەگین ئەوەش دیاریی دەستی ڕۆژاوا نییە؟...
ئاسۆ یەکێک لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە ئەدەبی کورد دەبێ شانازیی پێوە بکات. بێ گومان هەمووشمان دەزانین بەرەی شاعیرانی دەروەستی ئەم سێ دەیەی دوایی، زۆربەیان لە کانیاوەکەی ئاسۆ پاراو بوون و گەواڵە هەوری هەستی ئەو فێری بارینی کردوون. وەک دەڵێن: نووسەرانی ڕووسیا لە لیۆ تۆلستۆی و داستایۆڤسکییەوە بگرە هەتا چێخۆڤ و ماکسیم گورگی هەموویان لە ژێر شنێلەکەی گۆگۆل دا پێگەیشتوون و نووسەرانی ئێرانیش وەک مەحموود دەوڵەت ئابادی و بزورگی عەلەوی و ئەحمەد مەحموود و عەلی ئەشرەف دەرویشیان و غوڵامحوسێن ساعیدی و هتد ... لە تاریکخانەکەی سادق هیدایەت هاتوونەتە دەرێ. بۆیە دەتوانم بڵێم زۆربەی شاعیرانی دەروەستی ئەم سێ دەیەی ڕابردووش لە کانیاوی شێعرەکانی ئاسۆ پاراو بوون و فرچکیان گرتووە.
کەم پێم بڵێن
ئەم شێعرانەت دەورەی کۆنن
ڕابوردووە دەورەی شیعری مەی و ڕوباب
ئاخر گیانە
من شاعیری وڵاتێکم
کە لەوێدا
خوێن هەرزانترە لە شەراب

*

دیارە ئاسۆ باوەڕی بە شیعری نوێ هەیە و لەو بوارەشدا دەیان شیعری سەرکەوتووی هەیە،بەڵام ئاسۆ جگە لە شاعیر بوون و هەست ناسکی بەڕاستی هونەرمەندە و هونەری شیعری لە غەزەلە بەرزەکانیدا شەپۆل دەدا:

چەشنی ئاگر خۆڵی بن کۆنە هەوارت هەڵگڕاند
ئاو لە بیری هەستی ئاسۆ هات و تۆ وەک با دەڕۆی
*
هاواری هەناسەم بەقەدەر بەژنی ئەتۆ گرت
تۆ چوویە کن ئەستێرە و ئەو ما بە هەژاری
*
زۆر نیگا تۆوی ئەوینیان چاندە نێو مەزرای دڵم
چاو دەکەم هیچیان پەیامی وەک تەماشای تۆ نییە
هێندە پێ ویستی بە ڕێی عەشقا بچێ ئەژنۆی چەما
تازە پێی زانی ئەوێ پێویستی هاتوچۆ نییە
*
لە هەر کووچەی ڕەگی شارا دەچۆڕێ خوێنی خۆماڵی
دڵی شاریش بە دەست خەڵکە، لە شاری غافڵان چبکەم

سەرچاوە: پەیکی شادی، کۆمەڵێک لە شێعرەکانی محەممەد سەعید نەجاری «ئاسۆ»، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ۲۰۱۲

وەرگێرانی شێعری نیشتمان" ی ک.د.ئازاد لە لایەن سەعید سەلیمی بابامیری بە ئینگلیسی کە لە گۆڤاری ئیرلەندی نوێ(لە ئیرلەندی باکوورە) چاپ کراوە

## نیشتمان



بانە. ک.د.ئازاد

ژنێک ئەناسم وەک ڕووبار
ڕۆژان بە ناو
بەردەڵانی قسەکانی ڕەق و تەقی
جەماوەری ئەم شارە دا
دێت و دەچێ و
نیوە شەوان
خشت بە خشتی
وێرانەکانی ئەم شارە
هەڵدەچنێ و
لە خۆشەویستی ئەم خاکە
وازناهێنێ!
چالاکی ئەو بێ وچانە
ئەو ژنە
ناوی نیشتمانە!

## Motherland



بۆکان. سەعید سەلیمی بابامیری

I know a woman who everyday runs through
rocky words of the hard people in this city,
She's a river with a great celerity.
And everynight she repairs city ruins brick by brick,
She in loving this dear land is so quick.
She in our minds do stand,
And her nice name is motherland!

By: K.D.Azad, Kurdish poet.
Translated by: Saeed Salimi Babamiri, Kurdish translator and poet.



## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی "٢ی ڕەشەمە"

ئامادە کردنی:هەورامان. نەبەز ڕۆژگار

مێژووی ناو لێنانی ئەم ڕۆژە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٠،ئەو کاتەی کە چینی مامناوەندی گەشەسێن لە ڕۆژهەڵاتی بەنگالدا دەستیان کردبوو بە شۆڕشێک کە دواتر بە "بزووتنەوەی زمانی بەنگلایی Bangla Language Movement"ناسرا.

حوکوومەتی ئەو دەمەی پاکستان لە جاڕنامەیەکی ئاوەڵادا ڕایگەیاند کە تاقە زمانی فەرمی لە سەرتاسەری پاکستان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایەوە دەبێ تەنیا ئۆردوو بێت.ڕۆژهەڵاتی پاکستان، لەبەر ئەو بڕیارە ئاڵۆزی تێکەوت، دژ بەو بڕیارە ڕژانە سەر شەقامەکان .بزووتنەوەکە پەرەی سەند بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی پاکستان و هەموو هەرێمەکەی گرتەوە. ئەو کات بەنگلادش بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستان. پاش ئەوە حکوومەتی پاکستان کۆڵی دا و زمانی بەنگلاییەکانی بردە ڕیزی زمانی نەتەوەیی لە پاکستاندا.سەربەخۆیی بەنگلادیش و جیابوونەوەی لە پاکستان، لە ساڵی ١٩٧١دابەدی هات.

دواتر بە نگلادیش پێشنیازی بۆ نە تە وە یە کگرتووە کان بەرز کردەوەبۆ ئەوەی ئە و ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک.یوونێسکۆ "ڕێکخراوی پە روەردەیی، زانستی و نە تە وە یە کگرتووە کان " UNESCO"United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization""لە ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دا کە ٢١ی فێبریوەری کە بەرانبەرە بە ٢ی ڕەشە مە ، ببێتە "ڕۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایکInternational mother language day ".

زمان ناسنامە و کۆڵەکە ی ژیان و مانی نە تە وەیە . هە ر نە تە وەیە ک زمانە کە ی لێ بسەنرێتەوە، خۆشی لە نێو دەچێت و دەسڕدرێتەوە. مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە زمان، هزر و بیری خۆی دەردەبڕێت و لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیدا پێوەندی دەگرێت. نەتەوە جۆراوجۆرەکان لەبەر زمان لێک جیا دەکرێنەوە و هەر بە زمانیش پێکەوە پێوەندی دەگرن . زمان لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ڕووبەڕووی هەڕەشە و هێرشی زۆر چ لە بواری ئۆبژەکتیڤ و چ لە بواری سۆبژەکتیڤ بووەتەوە . بە پێی لێکۆڵینە جیاوازە نێودەوڵەتییەکان، زیاتر لە ٧٠٠٠ زمان لە دنیادا هەیە.مەزندە دەکرێت کە تا کۆتایی ئەم سەدەیە نزیکەی ٩٠%ی ئەو ٧٠٠٠ زمانە لەنێو بچن.

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک هەموو ساڵێ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی یوونێسکۆ، بۆ پاڵپشتی زمانی و چاندی و هە مە چە شنی زمانی، لە نووسینگەی سەرەکی یوونێسکۆ لە پاریس یادی دەکرێتەوە . هەروەها یادی ئەم ڕۆژە لە لایەن نەتەوەکانیشەوە بەرز ڕادەگیردرێت. زۆر لە ساڵەکان ناودێر کراون، بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٨ ناو نرابوو بە: "ساڵی نێونەتەوەیی زمان"، ساڵی ٢٠١٠ بە "ساڵی نێونەتەوەیی بۆ نێزیکبوونەوەی چاندەکان" ناودێر کرابوو.

ئەنەستیتۆی لینگواپاکس، کە ڕێکخراوێکە لە دەرەوەی دەسەڵات و دەوڵەت و بنکەکەیان لە "بارسێلۆنا "ی "سپانیا "دایە ، هە موو ساڵێک خە ڵاتێک بە ناوی "The Linguapax Prize" واتە "خە ڵاتی لینگواپاکس" لە ٢١ی فێبریوە ری دەبە خشێت بە زمانە وانان، لێکۆڵە رەوان، پرۆفیسۆران و ئە ندامانی کۆمە ڵگای سڤیل بۆ پشتراستکردنەوەی کاری بێ وێنە یان لە بواری "هە مە چە شنی زمانی و/ یا پە روەردەی فرە زمانی. "linguistic diversity and/or multilingual education" ئەم خەڵاتی لینگواپاکسە، لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە دابەش هەر ساڵ دابەش دەکرێت.

هەموو یاسا نێونەتەوەیی و جیهانییەکان پاڵپشتی لە مافی زمانی نەتەوەکان دەکەن.بۆ نموونە لە "جاڕنامەی جیهانی مافی زمان"دا باس کراوە:

مادەی ٢٦: هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێت پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئەندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لێی ڕابێن، لەوانە توانایی جۆراوجۆر لە هەموو بوارە ئاساییەکان دا، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گۆنجاو بۆ فێربوونی هەر زمانێکی دیکەی کە ئەوان پێیان خۆش بێ فێری بن.

مادەی ٢٨: هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان بۆیان هەیە پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بۆ ئەندامەکانیان بڕەخسێنێ زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە میراتی چاندی خۆیان"مێژوو، جوگرافیا، وێژەوانی و هێماکانی دیکە"بە دەست بهێنن، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ ئاگادار بوون لە سەر هەر چاندێکی دیکە کە پێیان خۆش بێ.

مادەی ٢٩:

١ـ هەموو کەس مافی هەیە بەو زمانە پەروەردە ببێنێ کە تایبەتە بەو خاکەی تێیدا دەژی.

٢ ـ ئەم مافە مافی فێربوونی زمانێکی دیکە چ بە قسە کردن و چ بە نووسین بەرپەرچ ناداتەوە کە دەکرێ وەک ئامرازی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە بەکار بهێندرێ.

مادەی ٣٠: زمان و چاندی هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ئاستی زانکۆ دا.
مادەی ٣١: هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە سیستمی ناوکە تایبەتی خۆیانە، بپارێزن و لە گشت بوارەکان و لە هەموو بۆنەیەک دا بە کاریان بهێنن.
مادەی٣٢:
١.هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناوی شوێنەکان بەو زمانە بەکاربهێنن کە تایبەتی خاکەکەیانە، هەم لەقسەکردن و نووسین، و هەمیش لە بواری تاکەکەسی، گشتی و فەرمی دا.
٢ ـ هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناو لە شوێنەکان بنێن، ناویان بپارێزن و یا ناوە ڕەسەنەکانیان بگۆڕن.ئەو جۆرە ناوانەلەو شوێنانە ناکرێ بە زۆرەملی بگۆڕدرێن، تێک بدرێن یان لادرێن و لە بەر گۆڕانی بارودۆخی ڕامیاری، یا هەر جۆرە گۆڕانێکی دیکە، نابێ ناویان بگۆڕدرێ.
مادەی ٤١: هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ بتوانن ئەو مافە بە تەواوی بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی شوێنی کۆمەڵگەکە بکەوێتە بەر داگیرکاری باڵادەستانەی چاندی بیانییەوە.
بە کورتی، گەر زمانت نەبوو، واتە خۆشت نیت، یا بەڕواڵەت هەیت، بەڵام بە مێشک و زمانی کەسێکی دیکەوە ـ بۆیە لەناوبردن یا لەناوچوونی زمانێک، بە واتای لەناوچوونی نەتەوەیەکە.

سەرچاوە:
١– ناميلکەی تايبەت بە بۆنەی ڕۆژی جيهانی زمانی زگماکی "ڕەحمان نەقشی – ڕەشەمەی ٢٧١٢"
٢- ڕێکخراوی جیهانی کورد "بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی – مەسعوود بابایی، سەمیرا زەمانی، د.هاشم ئەحمەدزادە، نەعیم نەجەفی، ڕەسووڵ سوڵتانی و ڕێوار ڕەحیمی"
٣– پەرەسەندنی زمانی زگماکی و پرسی لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردی – زانکۆ یاری – ئاماژە
٤– ساڵڕۆژی جیهانی زمانی دایک "دەنگی کوردی ئەمریکا"
٥– ڕۆژی نەتەوەیی زمانی دایک – ٢٠١٦"دیاکۆ هاشمی – یاگەی زمانی کوردی"

## حەپسە خانی نەقیب



حە پسە خانی نەقیب، کچی مەعروف بەرزنجی بووە، لە ساڵی ١٨٩١ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەهۆی ئەوەی برای نەبووە، دوای کۆچی دوایی باوکی خۆی دەبێتە جێنشێن و کاروباری دیوەخان بەڕێوەدەبات، بەهۆی لێهاتوویيەکەشيەوە، نەک ڕێگری لێنەکراوە، بەڵکو پشتگیری لێکراوە، بەڵام لە لایەن پیاوانی میرییەوە دژایەتیی کراوە، ئەو دژایەتییەش نەیتوانیوە کارگەریی لەسەر حەپسەخان دروست بکات.
لە ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ شێخ قادری ئامۆزای هاوسەرگیریی کردووە و منداڵێکیان بووە ناویان ناوە شامیل، بەڵام هەر لەتەمەنێکی بچوکدا کۆچی دوایی دەکات، ئیدی هیچ منداڵێکی دیکەیان نابێت.
حەپسە خان، ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە لە کایەی سیاسیی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا، پارێزەرێکی سەرسەختیی مافەکانی ژنان بووە، لەوسەردەمەدا، کە خوێندن بۆ کچان عەیبەبووە، ئەمە بەلای حەپسەخانەوە قبوڵنەکراو بوو، بۆیە هانی ژنانی داوە بۆ خوێندن و ساڵی ١٩٢٦ خوێندنگای زانستیی کچانی لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی کردووەتەوە و ماڵ بە ماڵ گەڕاوە تا خەڵک ڕازیی بکات، کچەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، خۆیشی لەگەڵ ئەواندا دەبێتە خوێندکار و خۆیان فێری خوێندەوەرایی دەکەن.
لە ١٩٣٠/٦/٢٨ یەکەمین کۆمەڵەی ژنان بەناوی "کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد" بە دەستپێشخەریی حەپسەخانی نەقیب دامەزراوە، حەپسەخانی عیرفانە فەنی، سکرتێری بووە و بارەگای تایبەتیشیان هەبووە، دروستکردنی کۆمەڵەیەک لەلایەن ژنێکەوە بۆ داکۆکیکردن لە ماف و داواکانی ژنان لەو کاتەدا، نموونەیەکی کەم وێنەیە، نەک لە باشوری کوردستان، تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا.
حەپسەخانی نەقیب، لە تەمەنی ٦٢ساڵیدا، لە ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٥٣، بە نەخۆشی شێرەپەنجە کۆچی دوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا

❖ سپاس بۆ بەڕێز ئیبراهیم کاکەڕەش لە پیرانشار کە ئەم بابەتەی بۆ ناردووین

# تۆژینەوەیک لە سەر وشە هاوپیتەکان "جناس" لە ناو وتاری "سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات "



مەهاباد. کەماڵ مەولوودپووری، کارناسی باڵای فێرکاری زمانی ئینگلیزی

**پێشەکی**

بە ناوی بەرزە ناو، کردگاری ئاگادار. وتاری «سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات " ساڵی ۱۳۹۶ لە گۆڤاری مهاباد ژمارە ۲۰۴ بڵاو بۆتەوە. ئێمە تۆژینەوەیک لە سەر وشە هاوپیتەکانی "جناس" ئەو وتارە بەڕێوە دەبەین. پێش هەموو شتێک بە پێناسەیک لە سەر وشەی هاوپیت دەسپێدەکەین.

وشەگەلی هاوپیت "جناس": چەن وشەن کە پیتەکانیان وەکوو یێک دەچێ بەڵام مانای جێوازیان هەیە. بۆ وێنە وشەی «شین" بە مانای «ڕەنگی ئاسمانێ" و هەروەها بە مانای «گریان"یش هاتۆ. هاوپیت یێکێک لە جوانکارێکانی وێژەیە "آرایه های ادبی" و لە ژێر دەستەواژەکانی زانستی رازاندنەوەی قسەدا "اصطلاحات علم بدیع" دەستەبەندی کراوە. لە سوودەکانی هاوپیت ئەوەیە کە ڕۆحی بیسەر بۆ گوێدانی قسە ڕادەکێشێ و دیتنی وێکچوونی وشەکان خۆشێک لە ناخی مرۆڤ دا جێگیر دەکا.

جۆرەکانی هاوپیت لە ناو دەق دا زۆرن. لە ڕاستیدا هاوپیتەکان لە ڕووی تاقم، ژمارە، بزوێن و ڕێزبەندی پیتەکان و نەخشی ڕێزمانی وشەکان بە چەند دەستە دابەش دەکرێن کە گرینگەکانیان ئەوانەن:

۱. هاوپیتی تەواو "جناس تام" : دوو وشەی وەکوو یەک بەڵام جیاواز لە مانادا بۆ وێنە «کەر" بە مانای «جۆرێک ئاژەڵ" یان «مرۆڤی بێ عاقڵ". «شین" بە مانای «ڕەنگی ئاسمانێ" یان «گریان".

۲. هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار "جناس ناقص حرکتی": دوو وشەی وەکوو یەک بەڵام جیاواز لە بزوێندا بۆ وێنە «گڵ و گوڵ"."شەڕ و شۆڕ ".

۳. هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار "جناس ناقص اختلافی" : دوو وشەی جیاواز لە پیتەکانیان دا بۆ وێنە «پاچ، ماچ". «تاو، چاو". «دوور، سوور".

۴. هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو "جناس ناقص افزایشی" : دوو وشەی وەکوو یێک کە چەن پیت لە یێکێکیان زیادکراوە بۆ وێنە «شا، شاخ". «کۆش، کۆشک". «ژان، ژیان".

۵. هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە "جناس ناقص مقلوب": دوو وشە کە ڕێزبەندی پیتەکانیان گۆڕدرابێ بۆ وێنە «خۆش، شۆخ". «شەو، وشە".

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە زمانی ئینگلیزیدا لە بەرامبەری ئەو چەن جۆرە هاوپیتانە، چەن دەستەواژە هەیە کە هەرکام باسی یێکێک لەو هاوپیتانە دەکا:

homonymy چەن وشەن کە چەن مانای جێوازیان هەیە وەکوو match بە مانای کێبەرکێ، هاوسەرگیری، ڕێک کەوتن، شەمچە و چەن مانای دیکەیە. ئەو دەستەواژەیە هاوسەنگی هاوپیتی تەواوە " ژمارە۱".

minimal pair دوو وشەن کە بە گۆڕینی پیتێک یان بزوێنێک ساز دەبن وەکوو big , wig "گۆڕانی پیت" و big , bag "گۆڕانی بزوێن".

minimal set چەن وشەن کە بە گۆڕینی پیتێک یان بزوێنێک ساز دەبن وەکوو cat, bat, fat, hat, mat, pat, rat, sat, tat, vat, wat.

ئەو دەستەواژانە بەرامبەرن دەگەڵ هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار " ژمارە۲" و هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار " ژمارە۳".

Anagram چەن وشەن کە بە گۆڕینی جێگای پیتێکان ساز دەکرێن وەکوو ear, are و tea, eat " ژمارە۵".

Palindrome یێک وشەیە کە هەر دوو لایانی ڕاست و چەپرا دەخوێندرێتەوە وەکوو eye , mom. "ژمارە۵".

**چۆنیێتی تۆژینەوەی وتاری "سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات "**

ئەو لێکۆڵینەوە بە ڕەوشتی چۆنایەتی qualitative و زمان ناسی جەستەیی corpus linguistics جێ بەجێ کردراوە . دەقی وتاری "سەفەرێک بۆ باخچەی ئاوات " بۆ ساڵیادی مامۆستا عەلی کەردار نووسراوە. ئەو دەقە بەهێز و پێزە، زۆر بە جوانی پەیوەندی نێوان هەست، وێژە، نووسەرەکان، جێگاکان، وتار و کتێبەکان نیشان دەدا و لە ماڵی مامۆستا هەموویان تێک دەهاڵێنێ و یادێک لە گشتیان دەکا و لە ئەنجامدا لە سەر گۆڕی مامۆستا بەتێکڕایی دەیان نێژێ. لە ڕاستیدا ئەو وتارە دەقێکی زۆر ئەدەبی و پڕبایەخە کە نووسەر بۆ خوڵقاندنی وی لە زۆرێک لە جوانکارێکانی ئەدەبی کەڵکی وەر گرتووە. یەکێک لەوان بریتێ لە بەکار هێنانی وشە هاوپیتەکان "جناس"، بە جوورێک کە چوار جۆری هاوپیت لە کار کردۆ و هەر بۆیە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی ماندوو نابێ و هەر جار کە پێیدا دێتەوە خۆشێکی لە ناخی خۆیدا هەست پێدەکا. بۆ وێنە کاتێک تووشی وشەیێک وەکوو «نێو" دەبێ، لە چەند خەتی دواییدا وشەکانی «لێو، سێو، کێو، دێو" دەبینێ. ئەو بارودۆخە بۆ زۆربەی وشەکانی دیکەش دووپات دەبێتەوە.

ئێمە بۆ تاوتۆێ کردنی ئەو وتارە لەسەر بابەتی وشە هاوپیتەکان، پاراگرافی هەوەڵی خودی دەقەکە دێنینە بەر چاو و بنی چەن وشە خەت دەکێشین تاوەکوو بە دروستی دیاری بکەن. ئەمجار باس لەسەر وشەکان دەسپێدەکەین و هەر کامیان لە دەستەی خۆێ دا دەنووسین.

<u>شەودرەنگانە</u>، <u>مەلی</u> تاسەم لە <u>سەر</u> پۆپەی هەناسەیەکی <u>گردەبڕی</u> تەنیاییدا نیشتووەتەوە، هەر <u>جارەی</u> <u>تۆی</u> خەیاڵێک دەکاتەوە. <u>سەرم</u> دەخەمە <u>سەر</u> <u>سەرینێکی</u> <u>بەرد</u> و لە <u>نێو</u> <u>هۆدەی</u> <u>ئازاردا</u>، بە دەم پووکانەوەی هیوا ڕادەکێشم. لەو <u>شەوە</u> بڵقە تاقەدا، <u>گریانێکی</u> <u>شەوانە</u> ئاوزد دەکا و بە <u>باڵای</u> ڕۆحما هەڵدەکشێ و <u>خەون</u> و خەیاڵ دەتاسێنێ. لە داوێنی وەنەوشەیی ئەم <u>خەمەدا</u>، لە <u>ناو</u> <u>تەنگی</u> ئەم <u>وەرزەدا</u>، <u>چڵ</u> و لقی گەڵای <u>هەستم</u> خۆیان بە <u>زەرد</u> دادەپۆشن، ئێرە گەرەکی پاییزە و <u>من</u> لە گەرووی پاییز و لە <u>کۆڵانێ</u> کوێرەوەری ڕسکاوم .<u>کۆڵانێکە</u> <u>بۆ</u> پیاسەکانی <u>شمشاڵ</u> و <u>بۆ</u> <u>جێژوانێ</u> <u>زامی</u> قەسیدە. <u>باوکم</u> برینە و دایکم خەزان، تەنیاییش مەڵاشومی هەڵداوەتەوە، لەگەڵ <u>باران</u> دەبمە هاورێ، لە <u>سامالێ</u>

ماڵەوە گۆی هەڵدەخەم بۆ سکاڵای گەڵای گڵ لێدراو، پۆلەچۆلەکەیەکی برسی و ڕەوە ئەسپێکی ماندوو؛ گوڵی چاو بە فرمێسک و قیژەی ئاو و زریکەی زەریا.

١. هاوپیتی تەواو: سەر "سەلک، بان".
٢. هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار: مەل، پەل. گردە، وردە. جار، دار، زار. تۆ، بۆ، پۆ. بەرد، زەرد، دەرد. نێو، ناو. گریان، زریان. خەو، خەم. تەنگ، هەنگ، دەنگ، ڕەنگ، پەنگ، شەنگ، ژەنگ. وەرز، بەرز. چڵ، سڵ، گڵ. هەست، دەست، مەست، خەست، بەست. من، ون، بن. ژوان، ژیان. زام، سام. باوک، باسک. ئەسپ، چەسپ. چاو، تاو، داو، ئاو، لاو، ناو.
٣. هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو: ئازا، ئازار. باڵ، باڵا. خەو، خەون. چڵ، چۆڵ. کۆڵ، کۆڵان. شاڵ، شمشاڵ. ژان، ژوان. باران، بۆران. ماڵ، ساماڵ، شەماڵ. گڵ، گوڵ. ڕەوە، ڕەوەز.
٤. هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە: شەو، وشە.

ئێستا دەقی تەواوی وتارەکە دەهێنین و بنی وشە هاوپیتەکان خەت دەکێشین تا پێوەندی زۆرتری نێو وشەکان بۆمان دەرکەوێ.

## "سەفەرێک بۆ  باخچەی ئاوات "

شەوودرەنگانە، مەلی تاسەم لە سەر پۆپەی هەناسەیەکی گردەبڕی تەنیاییدا نیشتووەتەوە، هەر جارەی تۆی خەیاڵێک دەکاتەوە. سەرم دەخەمە سەر سەرینێکی بەرد و لە نێو هۆدەی ئازاردا، بە دەم پووکانەوەی هیوا ڕادەکێشم. لەو شەوە بلّقە تاقەدا، گریانێکی شەوانە ئاودز دەکا و بە باڵای ڕۆحما هەڵدەکشێ و خەون و خەیاڵ دەتاسێنێ. لە داوێنی وەنەوشەیی ئەم خەمەدا، لە ناو تەنگی ئەم وەرزەدا، چڵ و لقی گەڵای هەستم خۆیان بە زەرد دادەپۆشن، ئێرە گەڕەکی پاییزە و من لە گەرووی پاییز و لە کۆڵانی کوێرەوەری ڕسکاوم .کۆڵانێکە بۆ پیاسەکانی شمشاڵ و بۆ جێژوانی زامی قەسیدە. باوکم برینە و دایکم خەزان، تەنیاییش مەلاشومی هەڵداوەتەوە، لەگەڵ باران دەبمە هاوڕێ، لە ساماڵی ماڵەوە گۆی هەڵدەخەم بۆ سکاڵای گەڵای گڵ لێدراو، پۆلەچۆلەکەیەکی برسی و ڕەوە ئەسپێکی ماندوو؛ گوڵی چاو بە فرمێسک و قیژەی ئاو و زریکەی زەریا.

تەنیایی هەڵمدەگرێ دوور دوور بۆ بناری غەم و پاییزی ژیان و دار و درەختی بێ قژ .چاو دەبڕمە ڕێگا و دەبمە ڕێبواری سەر ڕێ و بانی چاوەڕوانی، لە گارەگاری هەوری ئاسمانی چاومدا تەنیا قومەئاوێک بەدی دەکرا بۆ دواقوڵپی گریانی شێعرێک .هانا دەبەمە بەر سەرای «سەردار" و لە خۆڵەمرەی بەر قەڵا، دەنگی هاواری شەو، دەنگی پێی بەرد، چرپەی چرپە دادەگەڕێ بەرەو گڕی کڵپەکردووی دەشتێکی قووڵ لەبەر هەیوانی قەڵا، قەڵافەتێکی نێوسینگ پان، ورشەورشەی خەوی بەفر دەخوێنێتەوە .لە ئاوێنەی بەر هەتاوی «حەوزەگەورەدا"، شمشاڵێک دەمی نابوو بە دەمی «قالەمەڕەوە" هەر ڕۆحی ئاواز بوو دەفڕی و گۆرانی لە دایک دەبوو، نیشتمانیش بێ گوێچکە بوو پاڵی دابوو بە ناڵشکێنەوە و ناڵشکێنەش وەک ئەسپی سەرکێش و یاغی؛ هێندەی سمکۆڵان کردبوو ئازای جەستەی ئارەقە بوو .

شەوەزەنگە و سەفەرییم .ڕێگەم چۆڵگەیەکی چۆڵاوچۆڵ. لە قاپی حەزرەتی «حەقیقی" دەدەم و دەست و ئاوقای پوزی مەیگێڕ، لەو کاتەدا لە تیشکی ڕوویەوە چاوی دڵم بە تاو دەنگیوتێ و دەبمە نێچیری داوی بازی دڵ و لە دەلاقەی «کۆلکەزێڕینەوە" دەڕوانمە سەفەری باران، ئەو دەمەی سروەی بەیانی پۆری گوڵ دەشواتەوە «شەونم"ێکی ئەزەلی دەتکێتە سەر پەلکی گوڵ و بۆن و بەرامەی دەداتە بای بەیانی تا مەراقی شەوی فیراق ببا بۆ یاری. ئەویش بە خەندە و نەشەوە، دەس بە پیاڵەی مەیەوە نەقڵی نوقڵی بە گۆیدا دەچەپێنێ .لەگەڵ حەقیقی بۆ دامرکانی مەراقی شەوی فیراق و هاواری دڵ، هاوار دەبەینە بەر بارەگای «هاوارەبەرە"ی «فەتاح ئەمیری" و لەگەڵ شمشاڵەکەی «یارە" دەبینە یاری «میرزا" و بە سواری ئەسپەبۆرە، شەوی سام و ساردی پاییز هەڵدەواسین بە سینگی سپێدەوە، «یای ناز"یش لە کەژاوەی هەوری پاییزدا، ئاوسی بارانی پەڵەیە و کیلگەی دڵی «زیندەخەو"یش ڕەپستەیە و بە «خەون و خەیاڵ" دەڕوانێتە ئاوری نەورۆز، هەوراز هەر دەڕوا ڕژد دەبێ، لە چڕ و هەڵەمووتان هەڵدەچم، لە ئاسۆگان نەدیو دەبم و دەڕۆم بۆ «ئاسۆ"ی مەبەستم و لە «تەوژمی خەیاڵ" ئەسپی سەر شێتی شێعرم هەڵمدەگرێ و بەرەو لێڕی چوغوور و چۆڵ ڕامدەکێشێ .لە داوێنی چیای «شای مەردان" لە دیوانی شانشینی ئاسۆ لادەدەم .کوڕە جحێڵە، قژقەترانێکەی سەربانی شێعری «ساروقامیش"، ئێستا چەمی کوێستانی سەری هاژەی بەفراوی دێ، دەنگی پێی ئەسپی تەمەنی لە کەژی بەرداوی زەمەوەنەوە دێ .بزەی لێوی «گەزیزە"، هەستی خنکاوی نابزێوی، زنەی بەر بەفری قەد کوێستانی ئاواتی خوڕەی نایە، دەبمە ڕێبواری نێو چیرۆکی «خەمی ژین" و پێکەوە سەر لەسەر باڵی مەلی عیشق بە دڵتەنگی لە وڵاتێ کە جەفا حاکم و سالار دەڕۆین تاکوو ئەو شوێنە ئەوین سەروەر و سەردارە دەڕۆین.

ڕێگا تۆزاوی و گێژەڵووکە گارەگاریەتی .من سوارێکم چنگ لە یاڵان دەدەم و بەرەو هەڵدێر و ڕەوەز و زەردمای «هەزار ئەشکەوت"، لە «کانی توو" لە مێرگە گەورەی کوێخاکەریم لە بێستانی «عومەر مەولوودی" دەگیرسێمەوە .لە بن پاناوکی هەزارئەشکەوت ماندوو و شەکەت کۆزیلکە دەبەستین، عومەر مەولوودی دەبێتە هەنگ و بە نێو شەبەنگەکانی هەتاو و سێبەر و سینگی تەلان، لە هەڵاڵە و بۆنی خۆش دەگەڕێ و دوایەش دەیانکاتە نێو کووزووی شینی چیرۆکەوە .لە هەزارئەشکەوت، دڵم دەلاقەی ژوورێک ئەکاتەوە، لە بێدەنگیی نیوەشەودا، بە زایەڵەی «دەنگی خەبات" کۆترەشینکەی بەستە و لاوک دەدا لە شەقەی باڵ و لە گوێسوانەی ماڵی حەیران هەڵدەکووشمێ و لە سەر داری بەر هەیوانی «حەسەن زیرەک" هێلانە دەکا .بە زایەڵەی هۆ «خاڵی ڕێبوار"ی زیرەک دەچمە نێو خەونەکانی «حەسەن قزڵجی" .خۆم لە خەو دەتەکێنم و لە ئاوێنەی ڕوون و بێگەردی «حەوزەگەورە"دا، تێر دەڕوانمە بەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاو و برۆ و کەز و ئەگریجە و شان و شەدە و دەسماڵ و قەد و پشتوێنی کیژەبۆکانی .لەواندا بۆن و بەرامەی «هەڵاڵە"ی نوالان هەڵدەمژم .دەبمە دێوەرە و چەرچی؛ شیرینی و نوقڵی چیرۆکانی هەڵوای تەنتەنانی «پێکەنینی گەدا" تەبەک تەبەک دەبەمە گوند و شاری تا لە نیشتمانی بێبزەدا ،بزە بێنم بە دیاری و بۆ ئاسمانی هەژاران کولوور کولوور زێڕ و زەنبەر لە چاوی پێنووسیدا بۆ داباریێنم .ماندوو، ماندوو تەنگەتاوم، تاو لە نێوەڕاستی ئاسمانی دڵم چەقیوە و لە کولاوکەی ئاسمانی هەناومەوە، چاو لە باڵای تاسەم دەکا .ماندوو و شەکەت پێ بە پێی ڕووبار، دۆڵاودۆڵ، هەنگاوەکان شەهید دەکەم .لە

«حەیدەرمەست“ لە ماڵی دڵی «قادر عەلیخا “ لادەدەم و لە ساباتی ڕازاوە بە گوڵ وشەی «ئەو ڕووبارە بۆ وا دوورە“ قومەئاوێک دەخۆمەوە. دەبمە حەیدەرمەست،مەست و سەرخۆش ئۆخژنێک بە دڵما دادێ،لە وێنەی ئەو ڕووبارەدا لە هەگبەی چیرۆکی «پوورەکەوێ“،چەند سەربوردەیەک سوێراوک دەکەین و بە دەرزی دڵ ئەو ڕۆژە بە داوێنی ئێوارەدا دەدوورین،لە تەنگی نوێژی شێواندا ئاخمان لقو پۆ دەکا و خەمینەبزەیەک دەملێ و لە نیشتمانی بێگوڵدا چەپکچەپک قاقای «ئارەزوو“ لە گوڵ دەپشکوێ .لە ئاسمانی ئەو ڕووبارەدا،گارەگاری هەورێکی چڵکن و شریخەشریخی قامچی ئاوری سۆز،سینگی هەوری هەست دابێژدابێژ و هەرێمی ئاسمانی خۆزگەی خۆزگەخوازان دەکاتە ڕێبازی تروسکەی هەورەبروسکەی ژان و دەستاوی تلاوی ئاوی غەم تلاسکە دەبەستنە ماشیوی زام،ئاوی سەدان ماشیوی دەرد دەرژێنە نێو شیوی شین و ئاوی قووناوی شیوی شین خۆ دەخەنە باوەشی قەڵبەزەی برینێکی تارا بەسەر،تارایەک لە خوێن دامدەپۆشێ،تەرمەکەی حەلاج بە بەرچاومەوە جۆلانە دەکا .نیوەشەوە،وڵات بێدەنگ،لە بن ڕێژنەی هەودای تەزوو و بروسکەدا زایەڵەیەکی کەمەرباریک لە «جەغەتووی فرمێسک“» بۆران“ ژوان دەکا .لەو شەوە تارەدا،لەو گێژاوە بەسامەدا،ڕەخشی خەیاڵم تاو دەدەم لە «تەتەهوو“،لەسەر کانی ئەوین دەست نوێژ دەگرم .دەبمە دەروێشی ڕێگای عیشق .پرچی غەمەکانم درێژ و پرچن و پرچنینن،لۆلۆ لەسەر لۆ لادەکەن و بە لۆ لەپی،مەشکی لەپێیان پێ دەژەنن،گەلۆ،گەلی دەماجرایە،ئاگری گڕێ بەربۆتە دەروونی دەروونخانی،نە بە بای دەکووژێتەوە نە بە بای بارانێ،نە بە پاچ و پێمەرە و گڵ وەسەردانێ،خۆ نە بە غەمی نیوەشەوانێ،نە بە فرمێسکی دەگریانێ .ڕێبوارم بۆ گراوی دڵی گڕاگڕ هەگبەی غەم و پرێسکەی ژان لە کوڵ دا،چۆغەی ئێش لەبەردا،سۆرانی سۆزێک لە دەستا و کاکۆڵی خوێن هەڵدەدەمەوە و گوڵی هیوا لە بەردەڵانی بەرداوی چاوەڕوانی بەردبژێر دەکەم .کۆشێک قاشوولە شکاو بۆ کۆشکی ڕووخاوی ئارەزووکانم بە لەلەی لاکراوی داری حەزەکانم شۆڕ دەکەمەوە و بۆ سەر تەرمی تەرەکراوی تاسەکانمی دەبەم .بە تەزبێحی زیکرەوە بیراوبیر دەڕۆم،غەمەکانم دەنک دەنک دەخەم .دەچمە «شاری دڵ“ و «زەنبیل“ ڕووگەمە. هاوار دەبەمە بەر «شای نوورانی“،نامەی نیازم دەکەمەوە،زامێکی کوڵمەسوور لە لاپەڕەی مێژووی زامەکانم پەڕ لێدەدەم .لە بن کەپرە ڕیحانەی ماڵی شێعری «ئاوات“،بووکی گوڵوشە،تارا لە سەر ڕووی لادەدا و بولبول دەجریوێنێ و «سماییلئاغا “ش دەبێتە «خاسەکەو“ەکەی ئاوات و دەقاسپێنێ،لە باغی زەنبیل نیگام تێکەڵ بە نیگای پەپوولەی هەستی شۆخ و نەخشینی «حەسەن دەرزی“ دەکەوێ کە وێڵی بزەی نیگای گوڵی «کاڵێ“یە و دەبێتە کوڕەحەیران و گازی یاری دەکا بۆ جێژوان،ئەوە ئەوڕۆکە چاوەکەم چەندم گاز کردی لە جێژوان :ئەوە تۆ دەستت بڵیند نابێ لەبەر بازن و بەربازنان،ئەوە چاوت هەڵنایە لەبەر بسک و شابسکان .لە داخی یار و چەوتی زەمان بە ناهۆمێدی سەر دەنێتەوە .لە داوێنی «چیای وەستا مستەفا“ ،«یۆسف مستەفا“ بە چریکەی باغی سێوان باغی سێوان هاتە گوڵموژدەی هاتنەوەی سێوێ دەدا بە یاری دڵ بەکوڵ،بە دەنگی «زایەڵەی شاخ و قیژەی گوڵەباغ“ تەزبێحی زیکرم دەپسێ .لە دوورەوە «تاپۆی وەرزێکی سەوز“ دەبینم .بە گردی گوڵان،ئاوەژووی «گەردیگلان“ دەبمەوە.

ڕێگام «ئەمین“ە و «گەردیگلانی“ش هاوسەفەرمە. لەمێژە هاوینی عەشقی لەشی سووتاندووم و تاسۆقی بەفراوی شێعریم و کلووکلوو بەفری شێعری تارام بۆ دێنێ و لەوێڕا ڕێبواری تینووی لێوانم ڕچەی کوێستانی گۆنای شێعری دەشکێنێ .بە پەیژەی سەوزی دڵداری دەچمە نێو باغی شێعری تەڕی و عەتری حەز لە سینگی پڕ لە بریایدا دەپژێنم .لە «نارنجی فڕین“دا هەستم گڕ دەگرێ و دەبێتە بڵێسەیەکی نارنجی و پەڕەسووتاوی کۆڵکەزێڕینەی خەیاڵم دەبێتە بەورینگ و بەدەم تینی داخ شەکان شەکان لە ئاسۆگی دەلاقەی دڵ سەر دەکەوێ و لە چاوان ون دەبێ. هەر لەوێڕا سووتووی ڕۆحم دەفڕێ بۆ «کانی چاوڕەشان“،لە پەنجەرەی «تاپۆ و بوومەلێڵ“ی «سوارە“وە چاو دەبڕمە دیمەنی «کچی بەیان“ی و گوێ بۆ زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانی دەگرم .بە جامی ئاوی کانیاوی دێ کوڵی دڵی پڕم لە دەردی ئینتزارەکەی عیلاج دەکەم،لەگەڵ" شەنگەسوار "چاوێک دەخەینە بیری تلووعێ.

ئەسپی مراد ڕکێف نادا و قوشقی و سڵ،لە باسک و زینووی «قەرەقا“ سەر دەکەوین بە بۆنی عەتر و گۆڵاوی «گلۆڵان“ دەبینە میوانی باغی «عەتری“ و لە سەر «بستووی ژیان“ وچانێک دەگرین و لە کۆلکەزێڕینەی خەیاڵی لە«شەوێک و خەوێک“دا دەڕوانمە پڕشنگی ورەی ژیلەمۆی ئاواتەکانی .لەگەڵ «سەعدوونە شێت“ دەبمە هاوڕێ و لە کەلێنی قامکەکانییەوە دەڕوانمە تریفەی کانیلکەی خەیاڵیەوە و لەگەڵ پەپوولەی هەستی دەتریقێمەوە و لە پێناو ڕێگای مرادی سەر دەنێمەوە .لەسەر قسنی فەنای ئاواتەکانی پەڕۆی ئاڵای هومێد ڕادەوەشێنمەوە . لەگەڵ ڕۆحی «نووری“،ڕۆحم بە تاڵی بروسکەی چریکەی هەڵۆی تەرت و تەلان دەبەستم،لە «بەردەهەڵۆ“ لەگەڵ «ڕاوچی“؛ ڕایەخمان گیای لاپاڵ و تویشوومان کترییەک چای بە دووکەڵی چڕ دەمکراو.

من بەر لەوەی لێو بە لێوی شێعرەوەی نێم،شاخ پڕ دەبێ لە پەپوولەی گزینگ .بزەی ئاسۆ،بزەی تێدەزێ،باڵا و بزەی،خۆڕ و چیا دەتاسێنێ .«بزە“ی دەبێتە شمشیری خۆڕ و لە کالانی ئاسۆی «شۆڕش“ دێتە دەرێ و سەری هەوری غەم دەپژێنێ و پەڵپەڵەی جەستەی نیشتمان دەهەژێنێ.

لە گۆڕەپانی خەیاڵیدا ،هەر کۆترەشینەی شێعرە لەبەر شەبەقی چاوی وشەی «شەوارە“ دەبن و تاوێ لە لق و پۆپی لێرەواری شیوی تاسە ئۆقرە ناگرن و غەوارە دەبن. لە نیشتمانی چرگەن و چۆڵ و تەرت و هەڵدێر و هەڵەمووت و لێژی هەزاران ڕەنگ و دەنگ لە دایک دەبن. لە «حەشری ڕەنگەکان“ی «عەزیز مەحموودپوور“دا خۆیان دەبیننەوە .لەو دەمەیڕا ،چیرۆکێک بە ڕووی شاخا هەڵشاخا و بێچووشێرێک لە پشتی بەردەهەڵۆ لە گەرووی چیرۆکی «دۆنا دۆن“ی «حوسێن شێربەگی“ دەگوورێ و لە وڵاتی بێ وڵاتیدا لە دایک دەبێ و لە دووکەڵدا چاوی دەپشکوێ و بە قرمەی تفەنگ گوێچکەکانی دەکرێنەوە و بە دەم «زریکە“وە پێ دەگرێ .ژیان بۆی دەبێتە بایەکی تۆزاوی و لە پەنگ خواردنەوەی تەنیاییدا «شار بە دەر“ دەبێ .وەک باڵندەی لانەواز لە شاخی «قەڵاتە“ .لە بناری «زاواکێو“ میوانی هۆبەی مەلا «مستەفای زاواکێو“ دەبم .لە ئاوی کانیاو و بەفراوی «هەگبەی بنار“ لە بن شکۆفەکانی داری هەستی «ئەحمەدی کۆڕ“ شەربەتی ئەوین دەنۆشم لە حوجرەی لێوەکانیدا حینجەی زەردەخەنە دەڕۆم .لە «شێخ ڕەش“ لەگەڵ «ئەحمەد و ئامین“ بۆ گەیشتن بە مرادمان چل دانە دەگەڕێنەوە،بەڵام لەوێ بەردی نیازی نەزۆکمان کێلی بەخت ناگرێ و کێل لە مەزرای مەزاری دڵمان دەڕوێ و هەموو ڕۆژێ پۆلەڕێبوارە غەمێکی قەیرە بەوێدا لە درگای ڕێ دەدەن و شاڵێکی متفەرکی ژان بەسەر دە ڕۆحی هەڵۆڵماندا هەڵدەکەن .کۆتری ئاواتم لە شەقەی باڵ دەدا و کڵپەی ئاسمان شەق دەکا لە «بێش بەرماغ“ لە بن دڵی ماڵی «حاجی کیمی“ لەنگەر دەگرێ .ئەوە زەینی خۆم دەدەمە تیرەگی کوێستانێ،ئەوە بە هارێکە لە من لە شەڕێ .هەی چاوی جاسوست کوێر بێ،قامکی پەلەپیتکەت هەڵوەرێ،ئەوە سەیدوانە،تفەنگی خۆت مەهاوێ. سەیدەوانە و

هەگبەیەک پۆلووی هەست و کۆڵێک کولّی گریانی خەست و چیرۆکێکی چڵ هەڵوەری و لایەلایەی شینی شەو، خەیاڵی خولیای بووکێکی ڕەش پۆش، زایەڵەی شمشاڵی گەرووی چەکێک و تاوەبارانی فرمێسکی دایکی بە کۆڵەوەیە .کاکۆڵی کاکە سەیدەوانێ، لەگەڵ گۆڵی لە کوێستانێ بای شەماڵ بە سەریەکی دادێنێ. بووکی سووری دەزگیرانی سەیدەوان لە هەورازی هەواری حەسرەتدا ، لە ئاتەگی چیای دابڕان ئاوەژوو دەبێتەوە و لە کێوی کەسەر وچان دەگرێ کە زەینی خۆی دەداتە ئاسۆگی :مەیتی ژیان و تابووتێک بزە بەسەر شانی خەڵکێک داخ و قەتارەیەک مەلای زام، سەفێک سۆفی ئازار و پۆلێک دڵی بێ تین و کەرتێک چاوی مۆلەق لە کۆڵانی ڕێ ونبووندا بەرەو گۆڕستانی هیوا ڕیزیان بەستووە و خەونی تەرمی خۆیان دەلاوێننەوە، ئەرێ گوڵێ سوورەگوڵێ، دەرمانی بۆ سەر برینێ لە هێلێ لە دارچینێ لە ژەنگی گوارە و لە تۆزی شەدە لە ئارەقی قوڵکەی بەرگەردنێ .بووکی سووری ئاوات لە «کۆکە“ لە بژوێنی «کۆلکەڕەش“ دەچێتە نێو ڕۆحی شێعری «حوسێن مامرۆستەمی“یەوە و «لە دەلاقەی ئەوینەوە“، عەشقی کۆنی، پێگەی لەسەر جەرگی برینداری دادەنێ .کە چاوی بێ ناز و کز و پڕ ئینتیزاری بووکی ئاوات دەبینێ، سینەی پڕ لە عیشقی بۆ دادەدڕێ و چەسپی تەونی یادی تەنراوی بە تان و پۆ دەکا .هەر هەموو پێکەوە لەگەڵ دڵی دوورەوەتەنی «خاڵەمین بەرزەنجی“ دەچینە سەر ئاوی سارد و سووکی «کانی سەردار“ و گەرووی شێعر و لێوی ویشکی تەڕ دەکەینەوە و درگای دیوانی مەلا «مارف کۆکەیی“ دەکەینەوە و لەگەڵ ئەودا شینێکی تازە لەسەر داخێکی کۆنتر لە کای کۆن لە سەر گڵکۆی مەلا «عەلی“ پێکراویی خەنجەری خەیانەتی دەرەبەگایەتی دەگێڕین .لە کۆکەوە بە کەژاوەی بووکی سوور و ژانی سەیدەوانە و بەرەو «کۆشکی خاتزارا “ ڕێ دادەگرین، هەناسە سوار بە یاڵی ڕۆحمدا شەکەت شان دەکوتم .بۆ قرت کردنی خەمێکی خرت، تاوێ سەرخەوێ لە سەر سەکۆی حەیرانێک دەشکێنم و لە ژێر پۆپە شمینەی ئاوازێکی بێ واز و تاسەیەکی تاساو، گوێڕەشماڵی دڵ دەسپێرمە دەم «سوارۆ“ی دڵسواوی هەرێمی سەودادڵانی دڵ بەسۆ :ئەی نایە، وەی نایە، دەنگی من نایە، شەرتە ئەگەر بێتەوە لەوێ کاولەعەسایە بۆی هەڵدەگرم کلیلی تەوقان، تەلەسمان، گواران، زەبەرجەدان، یاقووتان .ئێوارەیە و کاتی ناشتنی تریفە، مەشتەی تیشک بەرەبەرە بەرەو ناخی مەزاری لێڵ و لمی تاریکیدا ئاژن دەبێ .شەو دەبینە میوانی کۆشکی خاتزارا ،ئەویش بە لاوێچێک گەنمی برژاو و مێوژەڕەشەی سەردەشت و گوڵبژەیەک بەرەو پیرمانەوە دێ .لەو کۆشکەدا «مەستوورەی ئەردەلان“ لەبەر ئاوێنەی مێژوو بە کلچێوکی بیری چاوی مێژوو دەڕێژێ و «ژیلا حوسێنی“ لە «قەڵای ڕاز“دا، پەلکەکانی دەهۆنێتەوە و «لەیلا ساڵحی“ش «گاتاکانی زەردەشت“ و «خەونەکانی ئەهوورامەزدا“ لە هێڵەک دەدا .«عەلی غوڵام عەلی“ش دەبێتە «پاتشای تەنیایی“ و لە پێتەختی تەنیاییدا حوکمەت دەکا .زاری بۆنی «عەتری تیرۆژ“ی لێدێ و بە «بۆنی شەو“ ئارام دەگرێ و «چغە لە چارەنووس“ دەکا .شەوە، ڕێگە سەختە و ئاسمانیش دوور .چوارشەممەیە، چوار کولێرەی هەناسە دەخەمە باخەڵمەوە دڵ بە دڵی «پیروێنس“ەوە دەنێم، هەناسەکەی لە حەوت بەرگی ڕەنگلوڕەنگ دەگرم، بە قامکی شادە و ئاوی مێخەک ناوی چل سوارەی غەیبی لەسەر دێنم .دەچمە «قاڕی موسا“، «موسا“ئاسا بە هومیدی قەبەسێ، دەڕوانمە «میرقاز“. تاریکستانە، لە نساری میرقاز «تروسکە“یەک لە تاریکی“ «سەلاح نیساری“ شەبەق دەدا، بۆ گەیشتن بە تیشک، بۆنی کولێرەی هەناسەی نێو باخەڵم بە بای شەماڵ دەکەمە «گوێزەبانە“ی ئاشنایی و لە گڕی هەناسەیدا «دەتوێمەوە“ لە ناخیدا دەبمە «خەزێنەی هەرمان“، خەزێنەی هەرمانیش دەبێتە دوانەی «گەنجەی سەربەمۆر“ و پێکەوە دەبنە قاسپەی کەو، تکەی ڕنوو، فیکەی مەلان و چریکەی شالوور و هۆرە و لۆرەی پیرەژیان .تەمتوومانە، چڵ پلەی عەمانێ، دەبمە لاسەشۆڕ :«مانێی شێ خزم بۆ دەرێنن بە یەکجاری، ڕەمبی نەزەریم بۆ دەرێنن دەگەڵ جووتێ زەرگی خونکاری یا سەری خۆم دادەنێم ”یا «گوڵی شۆرانێ“ دێنم بە دیاری .لە دەربەندی قەڵای دێۆ و ئەهریمەندا سەید «قادر هیدایەتی“ بە سمێڵێکی بابڕ و نیوچاوانێکی گنجەوە هۆمەن دێنێ و جادوویان بەتاڵ دەکاتەوە، «تەوقی عەزازییل“ دەکاتە ملی ئەهریمەن و بە تیشکی ڕۆژ هەر چوار پەلی دەبەستێتەوە، دوایەش لەگەڵ سەییدە سوورە بە مەسقەڵەکەی تەپ دەداتە سەر زگیان و نرکەیان لێ هەڵدەستێنێ، خوێناویان پێ هەڵدێنێتەوە، دەیانبۆڕاند بوو بە «گابۆر“ .لەم سەفەرەدا لە «هەشتەمین ڕۆژی حەوتوو“دا بە بیری «محەممەد ڕەمەزانی“ بە «سێ پلیکان“دا هەڵدەکشێم، و لە پلیکانی هەوەڵدا ، لە عەرشی ئاسمانەوە، شێرکۆ بە دەنگێکی بەرزەوە «مزگێنی“ ژیان بە هیوا دەدا ، «سەر کەوە، سەری زریان کەوە کاکۆڵی هەورە هەرزاڵت، تریفەی مانگە جێ ماڵت“ .دەنگی لە پێدەشتی ژیان دەبێتە زدەنگی هەرمان“ .هەر لەوێڕا «شێرکۆ فەرهادی“ خەون بە کێوێکەوە دەبینێ و دەبێتە فەرهادتاش. لە لای فەرهادتاش حەمەی ڕەمەزانی و فاکنێر باڵایان بە باڵای فەرهادتاش گرتووە .حەمەی ڕەمەزانی دەبێتە جەواهێرتراش و فەرهادتاش وەردەگێڕێ و «هەرا و توورەیی“ وە هەرا دەکەوێ و فەرهادتاشیش توورە دەبێ .پێمەڕەکەی فەرهادیش بێ پێ دەبێ.

لە بن نساری فەرهادتاش «سیاسوت“ە و دەنگی قاسپەی کەو لە شاخی «میرقاز“ لە گەرووی «بریا کاکە سووری“ «دەنگ دەداتەوە“، و منیش بە قاسپە و پێکەنین خۆ دەخەمە نێو باوەشی «گەلاوێژ“ەوە .شەو ڕاشکا، ئەژنۆم شل بوو .هەنگاو بە دوومدا نایە، «زەوی سەخت و ئاسمانیش دوور“ لە دوورەوە بزەی «مارف ئاغایی“ تێکەڵ بە بزەی «هادی حەبیبی“ دەبێ، دەبنە «هاوڕێ“ لەوێڕا پێ بە «ڕازی مانەوەی خاک“ دەبم .لە ئاسۆی میرقاز چەپکێک «گەزیزە“ لە «دەشتی جانە“ لە «کانی مرادان“ دەچنم .دەچمە «باغچە“ و لە ماڵی «عەلی کەردار“ دەنیشمەوە، لەگەڵ حەیران و نایەی «عوسمانەسوور“ دەکەومە کەمەندی مرادەوە .لە «باخچە“ گوڵ و ماچ و پەپوولە دابارین .لە هەتاوی بەربەڕۆچکەی بن گوێسوانەی ماڵی دڵی «عەلی کەردار“ پژپژەی گۆرانی و هالاوی «مەقام و بەستە“ لە بەژنی ژوورێکی سارد هەڵئەسا .لە دەفەی شانیدا قوڵتە قوڵت ئازادی هەڵئەقولا و لە نێو بێستانی سینگیدا گوڵاڵە دەڕوا .لە ڕێگەی «باخچە“وە دەست دەکاتە گەردنی دارستان و بە هەگبەی پڕشنگ و گوڵاڵە دەچێتە نێو دەنگی خەڵکەوە و سەر دەدا لە وەرزی سووتان و برژان، ئەو بە ژێی بڵێسە، تاری ئەوین لێدەدا.

«فاتەشاری“ بە گوڵی حاجیلەی دیدەی، کڵاوی مەرەز و جووتێک گۆرەوی میرزایی بە بەنی ڕەشی خەمی و بە شیشەی ژێی هەناسەی بۆ «تەرەغە“ دەچنێ .عەلی کەردار «بەیت و حەیران“ و گوڵاو و هاوار و گزینگ ئاوێتەی یەک دەکا و نیشتمان لە دەنگیدا کەو خوێندنیەتی .لە «پاییزە“ ڕیشی پەپوولەی پاییزی لە بن توترکی غەریبی هاڵاوە، لەوەتی ئەو گوڵە نەماوە «باخچە“ بە دوویدا دەگەڕێ، کە سێبەری هەوری نەما «تەرەغە“ بە دوویدا دەگەڕێ.

عەلی کەردار پرچی جێماوی قەسیدە و کاکۆڵی خەونی گوند و قیژەی هەڵوەریو، دەکاتە دەسرازەی لانکی ژان و وڵات ڕادەژەنێ و لایەلایەی خەمێکی دەست و پل زبری بە سەردا دەخوێنێ .دەنگی دەبێتە چیرۆکێکی کۆن بۆ کوانووی نیشتمان.

عەلی کەردار لە هەناوی چیای تەرەغە دەبێتە بنچ،دەنگی بە شاخی ماندوودا دادەگەڕێ و دەچێتە نێو برکانی برینەوە .ڕۆحی «حەیران و گەلۆ“ وەک ئاشقە و ماشقە لە قەدی شمشاڵی گەرووی دەهاڵێن،منیش لە دەنگیدا ،لە پێدەشتی هەناسەیدا ،دەبمە ڕێبوار و گژوگیای سینەی دەکەم بە ڕێگا و لەبەر ئاگردانی یادی،ژیان ئەنووسمەوە.

سەرچاوەکان

١. دهخدا، علی‌اکبر "١٣٧٧" لغتنامه دهخدا. انتشارات دانشگاه تهران، جلد ج، مدخل «جناس»

٢. شرفکندی، عبدالرحمن. هه ژار "١٣٦٩". هه نبانه بورينه، فرهنگ کردی–فارسی "یک جلدی". تهران: انتشارات سروش

٣. مردوخ روحانی، محمد ماجد "١٣٨٨". فرهنگ فارسی–کردی دانشگاه کردستان "یک جلدی". سنندج: نشر دانشگاه کردستان

٤. Matthews, P.H. "٢٠٠٧". **The Concise Oxford Dictionary of Linguistics** "2nd ed". Oxford: Oxford University Press.

٥. Richards, J.C. and Schmidt R. "٢٠١٠". **Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics** "4th ed". Harlow: Pearson Education.

٦. Yule, G. "١٩٩٦". **The Study of Language** "2nd ed". Cambridge: Cambridge University Press.

٧. Crystal, D. "٢٠٠٨". **A Dictionary of Linguistics and Phonetics** "6th ed". Oxford: Blackwell.

چوار جۆری وشەی هاوپیت هەڵگیراو لەو دەقە لە خانە خانەکانی ئەو خشتەدا ڕیز کراون. لە هەژمار کردن و لێکدانەوەی وشە و پیتەکان دوو خشتەدا دەر دەکەوێ کە بەرەنگاری دەقێکی ئەدەبی و بەنرخ بووین. ئەمجار دڵگەرم دەبین جارێکی تر بێخوێنینەوە و لە پێوەندی وشەکان چێژ وەربگرین.بە سپاسەوە

**وشە هاوپیتەکانی (جناس) وتاری « سەفەرێك بۆ باخچەی ئاوات »**

| هاوپیتی تەواو (جناس تام) | هاوپیتی ناتەواوی جێوازیدار (جناس ناقص اختلافی) | | هاوپیتی ناتەواوی زیادکراو (جناس ناقص افزایشی) | هاوپیتی ناتەواوی بزوێندار (جناس ناقص حرکتی) | هاوپیتی ناتەواوی پێچەوانە (جناس ناقص مقلوب) |
|---|---|---|---|---|---|
| بیر (خاتر ، چاڵاو)<br>تار (تاریك ، ساز)<br>سەر (سەڵك ، بان)<br>شین (ڕەنگی<br>ئاسمانی ، گریان)<br>نایە (نی ، نایەت) | باران ، بۆران<br>باسك ، باوك<br>باڵ ، پاڵ ، تاڵ ، خاڵ ،<br>ماڵ ، یاڵ<br>باریك ، تاریك<br>بان ، پان<br>برژان ، برژاو<br>بروسکە ، تروسکە<br>بن ، من ، ون<br>بەرگ ، زەرگ<br>بەفراوی ، بەرداوی<br>بۆ ، پۆ ، تۆ<br>بۆن ، کۆن<br>بیر ، پیر ، میر<br>پاچ ، ماچ<br>پڕ ، چڕ ، گڕ<br>پێ ، بێ ، مێ ، جێ ،<br>دێ ، ڕێ ، شێ ، ژێ<br>تاو ، چاو ، داو ، ناو ،<br>لاو، ناو<br>تریفە ، تریقە<br>تەڕ ، پەڕ<br>تیشك ، ویشك<br>تینوو ، زینوو<br>جار ، دار ، زار<br>چیا ، گیا<br>حەز ، کەز<br>حەوت ، چەوت<br>خەم ، چەم<br>خەم ، خەو<br>خوڕ ، کوڕ<br>خۆڵ ، کۆڵ<br>داخ ، ناخ ، تاخ<br>دوور ، سوور ، ژوور<br>دەشت ، دەست<br>ڕاز ، واز ، ناز ، گاز ،<br>باز<br>ڕەش ، ڕیش<br>ڕەش ، لەش<br>زام ، سام<br>زەرد ، بەرد ، دەرد<br>ژوان ، ژیان<br>سڵ ، گڵ ، چڵ<br>سووك ، بووك | سۆرانی ، گۆرانی<br>سۆز ، تۆز<br>شا ، با ، کا، چا<br>شان ، شار ، شاخ<br>، شاڵ<br>شل ، چل ، پل<br>شەو ، شەڕ<br>شەو ، کەو<br>شەوێك ، خەوێك<br>شین ، شیو<br>شێوان ، سێوان<br>قرت ، خرت<br>قژ ، گژ<br>کەردار ، سەردار<br>کەز ، کەژ ، کەو<br>کوڵ ، کوڵ<br>کێو ، کێڵ<br>گردە ، وردە<br>گریان ، زریان<br>لاوك ، لانك<br>مل ، پل ، چل<br>مەراق ، فیراق<br>مەست ، دەست ،<br>هەست، خەست ،<br>بەست<br>مەل ، پەل<br>مۆر ، بۆر ، خۆر<br>میوان ، دیوان<br>نێو ، لێو، سێو ،<br>کێو ، دێو<br>هەزار ، هەژار<br>هەناو ، هەتاو<br>هەنگ ، دەنگ،<br>ڕەنگ ، تەنگ ،<br>پەنگ، شەنگ ،<br>ژەنگ<br>هۆرە ، لۆرە<br>وەرز ، بەرز<br>ئاوات ، ئاواز<br>ئاور ، ئاگر<br>ئەسپ ، چەسپ | باڵ ، باڵا<br>بسك ، باسك<br>پرچ ، پرچن<br>تار ، تارا<br>تین ، تینوو<br>چڵ ، چۆڵ<br>چڵك ، چڵكن<br>خەو ، خەون<br>دڵ ، دڵدار<br>ڕەوە ، ڕەوەز<br>ژان ، ژوان<br>ژێ ، ژێر<br>سار ، سارد<br>سار ، نسار<br>سەر ، سەرین<br>سوار ، سوارە ،<br>سوارۆ<br>شا ، شاخ<br>شاڵ ، شمشاڵ<br>شەق ، شەبەق<br>شەق ، شەقە<br>شۆڕ ، شۆڕش<br>شین ، شینکە<br>قەڵا ، قەڵات،<br>قەڵافەت<br>کاتی ، کاتیاو<br>کەژ ، کەژاوە<br>کوڵ ، کوڵمە<br>کۆش ، کۆشك<br>کۆکە ، کۆلکە<br>کۆڵ ، کاکۆڵ<br>کۆڵ ، کۆڵان<br>گڵ ، گوڵ<br>گنج ، گەنج<br>گەل ، گەلۆ<br>گوڵ ، گوڵاو<br>ماڵ ، ساماڵ ،<br>شەماڵ<br>ناو ، پاناو<br>هەور ، هەوراز<br>یار ، یارە<br>یاری ، دیاری<br>ئازا ، ئازار<br>ئاو ، ئاور<br>ئاو ، ئاوات | بەن ، بۆن<br>تان ، تین<br>تیر ، تار<br>دار ، دوور<br>داو ، دێو<br>ژان ، ژین<br>شان ، شین<br>شەڕ ، شۆڕ<br>گڵ ، گوڵ<br>نەقڵ ، نوقڵ<br>نێو ، ناو | پرچ ، چرپ<br>خۆش ، شۆخ<br>ڕنوو ، ڕوون<br>شەڕ ، ڕەش<br>شەو ، وشە<br>مەزرا ، مەزار<br>وەك ، کەو<br>کاك ، کاك<br>مام ، مام |

## تامەزرۆی نەورۆز



**بۆکان: ئاوایی عەنبار. نامۆعەنبار**

تەزوویەکی ساردی دوایین ڕۆژی زستان،جەستەی لاواز و کاکۆڵی شێواوی ئازار دەدا. چاوی لە لوتکەی کێوە بڵیندەکە ی تەرغە بڕیبوو. تیشکە لاوازەکانی خۆر،لە ژێر هەورە سوورەکانەوە،جم و جۆڵی مانەوەیان بوو. بیری ئاگرێکی گەرمی دەکرد،گەڕەمشقاڵێکی نۆێ.

یادی قەڕەباڵغێکەی پار،بەردەوام لە مێشکیدا تازە دەبۆوە. دەستە سڕ بۆەکانی بە گیرفانی دا کرد،دەمارەکانی بە هێزی دڵەکوتەیەک، گەرمایەکی سەیریان بە جەستەی بەخشی . لەشی گەرم داهات ،وایزانی دەبێ گڕێک کرابێتەوە . سەری هەڵێنا،نەورۆز بوو، بێ ئاگر، بەهار بوو، بێ وەنەوشە. بیرەوەری یەکەمین ڕۆژی بوون بوو،بێ ئاهەنگ. لە پڕ ئاگرەکەی پاری وەبیر هاتەوە. لە سەر بڵیندترین شۆێنی تەرغە،دەگەڵ هاوالەکانی،گڕێکی گەورە و هەڵپەڕکێەکی بی ماندوویی.

بیرەوەرێکی شیرین و خەمێکی نامۆ.

کەوشە کەلاشەکانی بە یادی سێ پێیەکی کۆن،لە زەویی دەوەژاندن،زەنگاڵەکانی لە لاقی تووند کردن ئەوەندەی چاو هێزی ڕوانینی بوایە!

هەورێکی رەش چیای داپۆشیبوو،تەرمی نەگریسی تەمێکیش خۆی بە سەر گوندەکە دا کێشابوو . شەبەقی ئەستێرەیەکیش نەدەهات . بەراو بەرزایەکەی پار،نزییک تر دەبۆوە. مەڕەکەی،هێدی هێدی،بە لەوەڕ بە چیاکەدا دا گەڕا. کەتریەڕەشەکەی لە تێری کەرێ دەرێنا،لە سەر شوێنی ئاگرەکۆنەکەی پار،ڕاوەستا، لە سەر ڕەژیە کۆنەکە،هێندێک سووتەمانی نۆێی دا نا بە یادی یەکەمین ڕۆژی خوڵقان، یەکەمین گڕی ئاوێستا،ئاگرێکی نوێی داگیرساند. گۆچانەکەی لە قۆڵی کرد و لە هەڵپەڕکییەکی تاقەکەسیدا، تێر هەڵپەڕی.

تەمەکە ڕەویی . لە بەرزایەکان ئەستێرە دەرکەوتن،دووکەڵی گڕی نەورۆز،هەورە ڕەشەکانی لە داوێنی تەرغە،دوور خستەوە . سوپای سەوزی کاروانی بەهار،دیسان چیای داگرتەوە،کەترێکە کولیی،شمشاڵەکەی دەرێنا ، زەردەخەنەیەک،هاتە سەر لێوی،ئەوە ئەمسالیش یەکەم چایی نەورۆزی لە بەرزایی دەخواردەوە .

## ئێوارە باش



**بۆکان. ڕێ زان**

نەرم و نیان ئارام من و دەریای خەیاڵ و بیرەوەری لە گەڵ هەنگاوەکان بەرەو تەزووی سیخواری ڕێبەندان بیرەوەری شەوانی ڕێبەندانم دێنێتەوە بیر،بیرەوەریەکانم وەک هاوڕێی لە بیر نەکراوەم لە ژووانی خەیاڵاتم هاتبوونە دڵدانەوەم.

پیاسەم دەکردو ئەسپی نەفەسم بەرەو ئاسمان لە هەلینگ دابوو،ئاسمانێکی تەم و تاریک و نێو چاوان تاڵ و گرژ بەرەو ئێوارەیەکی تەزیو لە پێناو شەوەزەنگا،هالاوم خۆ لە گەواڵە هەوران قایم دەکات ولە گەڵیان دەستە ملان و تێکەڵ دەبێ.

لە خۆیاندا دەپێچنەوە و دەیکەنە فرمێسک و شڵێوە یان چارشێوی سپی ئاوقای کۆساران و پێدەشتەکانی دەکەن و وڵاتی خۆشەویستی پێدا دەپۆشن ودەینێرنەوە بۆ کۆشی گوێ زەوی.

زەنگوڵ زەنگوڵ میوانی سینگ و بە ڕۆکی گراوی خوێن شیرینی منی دەکەن و قوولاپەو پاوانە ناسکە پووزەکانی کەمێک تەڕ و نمەدار دەکا،پاشان لە دوای گراو دەبێتە سیخوارو سەهۆڵ .

لە مێژ بوو دڵە ڕاوکەی دیتنی خۆری خۆشەویستی لە دڵمدا وەک مۆمێک هەڵگیرساو هەڵیگرتبووم ،بەڵام ئەمن و ئەوو،ئێرەیەو ئێوارەیەک و ڕێبەندان. دوای ماوەیەکی زۆر لەوە پێش نە دیدار و نە نامەیەک،تۆ بڵێی هەو بێت؟

بەسیما و لەنجەو لارو هەیکەل هەوە،

بە کەو ڕەفتارو ژیرو ماقوڵانەو هەنگاویدا هەوە،

بە نەرم و نیان و دلۆڤانی وشەرم و حەیای دا هەوە،

تۆ بڵێی ئاخری کێ بێ؟

یەکەم ئاوڕ دانەوە و سڵاوێک

بەڵێ هەوە!

زۆر پیرۆزە

ئێرەیە شەقامی خۆشەویستی و شاری دڵەکەم،

ئێوارە باش،شەوت خۆش،

ئەی خۆشەویستی خامە.

## چەند چوارینە ئاڕاستەی ئەویندارا‌ن



مەهاباد. سووتاو

" بێ‌سنوور"

نزیکە مـردنـم کاتێ کـــە دووری
نە ماوە هیچ شتێ بمـــدا سەبووری
وەکوو دەریایە عیشقی مـن عەزیزم
بە هیچ پێوانە نابینـــــــی سنووری

"بووکی ئاوات"

وەرە ئەی بووکـــی ئاواتی لە مێژین
وەرە ئەی نازە نین گـولزاری ڕەنگین
لە نێو ئامێـــــزی پـرتینت دەمێـکی
لە لای تۆ بم دەچێـــــژم تامەکەی ژین

"کڕنووش"

بلاوێنـــــە دڵــی تەنگــــــم بە لێوت
بە چاوانـــی خــــــوماری دڵ بزێوت
بە دڵ کڕنووش ئەبەم بۆ ئەو خودایەی
کە تۆی ڕازاندەوە بۆ خێــڵ و خێوت

"بادە پەرەست"

ڕوانینـــی دو چـــاوانت چ مــــــەستن
تە زووی عیشق و بزەی دەریایی هەستن
لە ڕۆژێکـــــەو کە چاوی مەستی‌تۆم دی
دڵ و دیدەم ئەوەندە مەی پـــــەرەستن

" بەرهەمی خودا"

وەرە ئەی بەرهــــەمی باغی خودایی
وەرە غونچـــــەی بەهـــاری ئاشنایی
کە نێو جەرگ و دڵم سووتاوە بۆ تۆ
نەکەی ڕۆژێ بکـــەی باسی جـودایی

" سەمفۆنیا "

کە سەمفۆنیای خــودایە پێکــــە نینت
کــــە وەک دەریایە باوانــــــم ئەوینت
بە ڕوانینت دەچم تا ئەو پەڕی هەست
دەکەم من ژینەکەم قـــــوربانی ژینت

## دیسان پیرۆز بێ جەژنی نەورۆزت!



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان؛
زمانناس و توێژەر

کوردە پیرۆزە جەژنی نەورۆزان
یاخوا هەر بڕمێ کۆشکی زلهێزان!
پیرۆزە نەورۆز،جەژنی کاوەی ژیر
کاوەی ماڕکوژ،قەت ناچێ لە بیر
سەربەست بی یاخوا،گەلی پیاوچاکان!
خوا ئاوەژووی کا تەختی زوحاکان
زوحاکی باکوور،ئەوەی ڕۆژاوا
زوحاک چوارقورنەش هەلێن،مالاوا!
ئاوا هەلاتنێک بە خۆزیا نابێت
چۆناوچۆنییە؟ دەبێ ئاوابێت:
کوردەی گوێ ڕایەڵ بۆ پێشەنگی گەل
گەل سەردەخا زوو،لە گەوە و لە کەل!
بە یەکگرتوویی گەلمان پێشڕەوە
دەستی خواوەندیش هەر لەگەڵ ئەوە
بێ یەکگرتوویی دووکەڵی هەڵە
دەسکەوتی ئاگری سۆزە،وەک تەڵە!
پەڕتووکی مێژووی پڕ هەڵە و پەڵە
ڕەش داگیرساوە بەو هەڵە کەڵە!
نایەکگرتوویی هۆی لەناو چوونە
دەربەستن هۆزان،چون یەکگرتوونە
کوردە گیان مێژووت دارماڵ لە هەڵە
ئەم گشتە هەڵە،بە هەڵە و پەڵە،
گشتیان لەناوچوون لە بێ پەیجۆری
یا بێ کەڵکەڵە و،داڵغەی خەمخۆری
یەکگرتووییتە هۆی ڕزگاربوونت
بەسە کوردە گیان چەندبەرەبوونت!
دەسی بیگانەش بۆ مارگرتنە
باوەڕبەخۆییت هۆی سەرکەوتنە
پێشکەوت و سەرکەوت خەلاتە بۆ گەل
گەلێ بیقۆزێت دەرفەت وێڕای هەل
سەربەز و سەربەست،بە وره و سۆز بی
سۆزێ وێڕای بیر،لە بیری گەل بی!
تەمی خەم لاچێ لە کۆزی هۆزت
دیسان پیرۆز بێ جەژنی نەورۆزت.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## شوێنی زمان



سنە. ئیرەج عیبادی

هەموو چریکەکان
بێ ئاگری شوێنە نادیارییەکان
بە نم نمی هەستت وێڵ دەگەڕێ و نامشواتەوە
خۆم ئەدەمە دەس گەردەلوولی کاتەکان
تا بمخولێنێتەوە
تا
تۆ
من
چەند کەڕەت تا کێوی چرکەکان
تا بالآبەرزەکەی ئەوین
هاتووچووکەم؟
رووباری شوێنت سەرشێتانە بۆ دەریا دەروانێ
زۆر دژوارە بۆ چۆلەکەی نائارامی دڵم
بێ زمانی هاوبەش قسە و باسەت کا
نەهاتنی دەنگەکانی پێ ئاوات
کاتێک تۆفانی وشەکان هێزی ماڵئاواییان نیە
خۆی هێلانەی بێ کۆتایی پەژارەیە.

## زرەی زنجیر



مەهاباد. گەلاوێژ بیگ نیا
" خاتوونی خۆر"

نیگای پەنجەرەکان لێم غەریبن
چەن چاوی رەش چەن چاوی شین
دەنگی زرەی زنجیر هەموو کاتێک
لەدایک بوونی رق وقین
لە ولاتی سێبەرەکان
لەدایک دەبێ مەرگ بێ تاوان
خاتوونی رەشپۆشی ولاتی خۆر
لەشاری پڕ لەمردوو
باوەڕ بەچوارچێوەی پەنجەرەکان ناکەم
چاوکانت لێ دەدزن
باوەڕ بەپیلانی خەیاڵ ناکەم
دەخەو دەکەن ئاواتی ژین
تەنیا شەوێک لە کۆڵانی سارد وخامۆشی هیوا
لەسەرگۆڕی گولە گەنم بوومە بەفر
لەنێو خەوی شەوی یەلدا بوومە هەنار
پڕ بە هەناسەیی سەحرای مەحشەر
بوومە ئیسرافیل بۆ مەرگی ئەوینی شار



بروجرد. سەعید فەلاحی
"زانا کۆردستانی"

"۱"
قشقەرە کە باڵی گرتەوە
سەر رووومە تەکانی داهۆڵ
بە بۆنەی تەنیاییەوە تەڕ بوو!

"۲"
خەمبارییەکانم هەڵواسیوە!
کاتێ تۆ هەیت
ئەم دڵ تەنگیەمە کە وەکوو جلێکی
هەراو وایە دەر دێنم...



بانە. سروور


لەرێگای تۆ گۆڵم دۆڕام لەژینم
بەبا رۆیی بەقا وئیمان ودینم

لەمەیخانە ولە مزگەوتیش نەما جێم
لە قەبریش چاوەڕێم، جارێ بڵێی دێم



# قزڵجی؛ ڕووناكبیر و ڕۆژنامەوانی پێشڕەو، بیرمەند و چاكسازی مەكتەبساز

نووسەر: دكتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، زمانناس و توێژەر
وەرگێڕ لە فارسییەوە: شەهلا ئەحمەدی. سەرپێڵی زەهاو



به بۆنەی ٦٢هەمین ساڵوەگەڕی كۆچی دوایی عەللامەی بیرمەند و زانا مەلا محەممەد قزڵجی"تورجانیزادە" "١٣٣٨ ـ ١٢٧٥ هـ.ش".

زانای بێ هاوتا و بلیمەت مەلا محەممەد قزڵجی "تورجانی زادە" كوڕی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەممەد حوسەین و نەوەی مەولانا عەلی قزڵجی یەكێك لە پرشنگدارترین ئەستێرەكانی ئاسمانی عیلم و ئەدەب و مەعریفە و چاكسازی جیهانی ئیسلام بە هەژمار دێت.

بەڕێزیان جگە لەوەی بە عیلم و زانستی خۆی فەزای كوردستان و خاكی ئێرانی ڕووناك كردبووە، وڵاتانی عەرەبیش وەكوو حیجاز و شام و میسر و عێراقی چراخان كردبوو، هەروەها تەقوا و لەخواترسی و دینداری و ئەمانەتداری و چاكە و زانایی مامۆستا قسەی سەرزاری جەماوەری خەڵكی بە گشتی و بەتایبەتی بوو.

ئەم زانا گەورەیە لە ساڵی ١٢٧٥هـ.ش لە سابڵاغی موكری لە دایك بوو، دوای فێربوونی زانستەكانی ئایینی لە لای باوكی مەزنی و مامۆستایانی دیكە دەستی كرد بە وانە گوتنەوەی زانستەكانی عەقڵی و نەقڵی و قوتابی و خوێندكاری بلیمەت و لێهاتووی پێشكەش كرد بە دونیای زانست و ئەدەب لە وڵاتی ئێران و جیهانی ئیسلامدا.

لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بە مەبەستی سەفەر بۆ حیجاز و میسر، بەرەو وڵاتی عێراق كەوتە ڕێ و لەوێدا بە بۆنەی وانە بێژی لە زانكۆی ئەلئەزهەری میسر ڕۆیشت بۆ وڵاتی میسر، جا چونكە حكوومەتی ئێران بە نیشتەجێبوونی لەوێ ڕازی نەبوو، گەڕایەوە بۆ عێراق و بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ئەو كاتی ئێران، لە عێراق مایەوە و لە زانكۆی نائیلە خاتوون و زانكۆ شەریعەت و زانكۆی بەغدا و لە مزگەوتی بیشرولحافی لە گەڕەكی ئەعزەمییەی بەغدا دەستی كرد بە وانەگوتن و تا كۆتایی ژیانی لەوێ نیشتەجێ بوو. تاوەكوو لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی كۆچی دوایی كرد. مردنی ئەو زانا بەڕێزە كارەساتێكی گەورە بوو بۆ ئەهلی زانست و مەعریفە لە جیهانی ئیسلامدا و گڵكۆكەیشی لە غەزالی بووە بە زیارەتگەی ئەهلی دڵ.

ئەو مامۆستا بلیمەتە كاتێك بەڕێ كەوت بەرەو میسر، تەواوی قورئانی لەبەر بوو و بەر لە هیجرەتیش لە مەهاباد لە مەدرەسەی علوومی دینی مزگەوتی سەید بایەزید، زانایان و پیاوچاكان پەپوولە ئاسا لە دەوری كۆ دەبوونەوە و لە مەحزەری موبارەكی عیلم و زانستیان وەردەگرت، لەوانە دەكرێ ئاماژە بە ئەدیب و نووسەری بە ناوبانگی كورد عەلائەددین سەججادی و مامۆستای خوالێخۆشبوو ئەحمەد تورجانی زادە، مامۆستای زانكۆ تەوریز و زانای بلیمەت مەلا عەبدولهادی ئەفخەمزادە، شەكور موستەفا، وەرگێڕی لێزان و خاوەن سەبك و شێوەی كورد، ئوستاد مەلا موحەممەد خزری نزریوەیی شنۆیی"قازی شنۆ" بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان و... بكەین.

مامۆستا مەلا عەبدولهادی ئەفخەمزادە یەكێك لە خوێندكارانی مامۆستا قەزڵجی، لە دەقی نامەیەكدا كە بە بۆنەی سەرەخۆشی كۆچی دوایی بەڕێزیان بۆ براكەی مامۆستا ئەحمەد تورجانی زادە نووسیویەتی، ئاوا دەڵێت:

«تكا دەكەم كە ژیاننامە و خزمەت و بەرهەمەكانی بۆ هۆگران بخەنە بەرچاو، تاكو لانیكەم "جارێ" مەهابادی و موكریەكان، بە زبر و گورزی دژایەتی هەندێك لە خۆبەزانازانانی لە هەموو شت بێئاگا، بەلایانگری ڕاستییەكان و پێگەیەنانی شوێنكەوتوی قورئان بگەن و لە كۆچ و واوەیلانبوونی كەسایەتییەكی بەمجۆرە بێوێنە، بۆ خاكی نامۆ، ئەزموون وەربگرن و بێنەوە سەرخۆ تاكو لە ناسینی كەسایەتییەكان، بۆ دین و كۆمەڵگە بەدواداچوونەوە بكەن.»

هەروەها عەلامە قەزڵجی لە گەورەترین مامۆستایانی فەلسەفە و حیكمەت بە ئەژمار هاتووە و لە گۆڤارە بەنرخەكانی زانستیی عێراق و میسر وتارگەلێكی پڕبایەخ دەنووسێ و كتێبگەلێكی زۆری نووسیوە و بڵاوی كردۆتەوە. لەوانە: «التعریف بمساجد سلیمانیە»، شەرحێك لەسەر ربع مجیب "لە عیلمی هەیئەت" خولێكی پەراوێزنووسی لەسەر "لباب الاشارات"ی ئیمامی فەخری ڕازی.

عەللامە ئەحمەد تورجانی زادە سەبارەت بە پێگەی زانستیی مامۆستا بلیمە تە كە ی خۆی مامۆستا قە زڵجی دەفەرموێت: ئەو زانا هەڵكەوتوو و بلیمەتە خاوەن تەبعێكی وریا و وشیار و زەینێكی ڕەخنەگرانە لە كاتی غوربەت و كۆچكردندا بەهۆی پێنارە و ڕاهێنان و گۆشەنشینی و گەڕان و كونج و كوڵی و كوڵینەوە و هاتوچۆ لەگەڵ زانایانی بەرجەستە و كۆمەڵێك بیرمەند لە عێراق و شام و حیجاز و میسر چەند بەرامبەر لێهاتووتر ببوو و شارەزایی لە سەر زانستە جیاوازەكان و فەنە جۆراوجۆرەكان بەتایبەت لە سەر ناسینی دەورەی شارستانییەتی ئیسلامی هێندە زۆر بوو كە دەكرێ بەبێ زیادەڕۆیی بڵێم: كەماڵاتی مەعنەویی ئەو بەڕێزەم لە هیچ كام لە زانایان و مامۆستایانی ئەلئەزهەر كە ناودارترین و دیارترین ئەنجوومەن و زانكۆی علومی ئیسلامییە، نەبینیوە.

جگە لەوەش لە پایەی تەقوا و ئەخلاقدا بە ڕادەیەك بەرز بوو كە بە ڕاستی فریشتە ئاسایە ك لە سە ر ڕوخساری مرۆڤ بوو كە بە تەواوی لە دونیای مادده و پەستییەكان خۆی پاراستبوو و لە هەرا و هوریای ململانێ بۆ مانەوە و بەقا و دوژمنایەتی خۆی بە دوور گرتبوو. هەموو كات و هەناسەكانی خۆی بۆ ڕێنوێنی خەڵك تەرخان كردبوو و جگە لەگەڵ خودا و كتێب و تەزكییە و خاوێنكردنەوەی نەفس و سیفەتەكان سەرقاڵی شتی دیكە نەبوو.

ماموستا ئەحمەد تورجانیزادە لە شوێنێکی تردا لەبارەی ئوستاد و کاکی خوی دەڵێت: چونکە براکەم یا ماموستاکەم پیاوێکی روشنبیر بوو، لە ڕێگەی گوڤارەکان و روژنامە فارسی و عەرەبییەکانەوە لە ڕووداوەکان و ڕەوتی روژگار و ژیار و زانستەکان ئاگادار بوو.
هەروەها لەسەر زانستە فەلسەفی و شەرعییەکان و هە یئە ت و ئە ستێرە ناسیی کە ونارا، زورێک لە بیروکە و زانستی نوێ لە بەرێزیانەوە فێر بووم و لەژێر چاودێری ئوستادی میهرەبان و دڵسوز و عیلم دوست کەوا بەسەر هەموو زانستێکی دەورەی ئیسلامیدا شارە زایی هە بوو، گوڵبژێرێک لە خەرمانی زانست و فەزڵی ئەم زانا پسپورەم بە دەست هێنا کە لە ڕاڤەکردن و شیکاری و وردەکارییەکان و ناسککاری و زەڕافەتی جوراوجوردا، لێهاتوو و شارەزا بوو و بایەخی زوری پێ دەدا.
ئوستاد عەللامە محەممەد قەزڵجی دامەزرێنەری دیارده و کاری زور باش و گرنگ و پربایەخ بوو لە کوردستانی ئێران.
١" دامەزرێنەری روژنامەوانیی کوردی بە بەرپرسیارەتی و سەرنووسەری روژنامەی "کورد" کەوا ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە ورمێ بڵاو بووە و ئێستاش تەنها چوار ژمارەی لەبەردەست دایە.
٢" هەروەها دامەزرێنەری روشنبیری و نوێبیری ئایینی لە کوردستانی ئێران و لە سەردەمی نوێ بوو و دەستی کرد بە چاکسازیی خوێندنی فێرگە ئایینیەکان و تەدریسی فەلسەفە و حیکمەت و تەفسیر و مێژوو کە لەوەو پێش باو نەبوو.
لەگەڵ خورافات و کونەپەرستی بە چڕی خەباتی دەکرد، لە ڕاستیا ئەو بەرێزە زیندووکەرەوە و چاکسازێکی دینی مەزن بوو کە بزاڤێکی گەورەی پێک هێنا، کەوا دواتر ئەو بزووتنەوە لە ڕێگەی قوتابیانی هەڵکەوتووی کە هەرکامیان لە زانایانی گەورەی کوردستان بە هەژمار دێن، پەرەی سەند و گەشەی کرد و ئیدامە درا.
قوتابییەکانی وەکوو: ماموستا مەلا ئەحمەد تورجانیزادە، ماموستا مەلا موحەممەد خزری شنویی وهتد ... ماموستا مەلا محەممەدی قەزڵجی جگە لەوەیکە لە لای باوکی زانا و پسپوریی خوی، لە خزمەتی چەن ماموستای دیکە وەکوو ماموستا محەممەد حەسەن قەزڵجی"ماموی خوی" ماموستا مەلا عەبدورڕەحمان سابڵاغی"فازیلی" و ماموستا مەلا عەبدوڵڵا بورهانی کەڵکی وەرگرتووە و شاگردیی کردووە و لە کورەکانی وانە و زانستیی ئەواندا بەشداریی کردووە.
هەروەها جگە لەو قوتابیانەی کە پێشتر ناوبران، ئەم کەسایەتیانەش لە قوتابیانی ماموستا قەزڵجی هەژمار دەکرێن و لە خزمە تیدا عیلم و زانست و مەعریفەیان وەرگرتووە . خاڵەمین بەرزەنجی شاعیری بە ناوبانگی موکریان "١٢٨٤ ـ ١٣٧١"، مەلا محەممەد جەریحی"١٢٨٥ ـ ١٣٢٣"، ماموستای نەمر قازی محەممەد"١٢٢٦ ـ ١٢٧٩"، پروفیسور دکتور موحسین عەبدولحەمید کەرکووکی "بیرمەندی بەناوبانگی کورد و کەسایەتییەکی هە وڵکە وتە ی جیهانی ئیسلام"، پروفیسور تاها جابیرولعە لوانی زانا و بیرمە ندی عە رەب و نووسەری بەنێوبانگی جیهانی ئیسلام.
ماموستا مەلا محەممەد قەزڵجی کەسایەتییەکی بەتەواو مانا و ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر و نەتەوەخواز بوو و هەمیشە خاوەنی داڵغە و دڵبەستەی ئامانجگەلی بوونیانە و ئەندیشیانە و نەتەوەپەروەرانە و جەماوەریی بوو.
ئەمەش لە چەند شێعرێکدا کە لە بەرێزیان بەجێ ماوە بە ئاشکرا دیارە، وەکوو چون لە شێعرێکا دەڵێت:

هەی تازە جەوان هەستە لە غەفڵەت ببە بێدار
دەستێ بدەرە دەستەیی شمشێری شەرەردار
ئـەو مـەوتەنی واڵایـە کـە چـاکتر لە بەهەشتە
قوربـانـی بکە ڕوح و حەیـات و زەڕ و دینـار
پێش ئێستا"

لە بواری بیر و هزردا ماموستا مەلا محەممەد قەزڵجی لە شاگردانی مەکتەب و ڕێبازی ڕێفورمخوازی و چاکسازی و بووژێنەری سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی و بەتایبەت چاکساز و بیرمەند و ڕاڤەکاری پێشەنگی جیهانی ئیسلام، ئیمام شێخ محەممەد عەبدو بەهەژمار دێت و لە سەفەرەکەی بو میسر و زانکوی ئەلئەزهەر لە گەڵ تەواوی قوتابییە گەورە و لێهاتووەکانی ئەو بلیمەتە مەزنەی جیهانی ئیسلام گفتوگو و باس و لێدوان و دوستایەتی و هاوفیکری و هاوکاری هەبووە، دەکرێ بڵێین هیچ کام لە کەسایەتییەکانی کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا هێندەی مەلا محەممەد قەزڵجی شارەزایی و ئاشنایی لە ناوەروک و قووڵایی و حەقیقەت و جەوهەری هزر و ئەندێشەی ساف و بێگەرد و بێخەوش و ڕوانگەی چاکخوازی و داڵغەی زیندووکەرەوەی شێخ محەممەد عەبدو، نەبووە.
هەروەها هەرکام لە قوتابیانی ئەم بەرێزە بە نورەی خوی بوون بە برەوپێدە ری ئەندێشە و فیکر و کلوورەی بوژێنەرانە و ڕێفورمخوازانەی سەید جەماڵەددینی ئەسەدئابادی و شێخ محەممەد عەبدو، هەم قوتابیانی کوردی ئێرانی و هەم شاگردانی کورد یان عەرەبی عێراقیی ئەم زانا بلیمەت و بەرێزە. ماموستا مەلا محەممەد قەزڵجی لە برەوپێدەران و وانەبێژان و ڕاڤەوانانی پێشەنگ و بێ جێگرەوەی فەلسەفە و حیکمەتی ئیسلامی بوو و کارامەیی و لێهاتوویەکی ناوازە و سەرنجراکێشی لە فەلسەفەی مەششا و فەلسەفەی ئیشراق و حیکمەتی کردەیی و حیکمەتی هزری هەبوو و بە ڕاستی وانەبێژ و ڕاڤەکارێکی بێ هاوتا بوو لە دەقە فەلسەفییەکان.
کوردستانی روژهەڵات لەم دووسەدەیەی دواییدا کەسایەتییەکی وەها بیرمەند و ڕووناکبیر و زانای داهێنەر و دەسپێشخەر و ئافرێنەر و ڕچەشکێن و نوێخواز کە لە فەلسەفە و حیکمەتی ئیسلامی خاوەن ڕوانگە و بیر بێ و پسپور لە وانەگوتنەوە و برەوپێدان بێ، قەت بەخویەوە نەبینیبوو. لە ڕاستییا گەیشتبووە مەقام و پێگە ی فیلسووفی و ئەگەر کورد لە سەردەمی سەدەکانی پێشوو فیلسووفێکی وەکوو شێخ ئیشراقی هەبووە و فەخری پێوە کردووە لە سەردەمی چاخی دواییشدا ماموستای بێ وێنە مەولانا محەممەد قەزڵجی هەمان پێگە و جێگە و پلەی عیلمی و زانست و مەعریفە و هزرڤانی هەبووە...



## زمانی دایک

سەردەشت. حەسەن ڕەوش"پارێزەر"

"زمان" ئاڵای شەکاوەی گۆڕەپانی فەرهەنگ،کەلتوور،داب و نەریت و مێژووی گەلە،هەروەها پێناسەی فەرهەنگ و بوونی نەتەوەیەک دەکات،هەربۆیە بەفەوتانی زمان،نەتەوەیەک پێناسەی خۆی لێ ون دەبێت،دواتر بەرە بەرە لەناو گەلانی تردا قاڵ دەبێتەوە.

زمانی کوردی لەناو ٨٨ زمانی زیندووی جیهاندا لە ڕیزبەندی ٣١ دایەو ئەوە جێگەی شانازییەو دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەگەیێنێت.

مرۆڤ ئەگەر بتوانێ فێری زمانی زیاتر بێت،دەتوانێت لەگەڵ گەلانی تر زیاتر پەیوەندی بگرێ و زانیاری زیاتر لە جیهان بەدەست بێنێت،ئنجا گەلەکەشی بە جیهان بناسێنێت،بەڵام ئەوە لایەکی بابەتەکەیە.

ئەوەی من لێرە دەمهەوێ لێی بدوێم "زمانی دایکە"،ئەگەر مرۆڤ دەیان زمانی جیاواز بزانێت،هێشتا لەڕووی دەروونی و بیر و هزرەوە هێندەی زمانی دایک گرینگیان بۆ ئەو کەسە نابێت.

نێلسۆن ماندێلا دەڵێ: ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک کە تەنیا لێی حاڵی دەبێ بدوێی،قسەکە تەنها دەگاتە مێشکی،بەڵام ئەگەر بە زمانی دایک لەگەڵی بدوێی،قسەکە لە دڵی دەنیشێت.

لەلایەکی تر کۆمەڵناسان دەڵێن: زمانی دایک لەگەڵ شیری دایک دەڕژێتە گیانەوە و لەگەڵ مردن لەگیان دەردەچێت،بۆیە داسەپاندنی زمانێکی تر بەسەر منداڵێکدا کە دەیهەوێ تازە دەست بە قسەکردن بکات،بە جەنایەت ئەژمار دەکرێت.

ئنجا بەپێی نووسراوەی دامەزراوەی یۆنسکۆ،کەسێک نەتوانێت بەزمانی دایک بنووسێت و بخوێنێتەوە،بە بێسەواد ئەژمار دەکرێت.

تێکڕای ئەو بەڵگەو گوتانەی ئاماژەمان پێ کردن،گرینگی زمانی دایک دەردەخەن.

زمانی دایک یەکەم زمانە کە مرۆڤ بە کۆرپەیی و بە ٦مانگی لە سکی دایکیدا،لەگەڵی ئاشنا دەبێت.

ئنجا دوای لەدایکبوون لە دایک و باوک و کەسانی دەوروبەریەوە وەریدەگرێت.

ئەوەش زمانێکە منداڵ دەتوانێت قسەی پێ بکات و دواتر تا ئەوکاتەی لەژیاندایە،وەک کەسانی قسەزان لەبیرکردنەوەو گوتاردا دانەمێنێت.

بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایانی بواری زمانناسی،منداڵێک کەفێری زمانی دایک دەبێت تەواوی فەرهەنگ،ئەخلاق و ڕەوشت،ئایین،کەلتوور و داب و نەریت،کەسایەتی و شوناسی خۆی لەگەڵ ئەو زمانە وەردەگرێت.

بەڵام کاتێک دەچێتە قوتابخانەو بەزمانێکی جیا لە زمانی دایک دەرسی پێ دەگوترێت و لەگەڵی دەدوێن،پێی وایە تەواوی ئەو شتانەی لەدایک و باوک و کەسوکاری فێریان بووە بێ بایەخن و بەکەڵکی نایەن.

هەر بۆیە ئەو قوتابییە لەخۆی،لە کەسوکاری،لە ئەخلاق و ڕەوشت و ئایینی بێگانە دەبێت،ئەوەشی کە لە قوتابخانە وەری دەگرێت نامۆیە،بۆیە دەکەوێتە دووڕیان و سێڕیان و تاهەتایە ناتوانێت کەسایەتی خۆی بەشێوەیەکی دروست بدۆزێتەوە.

لێرەدا دەمهەوێ بڵێم،هەموو زمانێک لەسەر گۆی زەوی ئاوێنەی باڵانوێنی فەرهەنگێکی تایبەتە،ئنجا زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵگری فەرهەنگ،دەنگ،شێوەی تێڕوانین و بیرکردنەوە لەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین.

ئنجا لە وەش گرینگتر زمانی دایک تاکە زمانێکە بە ئاوێتەبوون لەگەڵ هەست و سۆزەوە فێری دەبین بۆیە ناکرێ جێگرەوەی بۆ دابنرێت.

بەپێی سەرچاوەی گۆڤاری نێونەتەوەیی: le français dans le monde no ٣٥٥ janvier ٢٠٠٨

لە ئێستادا نێزیک لە ٧ هەزار زمان لەسەر گۆی زەوی قسەیان پێ دەکرێت،ئەگەر ٢٠٠ وڵات لەسەر گۆی زەوی بۆ ئەو زمانانە ئەژمار بکرێن،بە شێوەی مامناوەندی هەر وڵاتەو ٣٥ زمانی بەردەکەون.

هەڵبەت ئەو هەژمارانە تەنها لێکدانەوەیەکن و بۆ هەموو وڵاتەکان وەک یەکتری نین.

زمانناسان،زمانەزیندووەکانی جیهان لەڕووی هۆکارگەلی جۆراوجۆر هەڵدەسەنگێنن و دەیانخەنە ڕیزبەندەوە.

بەشێک لەو هۆکارانەی زمان دەناسێنن و پلەی زمان لە ڕیزبەند بەرز دەکەنەوە ئەوانەی خوارەوەن:

١ ـ ئەژماری ئەو کەسانەی لە جیهاندا بەو زمانە قسە دەکەن ـ

٢ ـ ڕێژەی بەربڵاوی زمانەکە

٣ ـ هەبوونی زۆرینەی زانایان،هۆزانان و پسپۆڕان کە بەو زمانە قسە دەکەن

٤ ـ ڕێژەی خواست و ئەوینێک کە خەڵک بەرانبەر بە زمانەکە هەیانە

٥ ـ هەژماری کتێب و نووسراوەکان بەو زمانە لەچاخی سەردەمدا.

جگە لەو چەند خاڵەی سەرەوە لەسەردەمی ئەوڕۆدا کەڵک وەرگرتن لەو زمانە لە ئینترنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر زیندوومانەوە و بەرۆژبوونەوەی زمانەکە یەکجار زۆرە.
خەڵک بە کەڵک وەرگرتن لە تەختەکلیلی کوردی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بۆخۆیان هۆکاری زیندووڕاگرتن و بەرۆژکردنەوەی زمانەکەیان بن.
هەرچەند ئێمە تا ئێستا زمانێکی یەکگرتوومان نییە،بەڵام زمانی کوردی لەڕووی زاراوە یەکجار دەوڵەمەندە،زۆرن ئەو گەلانەی خەریکن بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان وشە دەتاشن،بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ئەوەیە،کاتێک لەفەرهەنگێکدا وشەیەکی بێگانە دەبینی دەیان وشەی هاوواتای کوردی لەپێش ڕیز دەبن.
ئەوەش دەوڵەمەندی زمانی کوردی دەگەیێنێت.

لە کۆتاییدا ئەوەندە دەڵێم ڕەنگە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە هێندیک بواردا،هەڵبەت بۆ هێندێک کەس کە شێوەی بەکارهێنانی دروستی ڕەچاو ناکەن خاڵی نەرێنی بن،بەڵام بۆ ئەو کەسانەی دیانهەوێ شوناسیان،فەرهەنگیان،داب و نەریتیان و زمانیان ببووژێننەوە خاڵی ئەرێنی و دەرفەتن،با کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرین.
با هەرکام لەو تۆڕەکۆمەڵایەتیانە بکەینە هەزاران مامۆستا،قوتابخانە،زانستگەو فێرگە بۆ بووژانەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی،تاکوو ئاڵای فەرهەنگ،کەلتوور،داب و نەریت و مێژوومان کە زمانی دایکە شەکاوە بمێنێتەوە.

سەرچاوەکانی وتار
ماڵپەڕی ویکیپدیا،ماڵپەڕێ،ماڵپەڕی دویچە ولە فارسی،ماڵپەڕی زبان و ادبیات ترکان خراسان،ماڵپەڕی وقایع روز،ماڵپەڕی روزیاتو،وتاری زانستی "اهمیت زبان مادری الهام آریان نیا"،
ماڵپەڕی "خانە،فرهنگ،هنر"،ماڵپەڕی "جاودان"



سەقز. ژاکاو کەسنەزانی
پێشکەشەو دیاری سڵاوێ بە جوانی بەژنی زەردی هەتاوی دەم کەل،
کاتێ خۆ لە سینەی کچی سپی و سۆڵی بەفری ڕێبەندانی زستان و چلە چکۆلە توند دەکات و،تریقە تریق بە کەژو کێوی "بەکر" ئاسا پێدەکەنن،
ئەوانیش "تامەزرۆ" یانە چاوی ناهومێدی و بێ دەسەڵاتیان تێ دەبڕن و،وەک مەلێکی پەل و باڵ کراو نەتوانینی "فڕین" هێز و وڕەی دابەزاندوون و قەڵەمی چۆکیان لە دەسداوە.
من ئەو مەلە تامەزرۆم کە چلاوچڵ بۆ گلووکی تازە دەرۆم و هەوای فێنکی دارستانی چڕی ئاوات هاوڕێیەتیم دەکات،خۆم و بەختم ئەگەرچی تائێستا لە سێرەی بەلحی ڕاوچی دوور و قەڵپەسی دارین و شۆکی کارەبایی و لوولەی تەفەنگی بەرەو لام ڕانەداشتووە،بەڵام ترس و دڵەڕاوکێی لە دەسچوونی هەزاران گوڵی پەرپەڕبووی هەمەرەنگ و سەرنج ڕاکێش مرخی لێ چنیووم.
لە بەر ئەوەیە هەر کاتێ دەمەوێ سڵاوێ ئاراستەی دۆستێ،خۆشەویستێ،ناسیاوێ بکەم ،قەڵەمەکەم مەست و سەرەڕۆیانە بە پەلەپرووزێ خۆی لەدەستم ڕادەپسکێنێ و سەر بزێوانە بەرەو سروشت و دیمەنی جوان و هەوای هەوارده ئاژو و دەستەمۆی دەستاوی کانی و سەوزەڵان و بناری چیایە و هەواری دڵ بەو خەڵاتانە دەرنگێنێ و خۆ لە بەحری بێ پەیی وشەی خۆماڵی داوێ و دەستە گوڵێ وەک پەخشان دەنەخشێنێ،زۆربڵێیی و دەلووبوونی منی شەرمەزاری سەر کاغەز ردووەو خوێنەرم لێ دەتەکێنێتەوە،مەگەر ئەوانەی سینگێکی بەربڵاویان هەیە و شارەزای خوو خدەی خۆم و قەڵەمەکەمن.
چارە چییە؟ لەوەتی من و قەڵەم بووینەتە هاودەم،ئەو بە هێمنی و منیش هەژارانە دامەو بە دەمیەوە.



## پووره وەنەوش

بانە. قادر خدر زادە

حیکایەت خوێنی پیری گوێی پیره ئاگردانی ماڵە کوردان ئاوامان بۆ دەگێڕێتەوە کە پووره وەنەوش ناوێک ژنی کابرایەک بە نێوی زۆراب بووە ،زۆراب هەتا خوا حەز دەکا زمان پیس ،کارنەکەر و نالەبار بوو ،زۆراب شەووڕۆژی چوار جاران پوور وەنەوشی شل کوت و تۆز تەکێن دەکرد ،خا وەنەوش خاوەنی سێ منداڵی سەلکەو پێچکە بوو ،خاونەوش بەناچاری بڕیاری جیا بوونەوەی لە گەڵ زۆراب دا و زۆراب بەو شەرتەی کە وەنەوش منالەکانیش لە گەڵ خۆی بەرێت تەڵاقی دا.

پاش ماوەییک خا وەنەوش شووی بە هۆمەر ناوێک کرد ،خاوەنەوش لەمەو دوا دایم ودرهەم لە لای هۆمەر پیشەی پێداهەڵکوتن بە زۆراب بوو کە شاخی وابوو ،باڵی وابوو ،سەبیلەو قلیانی وابوو ،ئازاو پاڵەوان و نان بەدەو بە جەوهەر و ڕەشید بوو ،زۆر جاران منداڵەکانی دەیانگووت باشە ئەرێ دایە باوکی ئێمە کە ئاوا مەرد بوو بۆ ئێمەت لەوباوکە چاکە کرد و ئاوارەت کردین و بەر دەستی باوە پیارەت خستین ،پوور وەنەوش هێندەی بە زۆراپ داهەڵگوتبو ،هۆمەری بەستە زمانی کپ و لاڵ کردبوو نەیدەهێشت مرەی لێ بێت،ئەگەر چی زۆر لە زۆراپ پیاو تر بوو.

ئەم حەقایەتە زۆر لە حاڵی ئێمە دەچێ ،سەیری کوردستانی خوارێ بکەن و ببینن داخۆ چۆن باسی سوارچاکی و ئازایەتی سەددامە زێڕە حسێن دەکەن و ئاخی بۆ هەڵدەخوازن ،ئەو سەددامەی کە کارەساتی کوشت و بڕی کوردان

لە پرۆسەی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجە بە فەرمانی ئەو بوو ،پتر لە سەد وهەشتا هەزار کوردی ئەنفال کردن .و ئەمنە سوورەکەی سلێمانی پڕ کرد لە کچی ڕوو سووری شۆڕشگێڕی کوردی و هەزاران کاری دژە ئینسانی و قێزەونی خوڵقاند ئەمە حاڵی زۆربەی ئێمەیە و بووینە چاوش بۆ ڕەحمەتیەکە و پیاوە کۆنەکەی پێشوو.

ئێمەو پوورەوەنەوش لە یەک شت دا لە یەک دەچین و شوعاری گەورەو گرانمان بۆتە ئەوە:

سەد ڕەحمەت لە ڕەحمەتیەکە

---



## بەهاریە

سەقز. عەتا ساڵح پوور

گوایە چەن ڕۆژێکی تر، ئێژن بەهاری جوانییە
ئەم تەوژم و تۆف و شەختە، تازە عومری فانییە
گوێ لە هەر لایێکی شل کەی هەر چریکەی بولبولە
هاژە، هاژ و قەڵبەزەی هەر کوێرە شیو و کانییە
دێ بەرامەی گورزی کاوە،گەر گەزیزە دێتە دەر
زێدی "کاوە" بۆ "زوحاک"ی هەر دەمێ، گڕکانییە
دەنگی خۆشی "خاسەکەو"، هەر ڕاوکەری بۆ هان ئەدا
داخەکەم داو دۆز نیە خۆ، ئەو مەلە کوێستانییە
چنگی واشە، گەر هەرێمی کۆتری ئاشتی دەوێ
خۆ لە برسانا نیە، هەر دەردی بێ ویژدانییە
خاکە لێوەی مێژوو بێ شک، زۆر بەهاریەی پێوەیە
مەولەوی، زاری، وەفایی، یەک لەوان "قائانی"یە
وا مەزانن خاکەلێوە، لێوی هێمای خەندەیە
جار بە جارە شینی بارە، گیانەکەم نا، وا نییە
خاکەلێوەی ئەم بەهارە بۆ "عەتا" دوو شیوەنە
شیوەنی شەوبۆی هەڵەبجە و، سوورگوڵی "کۆبانی"یە

---



سنە. پ.ڕ.سایدا

من دەستی تۆ دەگرم و
ئەتۆش دەستی من
با باران و باوان
بدووڕێنین بە چاکی کەوای
شارەوە،
با سەڵی سوخمەی من و
شەدەی شانی تۆ
گیرۆدەی یەک بن
با شاڵی سەر چینی
کراسی تۆ
باوەش بە
چارەکەی مندا بکات و
هەنار هەنار
بۆنی کوردەواری بدەن
وەرە با خەونەکانی
ئەوینی من و تۆ
لق و پۆی دار شەلانەوە
جێژوانی
ڕەشەمەوە خاکەلێوە بن...



١٩ ڕەشەمە ڕۆژی جلی کوردی

## زینده خەو



بانە. غەفوور ساڵەحی

لاڵم، دەمبێن کراوم
لە سەر خۆ، نیە حاڵم
کرچم،کاڵم، منداڵم
لە زیکری ناوی لاڵم

پتر لە پەنجا ساڵم
کەچی هەر کرچ و کاڵم
هەرچەن گەریدەو شەیدام
بۆ ژوانگەی دەسبەتاڵم

تەمەن بەرەو لوتکەیەو
ئێستاش! هێندە سەر قاڵم
نازانم بۆ چی هاتووم
بە شوێن چ دا ، عەوداڵم

ژیان ڕۆیی، هیچ نەما
دەڵیی، شکاوە باڵم
ساڵ و ماڵ و حاڵ نەما
بە تەمای وردەخاڵم

ژینی پڕ لە ڕەنجی خۆم
چۆن لە زەینم داماڵم
چم بۆ نەکرا هەتاکوو
یارم بکا حەلاڵم

دەڵێ بیر و خەیاڵم:
کوانێ یار و هەڤاڵم
تەنیا بۆم ماوەتەوە
عەشقی ماڵ و منداڵم

لە سەر حوکمی، زەواڵم
لە دەستی چی بناڵم؟!
لە دەس ڕۆژگاری زاڵم؟!
شەرت بێ لەویش نەناڵم!

هەرچەن، بۆتە ئۆباڵم
شریتی ژینی تاڵم
ئاها بزە و پێکەنین
بوونە هاودەمی حاڵم

لە چواردەوری زێدی خۆم
ڕاویاری ڕێی کەماڵم
هەرگیز، بیر ناکەمەوە
داخۆ، لە کوێ بێ چاڵم

بیر و هەستم شیرینە
هەرچەن لە خەم دارماڵم
شەرت بێ ئیدی پەژارەو
کەسەر لەسەر داماڵم

ژیان خۆشە، هەر چەنیش
لە دەستی وی بناڵم
مەچەک هۆشەو؛ چاوم بیر
بوونە گورز و گۆپاڵم

هەتا نەرۆم، هەر ماوم
تا ڕاینەگوێزن ماڵم
هەتا ئەو ساتەی؛ دەژیم!
کە زیندوو بێ خەیاڵم

هەرچەن وەکوو دەمبینن
وێڵ و تەرام لە ماڵم
چواردەورم ماڵ خۆمە
زێدی خۆمەو حەلاڵم

ئیتر شەرتە نەناڵم
لە دەس ڕۆژگاری زاڵم
خۆزگە بخوازم بە پار
گلەیی کەم، لەم ساڵم

دڵم گەرمە و خۆشحاڵم
لە خەونی خۆش شەلاڵم
ئەڵێن خەبەر زۆر خۆشە
لای جیران و هاوماڵم

زۆر و زەبەندە زێدم
پان و بەرینە ماڵم
ئیدی خەم هەڵناگرێ
خەونی ڕوون و زولاڵم

گەلێ خۆزگەم بە ئەورۆ
زۆر شادم و خۆشحاڵم
دەدرەوشێتەوە، وەک خۆر
لە نێو سێ سین،خەیاڵم

## نەقاشی



سەقز. مریەم یەتیمی

ڕۆژێک نەبوو
من لە پڕ مەعناترینی ڕۆژەکانەوە
هاتووم
لەگەڵ قەڵەمەکەم ڕوخساری ژنێک
ئەکێشمەوە
شەپۆلی قژەکانی تاڤگەی
وەک مەڵۆی تیشک بە سەرخەیاڵم دا
ئەدرۆشێتەوە
لە ڕوخساری ژنێک دا
چاوم ئەچێتە باخی ڕەنگەکان و
ئەو درختانە ئەدوێ
چاوەکانیان مەستی ڕوانینی شەقام و
پاییز و گەڵا ئەبێ
لە بزەی لێوی ژنێک دا دنیا ئاوەدان
وەک چۆن بە کاتی شێعرێک !
شاعیرێک هیواکانی گەشە ئەکا و
لە گوێسوانەی چاوی
بزەی فرمێسکێکی چاوتەڕ :
ڕۆژی ئافرەت پیرۆز
شێوەی ڕەنگاوڕەنگ ئەبینم
مەوداکان ئەبینم
چریکەی بێدەنگی و
یاسی پڕ لە زەخمی ناخ...

هەر دەم لە درەخت و شەقام و
ئاسمانی ساوەوەئەڕوانمە
دڵۆڤانی وەرزەکانە
ئەڕوانمەگوورەیی پاییز و
خوشکایەتی ورزەکان
پاییز هەرچی شک ئەبا
بە زستان و یەلدای ئەسپێرێ
تەنانەت
دەنک ، دەنکی گەنمەکان لە
ناو لانکەی عەرزدا بە
پەتووە هەورێشمینەکەی بەفر
دائەپۆشێ
بەهار هەر دێت و
چرکەکان پڕ ئەبێ لە بیری شۆڕەبی و
گوڵەگەنم
شاعیرێک لێوی پڕئەبێ لە خەندە
قەڵەمەکەم بەرە و پێش تر دەچێ
وەگ گەڵای مەست

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# کاریگەریی ئافرەتان لەسەر زمانی زگماکی



بۆکان. ئەمین گەردیگلانی



دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من کوتم تۆش تێبگە ناگاتە زەریایە زنە
«هێمن“

هەموو میرات و بەشەماڵ و هەقێک لەلایەن باوەکەوەیە،کەچی سەرەکیترین و بنەڕەتیترین ملکێک کە زمانە،لەلایەن دایکەوە بە مرۆڤ دەگات. یەکەم شت کە منداڵ دوای پشکووتنی زمانی فێری دەبێ ”زمانی دایکە“. چونکە دایک لە هەموو کەس نزیکترە و پێوەندییەکی مەزنی ڕۆحی لە نێوان منداڵ و دایکدا هەیە و سروشتییە منداڵ یەکەم وشە لە دایکەوە فێر دەبێ . کەوایە دەتوانین بێژین دایک گەورەترین و بەرچاوترین ڕۆڵی لە گەشەی زماندا هەیە و ئافرەت سەرچاوەی زمانە.

منداڵ هەر لە یەکەمساتی دەستپێکردنی ژیانییەوە بە تاڵە تیشکی ئەوین و عاتیفە بە دایکییەوە گرێ دەدرێ. دایک بەشێوەی فیزیکی و ڕۆحی و ئەخلاقی لە خزمەت ڕۆڵەکەیدایە و پەروەردەی دەکا . لە هەموو بارێکیشەوە دەتوانێ کاردانەوەی لەسەر منداڵەکەی هەبێ . ئەرکی دایک لەگەڵ ئەوەی زۆر پیرۆز و پاکە و جێگای ڕێزە،زۆریش ئەرکێکی قورس و گرانە و هەموو ئافرەتێک ڕێی ناکەوێ ئەو ناوە پیرۆزە و ئەو مەقامە بەرزەی بدرێتێ. چونکە ئەرکی دایک تەنیا بەخێوکردن و شیر پێدان و خاوێن کردنەوە نییە،گەشانەوە و پێگەیشتنی هەر نەتەوەیەک لە زانایی و تێگەیشتنی ئافرەتانی ئەو میللەتەوەیە . هەر نەتەوەیەک ئافرەتەکانی زانا و ڕووناکبیر بن،ئەو نەتەوەیە مەزن و ئازاد و سەربەرز دەبێ. پێناسەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی؛ زمانیش لە دەست ئافرەتی ئەو نەتەوەیە دایە و دەتوانێ بیگەشێنێتەوە،یان بیفەوتێنێ.

با بە ئەو چاوە پڕ هیوا و مەزنبینییەوە بڕوانینە نەتەوە و کۆمەڵی خۆمان و هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆڵی ئافرەتانی خۆمان بکەین و بزانین هەتا چەندە توانیویانە ئەو ئەرکە پیرۆز و مەزنە وەئەستۆ بگرن. ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام زوڵمی لێکراوە و داری هەموو دەردێکیان لەسەریدا شکاندووە،ژنبەژنە و گەورە بە چووک و بنپشک و بەردیلی و بەرخوێن و بنەتوو و دەیان جۆری دیکە ستەمی دەرهەق کراوە و تەنانەت بە شێوەی شەرعی فرۆشتووشیانە . بەداخەوە زۆر جار زوڵمەکان هەر لەلایەن ژنەوە دەرهەق بە ژنێکی دیکە کراوە و بۆتە بنۆسی چارەڕەشی و هەناسەساردیی هاوڕەگەزێکی خۆی . لەماڵێدا ئەگەر بۆرە دەسەڵاتێکی بووبێ داخی دڵی خۆی بە ئافرەتی بەردەستی ـ کچ و نەوە و بووک و خوشکی چکۆڵە و ... ـ خۆی ڕشتووە و هەر ئەوەی پیاو کردوویە ئەویش کردوویەتی. یان ژن بە خواستی خۆی و بەبێ زۆرەملی و ناچاری سەربەهەوێ شووی کردووە و بۆتە هۆی تاڵکردن و شێواندنی ژیانی ئافرەتێکی دیکە و ... با زۆر لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە،ئافرەت لەگەڵ ئەو هەموو دەرد و نەگبەتی و بێدەسەڵاتییەش،کاتێ بووە بە دایک،زۆر بەرپرسانە و دەرۆستانە شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە پیرۆزە و منداڵی پێگەیاندووە . هەتا ئەمڕۆش زیندووڕاگری زمانەکەمان بوون و بەشێوەی زارەکی پەرەیان پێداوە و نەیان هێشتووە لەنێوبچێ. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ژیانی شارستانی و تێکەڵبوون لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی بێگانان و دەروجیران،ئەگەر ئافرەتان وشیار نەبن و خۆ لەو ئەرکەمەزنە ببوێرن،بەڕاستی زمانەکەمان لەمەترسی دایە. لە کۆمەڵی ئێمەدا بەداخەوە ئافرەتان شەیدای زێڕن و ئەوەی بەلایانەوە سووک و کەمبایەخە متاڵا و خوێندنەوەیە. تەنانەت ئافرەتە خوێندەوارەکانیش زۆربەیان تووشی ئەو پەتایە بوون و هەن. چاو لە هەر دووکانی زێڕینگەرێک دەکەی بە دەیان ژن لەبەر جامخانە و لە نێودووکانەکەدا جمەیان دێ،بەڵام دووکانی کتێبفرۆشی و جامخانەکەی بۆ نیونیگایەکیان وەختە سیوشکەی هەڵێ و کتێب چاوەڕوانە ئافرەت بە باڵی پەپوولەی چاوی،تۆزی سەر ڕوخساری لاپەڕەکانی بتەکێنێ.

ئافرەتانی ئێمە تا کەنگێ بەخۆدا نایەنەوە و ئەو کانزا زەردەڵە گڵاوە فڕێ نادەن،کە هۆی تەواوی چارەڕەشی و دواکەوتن و سووکایەتییانە. ڕەنگە لەبەرچاوی تاقمێکی ناهیر و ئەقڵلەچاودا،بتوانن خۆ بە ئەو خرموهۆڕی تەنەکە و ئاسنەواڵانەوە ڕانانێن و پۆزی پێوە لێدەن. ئایا بووە بۆ تاقەجارێک بیر بکەینەوە و لەخۆمان بپرسین ئەو تەنەکە زەردە بەکاری چیدێ و بۆچی دەبێ؟ هەتا کەنگێ ئەو کانزایە دراوێک بێ بۆ کڕین و فرۆشتنی ژنان و هەڵیان فریوێنێ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ژن بە زانایی و تێگەیشتوویی و خوێندەواری نرخ و بایەخی خۆی بەرێتە سەر و سەرنجی خەڵک ڕاکێشێ و بە زانست و بلیمەت بوونی تەنانەت خەڵک تووشی سەرسووڕمان بکات؟ و بۆ پیاوان و کۆمپانیاکایان نەبێتە کاڵا و مۆدێل؟ ئایا ئافرەتان قەت بیریان لەوەکردۆتەوە زێڕ چێشکەیەکی هەڵخەڵەتێنەر بووە و داهێنەری هەرکام لەو زەمبەر و خشڵانەش پیاوە؟ دیارە بۆ دیل کردن و کڕینی ئەوان سازکراون و پیلانەکەشیان زۆر سەرکەوتووانە بووە؟ بازنە خۆی جۆرێ کەلەپچەیە بۆ دەست و باڵ بەستنیان،گوارە ئەڵقە بە گوێبوونە،ملوانکەش زنجیرە و لە ملی کراوە،ئەوانەشی هەمووی لەلایەن پیاوەوە پێدراوە.

«گوارەکەت ئەڵقە بە گوێبوونە، کەلەبچەی مەچەکت بازنەیە
تۆق و زەنجیر لە ملتدا وەکوو ملوانکەیە، کۆت، پاوانە.“
"ئەمین گەردیگلانی"

یان هێندێ لە ئافرەتان هەستی ئیمان بەخۆبوون و ورەیان ڕووخاوە و خۆیان لە میللەتانی دیکە بە کەمتر دەزانن، کوێرانە و لەخۆڕا شەیدای فەرهەنگی بێگانە دەبن و فەرهەنگی دەوڵەمەند و پاقژ و زمانی ڕەسەنی خۆیان بەلاوە سووکە . ”لێرەدا باس لەسەر ئافرەتانە دەنا ئەو پەتایە لەنێو پیاواندا باوترە“ وشەی دایە و پووری و مامە و باوە و خاڵە کە لەباری مۆسیقایی و جوانیناسی و ڕەسەنییەوە ئەو هەمووە جوانە، بە وشەی مەمان و عەممە و خالە و عەموو و ئاغا و دایی دەگۆڕنەوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئافرەتانی هێژا بەخۆیاندا بێنەوە و هەست بە گەورەیی و مەقامی شایانی خۆیان بکەن و لەوە زیاتر خۆیان بە کاڵا و ئامرازی دەستی پیاوان نەزانن و پێیان وانەبێ مڵکی پیاوانن و هەردەبێ ملکەچ و گوێلەمست بن؟ با لانیکەم خۆیان، وەک مرۆڤ و خاوەنی ماف و ئازادی چاو لە خۆیان بکەن.

ئەگەر ژنان و کچانمان تێکەڵ زانست و خوێندنەوە بن و هەست بە گەورەیی خۆیان بکەن دڵنیام کۆمەڵگاکەمان نەک لەباری فەرهەنگ و داب و نەریتەوە، لە هەموو بارێکەوە گەشە دەکا و دەبینە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ڕەسەن و پێشکەوتوو . ڕادەی جینایەت و بێبەندوباریی لاوان و موعتادبوونیش دێتە خوارێ و تەنانەت زانایی ئافرەتان دەبێتە هۆی ڕیشەکێش کردنیشیان .

ئافرەتان ئەگەر زانا بن و ئاسۆی بیر و ئەندێشەیان ڕووناک بێ، پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن نابەن و بە چەکی بیر و باوەڕ و زانایی دژ بەوکارە ڕادەپەڕن کە بۆتە هۆی هیوابڕاوییان.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئافرەت هەقی خۆیەتی شانازی بە خۆیەوە بکا، چونکە دایکە و دەبێتە دایک . دایکیش سەرچاوەی ژیانە و زمانیش لە ئاسۆی زانایی و ڕووناکبیریی دایکەوە گەشە دەکا. جارێکی دیکە دەیڵێمەوە: پێناسەی هەر نەتەوەیەک زمانەکەیەتی و سەرچاوەی ئەو زمانەش ئافرەتە. دوا وتەشم ئەوەیە، خۆزگە ئەم قسانەی من ژنێک بینووسیبایە و من ناچار نەبوایەم جەوری ئەوان بکێشم.

«تاکوو ژن زیزە لە ژینی شادی،
هەڵینەمژیوە شنەی ئازادی
ئەم دڵەم هەردەبێ لانەی دەرد بێ
بیر و شێعرم دژی ڕەنگی زەرد بێ
ئەو دەمە دێتە دی تاسە و کاوم
ژن بە ئازادی ببینێ چاوم.“
"ئەمین گەردیگلانی"

| کاریکاتۆر | بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی |
|---|---|










ئیلام. رودوس فەیلی" مصطفی بیگی"

چە خوازیَ؟ ئژ خومە و حاڵ ِ خراوم
چە خوازیَ؟ ئژ خومە و جەرگ ِ کەواوم
بچوو وی وی بشێوی هەی بشیوی
ک شێوانینە؛
شاو،
خاو،
لاوەلاوم

**

تو خۆ زوونی ک" وەیَ"؟ خەم نانە ناوم
تو خۆ دیتە کزەیَ جەرگ ِ کەواوم
"تو خۆ دیتە کزەیَ جەرگ ِ کەواوم"
ئەلاَل ئمکە دەمیَ،
دەنگی ڤ ِ بێدەنگ
ک ِ خوو زوونی م تێژنەیَ لاوەلاوم
.
وەیَ،وە؟ مخفف" ورچە؟"، لەبەرچە =whay? = چرا؟

*یک دوبیتی بە گویش کوردی فەیلی
لهجەی کوردی پهلەای یا کوردەلی
ایل کورد جنوب استان ایلام و جنوب شرق عراق و شرق دجله



سنە. زوهرە سەولی

نیشتمانم خۆش ئەوێت ودەشتی عەشقم گرتە بەر
خۆشەویستی من بەگفت ولفتی تۆ دەڕواتە سەر
ئەو شەکەرلێوەت بخۆم هەرچی کەئێژی بێژەدەی
من هەرئەوکوردەم کەبێباکم لەبەرزایی وکەمەر
من پەنابۆکێ بەرم کاتێ کەدۆسم دۆژمنە
هەریەکم رۆژێ کەدیتم، فاتحەی خۆم خستەبەر
ئاویەرگەورە وبچوکەش، ئاوێنەی شێعری منە
تۆێش ئەگەربمدەیتێ ماچێ بۆت ئەنووسم شێعری تەر
هەورەڕەش پاییزی ژینم وردە وردەدێتە پێش
زوهرە جاران مۆشتەری بوو، لەم گێژاوەم بێنەدەر

## *سێ شێعر لە کوردستان خوارین

ئیلام. رودوس فەیلی" مصطفی بیگی"

سێ دوبەیتی وە بنزوان کوردی فەیلی، بنزار پهلەیی یا کوردەلی ک
هن ئێڵ کوردە دە لاخوار ئوستان ئیلام و رووژهەلاَت خوارین عراق

"۱"

یە ڤەرچە؟ ماڵەکەم شێوانی،
ئمکە
یە ڤەرچە؟ حاڵەکەم شێوانی،
ئمکە
ڤ ِ لێو ِ بارگرتە، مەر چە کردی؟
ک ِ ئژ نوو خاڵەکەم شێوانی، ئمکە

"۲"

تو خۆ زوونی ک "وەیَ"؟ خەم نانە ناوم
تو خۆ دیتە کزەیَ جەرگ ِ کەواوم
"تو خۆ دیتە کزەیَ جەرگ ِ کەواوم"
ئەلاَل ئمکە دەمیَ،
دەنگی ڤ ِ بیَدەنگ
ک ِ خوو زوونی م تێژنەیَ لاوەلاوم

"۳"

چە خوازیَ؟ ئژ خومە و حاڵ ِ خراوم
چە خوازیَ؟ ئژ خومە و جەرگ ِ کەواوم
بچوو وی وی بشێوی هەی بشیوی
ک شێوانینە؛
شاو،
خاو،
لاوەلاوم

*فەرهەنگۆک:

–م ِ = من
–زوونی، زۆنی: دەزانی
–ڤەرچە، وەرچە، وەیَ= لە بەر چی، بو چی
–ئمکە، ئینکە: ئێستا
–مەر= مەگەر
–دینە، دیتە= تو بینیت
–خۆ= خو، کە
–خوو، خاس= باش، چاک
–ڤ= بە
–خومە= خۆم
–ئژ، ئەژ= لە

–بچوو وی وی= برۆ هەر نەمینی "جوورێک نفرینە"
–تێژنە= تێنوو
–شاو= شەو
–خاو= خەو
–لاوەلاو= لالایی
–شێوانن، شێوەنن= تێکدان
––چە= چی
–یە= ئەمە، ئێستا
–بار گرتە= بار گرتوو
–نانە= ئەیانناوە، گذاشتەاند
–ئەلاَل، بچڕ= بخوێنە

–هەی= هەر

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# پشیلەی تۆبەکار



بانە. قادر خدر زادە

وادەگێڕنەوە ساڵ وزەمانان
پشیلەییکی پیری لاکۆلان

کاتی بێ هێزی وتەمەنی پیری
ئەتواری کۆنی کەوتەوە بیری

بە ملوێن ورگی مشکی دریبوون
مێشکی هاڕیبوون ملی بڕیبوون

خواخۆی دەزانیکە چەندی کوشتبون
لە بن کەندوان دا کە خوێنی ڕشتبوون

کاتێک دەکەوتە نێو خێڵی مشکان
هەزاران مشک لە خوێن دەخەڵتان

هەرمشکێک ناوپیشیلەی بردبا
لە پێدەکەوتو دڵی دەوەستا

بەپیشەیدزێو عەینیچەنگیز بوو
بکوژو ڕژدو بێ دینو بەدخوو

دایم لە خوێناسەروسمێڵی سوور
پشیبێ ڕەحمی زل و ملئەستوور

وەک فیلی هیندی یان شێری ژیان
پان و پۆڕ ببو ملیوەک کۆپان

پەرێزی پیس بوو مامەگورپەی پیر
وتی واچاکە لۆخۆم کەم تەگبیر

تەنیا ڕێ چارەم تۆبە کردنە
ئاخر وئاکامی ژینم مردنە

جاچۆن لە ڕووم بێ لە دەشتی مەحشەر
دۆسێی ناحەزم بهێنمەدەر

واچاکە ئەمجار ببمە تۆبە کار
بەشکم بمبەخشێ ڕەحمانی دادار

وەغەیری تۆبە نیەسم چارە
خودا سووکی کەی لەمن ئەم بارە

دەچمە مزگەوتێ، دەیرێ، کەنیسێ
مۆمی ئیمانم بەشکم هەڵگیرسێ

چلەی دەکێشم دەبم بە سۆفی
وەی لەقەبری تەنگ لە ترس و خۆفی

دەنێرم بۆم بێ لەلای هەووڕامان
دەستێک تەسبیحی ئەبڵەقی قەزوان

تەهلیلەی دەکەم وە دەکی تەسحێو
دەبمەدژمنی جنو دێووخێو

حاشا لە کردەی ناحەزی جاران
ئەو سات ببومە بەد ناوی شاران

ئۆخەی کە ئێستا هۆگرینوێژم
ئە ە بە فیرۆ چوو تەمەنیدرێژم

شەوێک مشکێکیان لە درزی دەرگا
گوێی لە گورپەبوو بە دڵ دەگریا

فرمێسکی دەرشت دەپاڕایەوە
قوڕی دەپێوا دەلاڵایەوە

دیگوترەحمکەی خوداوەندیحەق
بە تاوان باری دڵوەک بەردی ڕەق

فرمێسکی دەرشت وەک تاوی باران
لە مەرکردەوەی ناحەزی جاران

مشک مژدەی برد بۆ خزمو هەڤاڵ
وتی ورنە دەر گۆڕاوە ئەحواڵ

گورپەپیر ئەیژێ تۆوبەم کردگە
پشیلەی پێشووبرا مردگە

تۆبەی کردوە چۆتە خانەقا
پەیمانی داوە چیتر نەمانخوا
چی جانەوەرە بۆوی بوونە خێش
بۆتە نەسووح و فەرموو وەرنە پێش

مشکبە تێکرا ڕژانە مینبەر
چوونە خزمەتی لە ملوێنبەدەر

کردیانە سەما لە لای پشیلە
مشکیقەڵە وو خڕوخنجیلە

دو دووسێی دەچوونە کۆڵی
لە سەرگازی پشتبۆیان دەمۆڵی

ئەویش بە دەنگینەرم و لە سەرخۆ
دەیکردە شین و گریان و ڕۆ ڕۆ

دەیگووت شاهید بە خودای بانی سەر
دەرۆمە حەج و لە پێشمە سەفەر

بە خێڵی گورپەفەرمانمداوە
بێ ڕێزی مشکبنێنە لاوە

نازیان دەکێشم وەک منداڵی خۆم
بابەشاهید بن پاکعەجەم ڕۆم

تەشریفی هێنا دوایە شای مشکان
واژۆیەکی کرد دەریکرد فەرمان

بیکەنەجێژن ، لە مێژووی وڵات
جاربدەن خێرا بۆ چینو شامات

گورپاغابوتە دۆستو پارێزەر
سەیری فەقیانەو عەبای سوور لە بەر

بە دڵیداهات پشی لە ناکاو
برسیەتی دەبێ نێچیر بکاڕاو

پۆلێکی باشیهەنگاوتن بەچاو
چواری لەپرێک خستنە تۆڕوداو

مشهوورە دەڵێن لەسکی برسی
خۆ گێلکردنەئەگەڕ نەترسی

پرژ و بڵاو بوون سەریان لێشێوا
وەک ڕۆژی مەحشەر قوریان دەپێوا

لێیان حاڵیبوومشکی بەستەزمان
تاقتاقی دەگرت گورپاغا جاران

وتیان ئای خۆزگە بەساڵانی زوو
کەگورپە هێشتاتۆبەی نەکردبوو

گورپە شکاندی تۆبە لە برسان
مشک تێدا چوون وەک گەڵای داران

پەیمان لای گورپە بێ نرخە و بەتاڵ
برسی ناناسێ دۆست و باب وکاڵ

پشیلە و تەهلیلەوزیکرو تەسبیحات؟!!
باوەڕبەفەرموو هەیهاتە هەیهات !



سنە. زوهرە سەولی

ـ ساڵهایە چاوەڕێ پاییزدەکەم،
ئەوتابلۆیە وپاییز وچیرۆکەکانم چاک یەکتر دەگرنەوە.
ـ وکوو ژنان کە هەمووشتێ بۆپاییز کۆدەکەنەوە،منیش زۆرشتی کۆن وتازەم داناوە بۆپاییز.
سەرتان نەیشێنم.
ئەم ماڵە هیچی تێدانیە،بێجگە چرایێک وکترییێک وبڕێ وردە واڵە.
له ڕاستیدا من لە ژیانمداخاوەنی هیچ نیم بێجگە هەستم.گاهەز بۆ ئەوەیە دابڕانم لە ژین یا شاروتەنانەت خۆم ڕاحەت بێ.
ـ دایکم بە توورەیی دەڵێ ڕۆڵە هەرماڵێ وێنەی تێدابێ،مەلایێکە ڕووی تێ ناکات.
پێدەکەنم
ـ بەقوربانت بم،تۆ رووم تێکە،کەسی دیم ناوێ
ـ تۆ دەڵێ سۆقاتی گاوان شوان هەپلۆکە
ـ پێدەکەنم،ئەوشوانە،ئەو تابلۆ
ـ قەمچان دەکەین،ئێدی نەوروزە و بێ خەمی کتێب وخێندن
ـ بۆهەمیشەبووک لە دەروازەی تۆدا وکوو فیشە ک دەردەچێ؟؟!
ـ ئاسف ئێژی دیسان بردتەوە؟
ـ من وشەرارە بێدەنگین
هەرچەن تۆ بەرەندەی،من دڵشادم.
له دڵمدا دەڵێم باخۆم هەرئاخرنەفەربم بەڵام بە پێچەوانەی بەئێژم
ـکێشە نیە ژیانە،چی لێ دەکەی.
"کاتێک بەخت نەبێ،دەڵەمە دیان دەشکێنێت ".
ـ وتت تۆشێتی
ـ وتم ئێستا تێگەیشتی
چاوت لێیە،لەمێژەسنوور گورستانی ئاواتە کانی منە.
ئەو گولله پاڵی بە سینگتەوە نا،یەکجار تۆێ کوشت،بەڵام منی داماوهیشتاساڵهای ساڵە لەووێنە دام،،زیندووم دەکاتەوە ودەمکوژێ.
ـ وتت بێدەنگی،لەئامێزت گرتم،گریام
ـ مەگری.
ـکراسە کۆنە،ڕۆحە کۆنە،مسە کۆنە
ئەو دەنگە لە کووچە وکۆڵان دێت،ڕامدەچڵەکێنی.لەوێنەکە کەوتوومە خوار.
ـچاوەڕێم لە پاڵت دانیشم،
شایەد شەرارە و ئاسف لەولاتر،ئەودیوارەش دامانپۆشێ

کاریکاتۆر

بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی








گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## چشمها را باید شست ،جور دیگر باید دید ...

سهراب سپهری

مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی "زایەڵە"

نە مەلام تا مەوعیزە بزانم و نە لە ئەو نووسەرانەیش تا پێچەوانەی خواستی دڵی خۆم بنووسم!
ئەمما خۆ ڕادەربڕین کێشەی نییە ،هەیەتی؟!
هاوڕێیان!
بەپێی هاروهاجی و تا ڕادەیەکیش بەتاڵی!
خۆم بە خوێندنەوەی بابەتە ئەدەبییەکانەوە سەرقاڵ ئەکەم ،و جارجارێکیش کە دڵم درگام پێ بگرێ شتێک ئەنووسم ...
با سەرتان نەئێشێنم ،
ئەوەی کە هەڵینام بۆ نووسینی ئەم دەقە چەند پرسیارێک بوو کە بووبووە خۆرەی مێشکم!
نووسەرانی کورد دوو دەستەن ؛
دەستەیەکیان ڕەوتی کلاسیک درێژە پێ ئەدەن و بۆ خۆشیان پاساویان هەیە و دەستەیێکیشیان نوێخوازن ،
جا داهێنان بێ یان لاسایی کردنەوە یان "...،

بەپێی ئەوەی کە خولیای خوێندنەوەی شێعر و ڕۆمانم هێزی لێکدانەوەی ئەدیبم لە تووتی هەیە،بەس حەزم لە سەرئێشە نییە!

هەموومان گوێ لە گۆرانییەکانی مامۆستا زیرەک و عەلی مەردان و فۆلکلۆربێژەکان ئەگرین و ئەگەر بۆ تێکستەکانی دابچین پڕە لە مەمک گوشین و ماچکردن و لەئامێزگرتن و...بەو حاڵەوە بزە لێومان بەرنادا هیچ،سەد ڕەحمەتیشیان بۆ ئەنێرین ،یان کاتێ کە شاعیرێکی پیاو مەمکۆڵە و ماچ و ...دەهێنێتە نێو دێڕەکانی [کە بەلای منەوە ئاساییە] چەپڵەڕێزان و گوڵباران و کۆمێنت بارانی ئەکەین ،
ئەی بۆ کاتێ کە شاعیران ،نووسەران و گۆرانیبێژە ئافرەتەکانمان باسی "بڤەکان"
بکەن عەرشی خودا ئەکەوێتە لەرزە و ئەبێ بە کافرسانی و دواتر نەبارینی باران و بوومەلەرزە و...هەمووی ئەخرێتە ئەستۆیان!
دواتریش هەر ئەو جەماعەتە ئەبن بە خاوەن هەڵوێست و گوێی زەوی و زەمان کەڕ دەکەن و دەم لە دواکەوتوویی و جێمانی ئەدەب و هونەری کوردی ئەدەن
و ئاڵای ڕۆنەسانس [کە سوێند ئەخۆم بەس ناویتان بیستووە] بە شانەوە ئەنێن؟!

لە کۆتاییدا!
لافاوی هونەر و ئەدەبیات بەپێی حوکمی سروشتی خۆی زبڵ و خاشاکەکان ڕائەماڵێ و بە کەناریان ئەسپێرێ ،
خۆیشی تا گەییشتن بە زەریا ،
بێوچان ڕێی دەپێوێ ...
بەسە!
لەوەی زیاتر خۆتان خوێنتاڵ مەکەن ،ئەگەر لەخۆتاندا ڕائەبینن فەرموون ،ئەگەریش نا وەکوو بۆق!
لە گەنکاوەکەتاندا بمێننەوە و بۆخۆتان بخوێنن و چەپڵەیش لێدەن بۆ دەنگە خۆشەکەتان!

## خوانی بەتاڵ



وەرگێڕان لە فارسییەوە :
ح . ڕەنـجـبـەر . دێولان



دێتە بیرم ئێوارەیەکی سارد و سڕ
ئەهاتە گوێم دەنگێک لەرزۆک برایبڕ:

ڕێزەنانی، کۆنە قاڵی ئەسێنم
نیمە کارە شت خۆماڵی ئەسێنم

کاسە و گلێنە شت سۆفالی ئەسێنم
گەر نیتانە گۆزەی خالی ئەسێم ...

فرمێسکی گەش لە چاوی بابم تیشکی دا
هەناسەی سارد ،یەک لە دوای یەک ،هەڵکێشا

سەری ساڵە و خوانی ئێمەش بە بێ نان
سپاس خودا، بەڵام ژینمان بووە ژان!

بۆنی نانی تازە دەهات لە کۆڵان
دایکیشم ڕۆژگ بوو لە سەر شەشەڵان.

بە پێپەتی خۆشکم لە ماڵ دەرپەڕی
ئەری خاڵۆ خوانی بەتاڵ ناکڕی؟

شعر سفره خالی . قیصر امین پوور



بروو‌جرد.سعید فلاحی "زانا کۆردستانی"

"١"
هەموو شەوێ
شێعرەکانم ماچ ئەکەم!
بەو هیوایە
کە لە بەر خۆتەوە بیڵێ یتەوە!

"٢"
دەمم وەک چەکێک
ئامادەیە بۆ
لەسەریەک ماچ کردنت...
تا ماچت نەکەم چەکەم دانانم!

"٣"
تۆ کە نیت،
مێشکم وەکوو ژنێکی نەزۆکە!
ناخی شێعرەکانم
پڕە وشەگەلێکی نیوەچڵ.

## شرۆڤەی پەندی پێشینیان



بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

پێشینیانی ئێمە نەخشی لاوانیان لە ئاڵوگۆڕی ژیاندا بەرز نرخاندووە . بەم شێوە کە هێز و وزەی لاوانیان لە گەڵ وزەی وەرزی زستان، هاوتا و بەرانبەر هەڵسەنگاندووە.
زستان وەرزێکی پڕلە تەوژمی تاسە و تووڕەیی سروشتە ... لاوانیش قەڵا و هیوا و هێزی بە پێزی کۆمەڵگان، هەر بۆیە دەبێ ئێمەش لە قوتابخانەی ژیان، ئەم پەندە مانادارە بکەین بە وانەی پروەردەی لاوەکانمان.پێیان بڵێین:
بە متمانەوە باوەڕ بەخۆ بن.
دڵنیابن، ئەگەر بیانهەوێ، دەتوانن ...

**لە لاوان هەوێک،لەزستان شەوێک.**

لاو و زستان، دوو هێزی بەدیهێنەرن . ورەی کردەوەی چاوەڕوان نەکراویان لێهەیە، لە پڕدا دەتوانن کارەساتی نوێ، گرینگ و سەرسووڕهێنەر بخولقێنن. زستان جاری وایە لە شەوێکدا یا چەند ساتێکدا هەوا دەگۆڕێ، وڵات دەکا بە بادەوە و تەم و بەفر و سەرما و سەهۆڵ و ڕێبەندان و...
واتا: نابێ قەت لە زستاندا لە سەرما و سۆڵ و ڕێگرتن و تەنگانە، بێخەم و خافڵ بین، دەبێ هەمیشە لە بیرمان بێ، زستان یانی: سەغڵەتی و سەرما و ڕێبەندان.هەرکات وێدەچێ کارەسات بخولقێنێ.
لاوانیش هەر وەک زستان خاوەن وزەی نهێنین . کاری گرینگیان لە مێشک و هەڵسوکەوتدا هەیە. توانایی و چالاکی لەبار و...بەرچاویان لێدەوەشێتەوە.
واتا:لاوان بۆ ڕاسان، ئاڵووگۆڕ، ڕاپەڕاندن، پێکهێنان، خولقاندن و بدیهێنان خالی هۆمێدی بنەماڵە و کۆمەڵگا و نەتەوەن و...

زستان وەرزێکی سیحراوی و سڕە
هەیانە تین و توانایی هەڵچوون

لاوانیش هەستیان ئاپۆرەی گڕە
دەتوانن، نەبوون بگۆڕن بە بوون

## شعووری شاعیر



**مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی**

شعووری شاعیرێکم گەوزیوی خوێنی ئاڵە
لە بەر چی ژینی شاعیر بە چەشنی کەکرە تاڵە
هەرچەند مەلی خەیاڵم لە بانی حەوتەوانە
باڵی فڕینی هەستم بۆ تیری دژ نیشانە
غەوواسی بەحری هەستم لە بەحری پڕ لە تۆفان
چووزە وچرۆی مەبەستم هاتوونە کاتی تۆقان
کانیاوی دڵ تەقیوە بە شێعری پڕ لە باران
دەکەونە ڕێ بە رووبار بەرەو هەواری یاران
خەملێوە دەشت و زۆزان بە چیمەن و چنووری
کارتی شایی دەبەخشن بۆ جەژنی پڕ سرووری
چیغ ورەشماڵیان هەڵدا هەڵاڵە و سنەوبەر
بەرگی شایی دەپۆشن گوڵی گوڵاو و شەشپەڕ
چۆپی کێشە وەنەوشە بە جەرگی پڕ لە جۆشی
بەیبوون لەشکری هێنا بە بۆنی پڕ خرۆشی
کارگ وڕێواس کوراده تارای سەرمایان لادا
تینی نەورۆزی پڕ تین تەمی زستانی ڕادا
دەهەستە دەی بەیانە بۆ ژوانی شەنگە بێری
جەڵەب کەوتوونە ڕێیە بەران و کوور و نێری
شەوی خەفەت وەلانێ بە چاوی پڕ لەسۆما
بگرە کەلاڤی ڕێگا بەقەلبی پڕ لەسۆما
هەتاوێک چاوەڕێیە مەشخەڵی نووری پێیە
شعوور و بیر وهۆشت تەوان و هێزی پێیە
مەندۆک و پنگ و کاردوو قازیاخە و بەرەزا
کیفۆک و هەڵزوو بیزا هاتوونە دەر لە خێزا
دایانپۆشی چین بەچین گوڵاڵەی سوور ورەنگین
زەماوەندی نەورۆزە بە هەڵپەڕکێ و پێکەنین
شەوقی هەتاوی زێڕین لەسەر بووکی بەیانی
تاجی نوورینی دانا بەگەوهەر و نیشانی
دێتەوە دایکی وەتەن ڕەش داماڵێ لە بەرمان
بچریکێنن بخوێنن سروودی شێعری هەرمان
پەرچەم بەدەست بەشانە بە ئاوێنەی زەمانە
شەن کەین بەدەم بای هەرمان خەرمانی ئەو دەردانە
تێک هاڵاون زەرد وسوور لەو هەرێمە نەخشینە
بەچاوی پڕ ئومێدت ئەو بەهەشتە ببینە

## نەورۆز ی کورد


**سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور**



نەورۆز هەستان دەخاتە گڕ
وەجۆش دێنێ کومەڵگای سڕ
هومێد دەکا پێشکەش بە گەل
گەشە خۆرێک دەنێتە کەل
دەهەژێنێ خاو و سستان
ترسان دەخاتە بەر زستان
هێما دەبێ بۆ یەک دەنگی
دەخوشێتە نێو ئاڵا ڕەنگی
دڵان دەکا لە هیوا پڕ
دەکا پینە دەواری شڕ
تەیران دێنێتەوە کوێستان
هەوران دەبنە مەکۆی شەستان
دەچنە لووتکە خاسەکەوان
دەبنە قەڵا زەنگە شەوان
گەرم دەبێ ڕەشبەڵەکان
پووچەڵ دەبن گشت کەڵەکان
سروودێکە بەستەی ئاگر
زات و جووڵەش وڵات داگر
نەورۆز ئەگەر ئاوا نەبێ
تووڕی هەڵدەن دەبا نەبێ
منداڵ دەخاتە هەلهەلە
ئەستێرەکانی ئەم گەلە
نەژێن لە گەڵ شەو و کەسەر
دەبێ لە کەل خۆر بێننە دەر
دەبێ فێربن جاروباران
لە گەڵ سەمای دۆست و یاران
دەسرۆکەی گڕ بگرنە دەست
بۆ سەرچۆپی ڕۆژی مەبەست
تێکەڵ بکرێن تین و گوڕان
لێک جوێ نەکرێن کچ و کوڕان
گوڵان بکەن شەرعی جوانی
لە گەڵ شنەی بەر بەیانی
خونچێک لە نێو گوڵان شاز بێ
خوداوەندی سێحر و ڕاز بێ
گوڵێک سەرتۆپی سەربەستی
جوانتر لە هەر گوڵی هەستی
ناوی بێنن گشت بە شادی
سوورە خونچەکەی ئازادی
نەورۆز ئەگەر ئاوا نەبێ
تووڕی هەڵدەن دەبا نەبێ

گۆڤاری ئیلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## بیرەوەری




**سەردەشت. سابیر بێتووشی**



لە مزگەوتی گەورەی سەردەشتم دەخوێند , ئێوارەی رۆژی دووی رەشەمەی ساڵی ١٣٦٩هەتاوی ,لە لای کتێبخانەی مەلا برایمی عەلی زادە, دۆستێکم بەرەو رووم هات گوتی , مامۆستاهەژار کۆچی دوایی کردوە , بڕیاریش وایە سبەی بیهێننەوە لە مهاباد بە خاکی دەسپێرن, گوتم خۆی وەسیەتی کردوە لای مەلا مستەفا بارزانی بنێژن لە شنۆ ,گوتی من وازم زانیوە کە بەرنامەکەیان گۆڕیوە, ئەو کات مامۆستا هەژار لە کەرج بوو, بارزانیەکانیش لە ئێران نیشتەجێ بوون و مەسعود بارزانیش ئاگای لەو راسپاردی مامۆستا هەژار بوو ,بەڵام ئەو بەرنامەشی هەبوو کە باوک و ئیدریسی برای رۆژێک دێ دەباتەوە بارزان , هەر واش بوو ساڵی ١٩٩٣ی زایینی بردرانەوە بۆ زێدی خۆیان .

نوێژی شێوان بە مامۆستام"مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای کانی بەردی" م گوت کە ڕێگەم بدەی بەیانی دەچم بۆ مهاباد بۆ ڕێو و ڕەسمی بە خاک سپاردنی , مامۆستا گوتی ئی وەڵڵا منیش دیم . بۆ بەیانی ڕۆیشتین بە گەیشتنی ئێمە بۆ بەر دم مزگەوتی سووری مهاباد ,فریاگوزاری خێرای هەڵگری جەستەی مامۆستا هەژاریش گەیشتە ئەوێ و بردیانە ژووری مزگەووت ,چەند کەسێک لە دەرگای مزگەوت ,کیسە لایلۆنی زۆریان پێ بوو, هەر کەس کیسەیەکیان دەدایە بۆ کەوشەکانی زۆر لە بار بوو کەس تووشی نارِەحەتی و کەوش وون بوون نەبوو . مەلایەکی زۆری لێ بوو ,نوێژی مردومان بە کۆمەڵ لە سەر کرد ,تریبۆنیان لە میحراب دانابوو پیایێک هەڵستا گوتی لە بەر ئەوەی لە شارەکانی کوردوستان را خەڵکی دێن , ماوەیەک ڕادەوەستین ,پیاوێکی پێری بە ساڵا چوو لە لای من دانیشتبوو بە منی گوت ئادەی فەقێ یارمەتیم بدە با راست وەبم ,ئەو کات من نۆزدە ساڵەو بە توانا بووم منیش



وێنەی بارزانیەکان لە ناشتنی مامۆستا هەژار

قۆڵم گرت و بڵیندم کرد گوتی بمبە بۆ لای تریبۆنەکە هەر کە چۆ شوێنی دوانگە دەستی کرد بە خوێندنەوەی شێعرێک کە تەواو بوو خەڵکەکە لە چەپڵەیاندا منیش خێرا چووم پیلم گرتەوە و هێنامەوە جێگاکەی لای خۆم بەڕێوەبەر گوتی زۆر سوپاس بۆ شاعیری نەتەوەکەمان خاڵەمینی بەرزەنجی کە بەو سەرمایە و بەو تەمەنەوە هاتوە بۆ ئەو ڕێوو رەسمە ,من پێشتر ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی, لە گۆڤاری سروە دا ژیاننامەکەییم خو ێندبۆوە ,بەڵام وا ئێستا لە نیزیکەوە دەیبینم , زۆرم پێ خۆش بوو ,کاتێک جەستەی مامۆستا هەژار بەرەو گۆڕستان هەڵگیرا ,قەت ئاپۆرەی جەماوەریم بەو رادەیە نەدیبوو ,لە شەقامدا بەرێ ڕۆیشتنەوە دروشمی کوردایەتیان دەگوت بەڵام کەنیزیک بووین ,کۆمەڵێکی زۆری پێشمەرگەی بارزانی جامەدانە سوور بە بەرگی جوانی کوردی و شۆڕشگێڕانەوە هاتبوون ,دۆخی خەڵک و گەنجەکان گۆڕا و دروشمەکان توند بوون و دەنگەکان زۆرتر بەرز بوونەوە و شتی بڤەشیان دەگوت ,کاتێ گەیشتینە لای گۆڕستان پێشمەرگەیەک بە "بی.کەی. سی" یەکەوە لە کەوچکی چاڵکەنەکە دا بوو ,کە بڵند کرابۆوە ,لەو کاتەدا کە ئارام وەستابووین کۆمەڵێک لە گڵ ناشتنی مامۆستا هەژار سەرقاڵ بوون , لە لایەکیشەوە شاعیران شێعر و پەخشانیان دەخوێندەوە ,لە پڕێکدا جەماوەرەکە بەرەو لای سەرەوەی هێرشیان دەبرد ,منیش هاوشێوەی خەڵکەکە ملم لێ نا ,دەمپرسی چیە دەیانگووت نازانین زۆرتر لە ناو ئاپۆرە دا چوومە پێش ,ئەو جار زانیم کە سەرۆک مەسعود بارزانی لە شوێنێک دا خەڵکی دیداری دەکەن ,چوونکە بە هێز بووم, زۆرتر خۆم تێوە کشاند تا چوومە شوێنەکە, پێشمەرگە بارزانی لە نێو ئەو هەموو ئاپۆرە دا ,بە برِی جێ پەتوێک دستیا تێکگرتبوو سەرۆک لە ناو بازنەکەدا راوەستا بوو ,هەر بە دوو ریز ڕێگایەکیان بۆ چوونە ناو بازنەکە دروست کردبوو لەو لای دیکەش هەر بەو شێوە بۆ چوونە دەرەوە, پێشمەرگەیەک , یەک یەک نەفەرەکانی رێ دەدا بۆ لای سەرۆک بارزانی ,لەو لا را دەچوونە دەرەوە, منیش نۆرەم هات گەیشتمە لای سەرۆک بارزانی سڵاوو تۆقەم لە گەڵ دا کرد , پیاوێکی سیما جوان و باڵایەکی مام ناوندی و توندو تۆڵ بوو , دیار بوو سەرۆک ئەو کات و سی وو سێ ساڵ لە مەو بەر گەنج بوو , من بە هەر دوو دەست و بە تاسەوە دەستم گوشی ,ئەویش هەردووک دەستی هێنابوو , بۆیە پێم وابوو پیاوێکی ڕۆح زل نەبوو. من ئەوکات کەسایەتیەکانی کۆمیتە ناووندی بارزانیم نەدەناسی , دواتر زانیم کە فازڵ میرانی ن نێچر سامی عەبدووڕەحمان و فڕانسوا حەریری و چەند کەسی دیکە لەو پلە بەرزانە لە گەڵ جەنازەکە دا هاتبوون . بە راستی لە گەڵ ئەوە دا کە لە ناشتنی کەسایەتیەکی زۆر مەزنی کورد بووین ,بەڵام بەو دیمانە هەستێکی زۆر خۆشم بۆ دروست بوو .

بەشێک لە بیرەوەریەکانی دەورانی فەقێیەتیم
کتێبی ـ باڵۆرەکانی غەریبی ـ سابیر بێتوشی
گوندی دولکان ـ ناوچەی ئالانی سەردەشت ٦ڕەشەمەی ١٤٠٠

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## بۆهاوڕێم: ک.د. ئازاد



سنە. ئیقبال بەرقی

له ناو بەفرو سەرما
کلێڵەی ڕێبەندانا
لەسەرپشتی
ڕۆندکێکی سرک ویاخی
لەسەربالّی
کۆترێکی سەرتاپا سپیپۆشەوە
لەسەردوندی
ئاربەبای کڵاو قیتەوە
له توێی قژی شڵەژاوی
زریانێکەوە
چرپەی پێی هەڤاڵێکم بیست
پڕاوپڕ له خۆشەویستی
توێشەی پڕبوو لەگوڵەگەنم
بۆنی نانی تازەی داپیرەمی
لێوەئەهات
ئاشنابوو، زۆرئاشنا
هات وڕژایه ناخمەوە
پڕبه گیانم باوەشم له بۆ کردەوە
له داوێنی هەزار نەخشی ئاویەرا
چەپکێ نێرگزی قژزەرد و
دوو باقه هەڵاڵه برمه و
چەند وەنەوشەی لامل کەچ و
لەبن گاشەبەردێکی ئارێزەوە
پڕبه باوەش
چنووری قژلوول و
له ناو تاقی کوچکەرەشی
دڵ خەمینەوە
چەند گەزیزەی باڵا بەرزم
کردە دیاری و گوڵوەشانی
چاوم بوو به
پەڵەهەورێکی پڕباران
دڵۆپ دڵۆپ
ئەسرینم کردە پایەنازی

هۆ ڕۆڵه بلیمەتەکەی ئاربەبا!
ئاویەر هاتووە پیریتەوە
کانی شەفا سەلامی لێ کردی
حەوت ئاسیاویش
تاسەباری دیدارتە
کانی قوڵە
بەقووڵایی برینەکانی
بیرت ئەکات
زەفەریه بۆمیوانداریت
فەرشی لەگوڵ ڕاخستووە
تاقەداریش بۆدیدارت چاوەڕوانە
سنەی سەربەرزی ئەردەڵان
ئەمڕۆ بووەتە جێژوانی
ئێوارە شیعری دڵداران
بووەتە مەکۆی
خۆشەویستیی ئەویندارن
بووەتە ڕەپەڵگای عاشقان
ئەمڕۆ ئەهوەن
ئەهوەنی لەبۆهاتووە
مەستوورە
لەعەمارەتی خەسراواوە
پەلکەی شیعری ئەویندارى
ئەهۆنێتەوە
خەسرەوخانیش
بەسواری ئەسپە کەحێلەکەی
لەسەر سەنگفەرشی عەمارەتەوە
سەمای عەشق و ئازادی ئەکات
مەحیەدینی حەقشناس
بەگوێی سنەی قارەمانا
نۆستالیژیکی تازە ئەچرپێنێ
ڕۆحە بەرزەکەی جەلالی مەلەکشا
شیعری بەرزی دارەپیرەی
بەدیاری لەبۆناردوی
ئەمڕۆ سنە
سنەی سەربەرزی هەڵۆخان
بووەتە پێتەختی ئاشتی و
میوانداری سلێمان بەگ و
شاهۆ وسەختاخ و
شاخە لووت قنجەکانی
هەورامان و
گوێژەی هەڵمەت وقوربانی و
بادینانی سەرفەراز ئەکات
بابزانن
هەموومان پەلکەزێڕینەی
ئاسمانی ئەم نیشتمانەین
جوگرافیای بەدی ناکەم
ئەم سنوورە بشێوێنێ
بوومەلەرزەیەک شک نابەم
ئەم قەڵایه بڕووخێنێ
تا ئاربەبای کڵاو زێڕین
ڕۆڵەکانی ئەلاوێنێ
هەتا ئاویەر
باوەشی بۆڕۆڵەکانی ئاوەڵایه
هەتا هەڵۆ
له سەرشاخی هەورامانا
شاباڵەکەی ئەکاتەوە
تا ئەزمەڕ و پیرەمەگروون
لووتیان قنجە و
هەتا شاهۆ
دەماخ دەنێ به هەورەوە
تەم ناتوانێ
بەر به شەوقی ئاسۆ بگرێ
تاریکی هەرگیز ناتوانێ
ڕوومەتی هەتاو بپۆشێ
هیچ لەمپەرێ
بەر به هێزی لافاو بگرێ

هۆ هەڤاڵ گیان!
دەستت بخەرەناو دەستم
توند توند
پشتوێنەکەمبگرە
توند توند
هەر دوو باڵت ئەگرم
تۆ لەدوندی ئاربەباوە
من له ئاویەری براگەورەوە
سنوور
نەکەینە پاوەنی شیعرەکانمان
وشەکانمان
له زەلکاوی تەفرەقەدا نەخنکێنین
ئیبلیس نەکەینە قەڵەمی
نێو پەنجەمان
دوژمن نەکەینە چاوساغ و
بەر قافڵەمان
بەس بائیتر
دێوەزمەی تاریکی و نەفرەت
ئاسۆی ڕوونمان لیخن نەکاو
ڕێ لەتیشکی هەتاو نەگرێ
بەس با ئیتر
له مەزیاتر هیوا
له دڵی دایکی سەوزی
ئەم نیشتمانەدا نەمرێ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## دواهەمین وانه

وەرگێران له فارسی بۆ کوردی؛"ناهید نووربەخش. سنه



ئەڵفۆنس دوودە

بەیانی ئەو ڕۆژە درەنگ کە وتبووم بۆ قوتابخانە و دەترسام، نەوەک تە مبێ کرێم، چونکو بە ڕێز هامێل پیگوتبوین "شێوەی وەسفی" دە پرسێتەوە. من لەو بارەوە وشەیێکم نەدەزانی. بە بیرمدا هات نەچمەوە بۆ قوتابخانە و لە دەشت و سەحرا گەشتێک لێبدەم.

ڕۆژێکی گەرم بوو، ئاسمانیش بێ هەور و ساماڵ! دارکونکەرەکان لە بێشەڵاندا دە یانچریکاند و سربازە کان لە جێگایێک بە ناوی "پیرت میدۆ" مەشقی نیزامیان دەکرد. ئەو شتانە لای من خۆشتر لە دەستووری بە کارهێنانی "شێوەی وەسفی" بوو . بە ڵام هەوڵمدا بە سە ر خۆمدا زاڵ بم و فریو نەخۆم و بێ وەستان بڕۆم بۆ قوتابخانە.

لە ڕێگا دەستەیێک خەڵکم دیت کە لە لای پە نجەرە چکۆلەکە ڕاوەستابوون. ڕاگەیێندراوەکانی سەر دیوارەکەیان دەخوێندەوە.
دووساڵ بوو هەواڵە ناخۆشەکانیان لەو دەلاقە وە بە ئیمە ڕادەگەیاند. لەوێ بوو دە مانزانی لە کام شەڕدا شکستمان هێناوە و لە کام شەڕدا سە رکە وتوو بوین. هەر لەوێوە هەواڵی بنکەی سە ربازیمان پێدەگەیشت و دەستوورەکانیان پێڕادە گەیاندین. هەر چەند دەرفەتێکم بۆ ڕاوەستان نە بوو، بەڵام دڵەڕاوکێی ئەوەم بوو بزانم؛ "هەواڵە کانی ئەمجارە چیین؟"
بە پەلە بەرەو گۆڕەپانێ ڕۆیشتم کە "واشتە ری" ئاسنگەر لەگەڵ شاگردەکانی سەرقاڵی خوێندنە وەی ڕاگەیێندراوەکە بوو . بە تە شە رەوە گوتی: "وابە پەلە مەڕۆ نەکا زوو بگەیتە قوتابخانە!"
دڵنیا بووم کە دەیهەوێ گاڵتەم پێ بکا. گەیشتمە قەڵەمڕەوی بچووکی بە ڕێز هامێل. پشووم لێبڕابوو!
بەیانیان کە پۆلەکەمان دە ستی پێدەکرد، قاوە قاوێک سە ری هەڵدە دا کە لەو سە ری شە قامە وە دەبیسرا . وانەکانمان بە دەنگی بە رز دەخویندەوە، تاکوو لە ئاکامدا مامۆستا خەتکێشە ئاسنیەکەی بە هێز دەکوتا بە سەر مێزەکەدا و دەیگوت: "بێ دەنگ"!
بە هیوای ئەوە بووم لە ناو ئاژاوەی پۆلەکەدا بچمە ناو پۆلەکەوە و بە دزییەوە لە سەر جێگاکە م دانیشم. بە ڵام لە بە ختی من لە وەها ڕۆژێکدا هە موو کپ و بێدەنگ ببوون. بێدەنگی! بێدەنگی، لە بێدەنگی ڕۆژەکانی پشوودان دە چوو. لە پەنجەرەی کراوەی پۆلەکەمانەوە بە ڕێز هامێلم دە دیت کە خەتکێشە ئاسنیە سامناکەکەی لە ژێر باڵیدایە و هاتووچۆ دەکا.
چارەم نەبوو، دەبوو لەو بێدەنگیە مەحزەدا بچواییمە ناو پۆلەکەوە. ترس و لە رزو شە رم دایانگرتبووم . بە ڵام زۆم پێ سە یر بوو ! کاتێ چاوی بە من کەوت، بێ ئەوەی تووڕە بێت، نەرم و لە سەرخۆ گوتی: "بە قوربان لە سەر جێگاکەت دانیشە، خەریک بوو بێ تۆ وانە کەمان دەس پێبکەین."
من لە سەر کورسیەکەم دانیشتم. کاتێ ترس و دڵەڕاوکێم تەواو بوو، کۆتە سەوزە جوانەکەی مامۆستا کە تایبەتی ڕۆژە تایبەتیەکان بوو، سەرنجی ڕاکێشام.
ڕۆخساری هاوپولیەکانیشم بە شێوەیێکی نائاسایی جێدی وخەمبار بوو، سە رسامی من کاتێ زۆرتربوو کە ڕوانیمە مێزە کانی ئاخری پولەکەمان کە زۆربەی جارەکان کەسیان لە سەر دانەدە نیشت، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی گوندەکەمان بە حاڵە تێکی جێدی و خە مبار لە سە ریان دانیشتبوون.
بەڕێز هامێل لە پشت مێزە کەیەوە بە لەفزێکی مێهرەبان و پڕ لە سۆزەوە گوتی: "ئازیزانی من، ئە مڕۆ ئاخرین ڕۆژە کە من وانەتان پێ دەڵێمە وە. لە "بێرلینەوە"، دەستوور گەیشتوە کە لەوە بە دوا، لەم قوتابخانە دەبێ بە زمانی ئاڵمانی وانە بوترێتەوە . ئە مڕۆ ئیوە بۆ دوایین جار بە زمانی دایکی خۆتان؛ "فەڕانسەوی" دەرس دەخوێنن و من داواتان لێدەکەم؛ بۆ دوایین جار، زۆڕ جوان سەرنج بدەن.
یانی ئەوە دوایین وانەی ئیمە بە زمانی دایکی بوو؟ من ئیستا بە جوانی فێری زمانی خۆم نە ببووم . لە ناکاو هە ستم بە پە شیمانی و شەرمەزاری کرد، بۆچی تا ئەمڕۆ لە جیاتی فێر ۆبوونی زمان بە دوای سە یران و گرتنی باڵندە کان و هێلکە ی باڵندە کانە وە بووم و ئە و کتێبانەی تا ساتێک لەمەو بەر بۆم بێزارکەربوو، ئیستا وەک هەوالانی دێرینەیان لێهاتبوو، کە توانای ماڵئاوایی کردنم لێیان نە بوو . کاتێ بیرم لێدەکردەوە کە لەوە بەدوا بەڕێز هامێل نابینم، هەموو ئە وجارانەی کە بە خەتکێش لێیدابووم، لە بیرم چوونەوە...
لێم ڕوون بووەوە کە بۆ چی خەڵکی گوند لە بەشی ئاخری پۆل کۆبوونەتەوە. حەسرەت و پە شیمانیم لە چاویاندا دەخوێندە وە کە بۆ چی لەڕابردوودا، زەحمەتیان بەر خۆیان نەداوە و فێری خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان نە بوون، ئەوان هاتبوون ڕێز لە مامۆستایێک بگرن کە چل ساڵبوو، خزمەتی پێکردبوون.

نوقمی ئەوبیرۆکانە بووم کە ناویان خویندمەوە، نۆبەی من بوو کە لە ڕووی وانە ی ئە و ڕۆژەوە بخوێنمە وئاخۆ دەتوانم ئە و ڕێزمانە لە دەسپێکەوە تا کۆتایی بخوێنمەوە؟ لە چەند وشەی سەرەتاوە هەڵەم بوو، دڵەڕاوکەیێکی سەیرم بوو، توانای سە ر بە رز کردنە وەم نە بوو . بەڕێز هامێل دەیروانیە من، وتی: "ڕۆڵەی من لۆمەت ناکەم. تۆ سزای ئەو خۆخافڵاندنەوەت دەدەیتەوە و چ سزاییکی...!
ئیمە خوومان گرتووە کە بە خۆمان بلێین، ئیستا کاتمان ماوە. بۆ سبەینێ و ئاوا ئاکامی کار دەبینین. ئیتر کەس ناتوانێ بڵێ سبەینێ فێر دە بم و هیچ سزاییک لەوە تاڵترنیە!
ئیوە خۆتان بە خەڵکی ئەم ئاو و خاکە دەزانن، بەڵام زمانی دایکی وڵاتی خۆتان بە درووستی نازانن.

بەڕێز هامێل لەبارەی زمانی دایکی ئیمە و بە هرەمە ندی و جوانیە کانیە وە دەدوا ودەیگۆت : "هەرمیللە تێک زمانی خۆی لە بیرکا، وەک بەندیێک وایە کە کلیلی بە ندیخانەی ونکردبیَ!" دواییش ڕێزمان و وانەی بۆ خوێندینەوە و بۆ یەکەمین جار من وانەکە بە جوانی فێر بووم. ئەو شتانەی ئەو دە یگوت؛ من بە سانایی وساکاری فێر بووم. هیچ کات لە ژیانمدا ئاوا بە جوانی وانەکان فێر نەببووم!

وادیاربوو مامۆستا دەیویست لە دوایین دەرفەتدا، هەمووی زانستی خۆیمان لە بارەی زمانە وە فێر بکا، دوای خوێندنە وەی وانە، مە شقی نووسینمان کرد، بێدەنگییێکی سەیر پۆلی داگرتبوو و بێجگە لە دەنگیَ خشاندنی پێنووسە کانمان بە سە ر بە رگە قاقزە کاندا، دەنگێکی تر نەدەبیسرا.

لە گوێسوانی سەربانەکەوە، کوترەکان گمە گمێکی خۆشیان دەهات، منیش لە دڵی خۆمدا بیرم دە کردەوە، ئاخۆ ئە وانیش وادار دەکە ن بە زمانیَ جیاواز لە زمانی دایکیان بگەمێنن؟

بە ڕێز هامێلم دەدیت بە سەرنجێکی سە یرەوە چاوی بریبووە هەموو شتەکانی دەوروبەری. وات بیردەکردە وە بۆ دوایین جار دەڕوانێتە ئە وشتانە.

مێز وکورسیەکان نەگۆڕابوون بەڵام نەمامە لاوازەکانی گوێزەکان گەشەیان کردبوو، ببوونە داری پڕبار وبەر. ئەو توولە مێوانە ی بە دەستی خۆی چاندبووی، ئەمڕۆ چڵ وپۆیان دار و دیواری قوتابخانەی داگرتبوو. بیرکردنەوە لە ماڵئاوایی لەو شتانە، دڵی دەهێنا ژان. بڕیار وابوو سبە ینیَ ئەو بە یەکجاری لێرە بڕوا. بەڵام ئەمڕۆ ئەو وانەکەی وشە بە وشە بۆ ئیمە تەفسیر دە کرد . دوای مە شقی نووسین، وانە ی مێژووی گوتەوە و دواییش دەنگەکان و پیتەکانی بە گەورەکانمان گوتەوە. پیرە پیاوێک لە ئاخری پۆلەوە پیت و دەنگەکانی بە هەست و سۆز و دەنگێکی لەرزۆکەوە دووپات دەکردەوە. لە لاییکەوە ئەو دیمانە، ئیمەی دەهێنا پێکە نین و لە لاییکیشە وە خەم و حە سرە تێکی سە یر لە و بابەتەوە دڵمانی دادەگرت، فرمێسکەکانمان...!من هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێتەوە.

زەنگی کلیسا، دوازدە کە ڕەت دەنگی داوە .کاتی دەرس و وانە کۆتایی هات . دەنگی شە یپوورێک لە و نزیکانە، گەڕانەوەی هێزە داگیرکەرەکانی لە مەشقی نیزامی ڕادەگەیاند. مامۆستا لە پشت مێزە کەی هەستا، ڕەنگی زەرد هەڵگە ڕابوو، بە ڵام هەستت دەکرد باڵای لە جاران بەرزترە. ئەو بە دە نگێکی پڕ لە سۆز وحوزنە وە گوتی : "هاوڕێیانم ! من ! من !...بە ڵام شتێک بە ربینی گرتبوو و ڕستە کەی ناتەواو هێشتەوە. گەچێکی هەڵگرت و بە تەواوی توانایەوە بە خەتێکی گەورە لە سەر تەختە ڕەشە کە نووسی؛

"پایە دار بیَ وەتەن"

ئەو هەر لای تە ختەکە وەستابوو وپاڵیدابوو بە دیوارەکەوە، ئیتر قسەیێکی نەکرد وبە ئیشارەتی دەست ئاماژەی کرد؛

"وانە کۆتایی هات، دە توانن بڕۆن"



## شەڕی سەگ و گورگ

ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە

دەگێڕنەوە لە ساڵانی پێشوو لە بەینی سەگ و گورگدا شەڕێکی گەورە ساز دەبیَ، هەر دوو لایەنی شەڕ لەشکەریەکی زۆر ئامادە دەکەن و دەڕۆن بۆ ئەو گۆڕەپانەی کە پێشتر بۆ شوێنی شەڕ دیاری کرابوو.

کاتیَ نزیک دەبنەوە فەرماندەی هێزی گورگەکان، فەرمان بە گورگێک دەدا کە بچیَ لە سەر چیاوە چاو لێکا و بزانیَ بار و دۆخی لەشکری سەگ چۆنە و لە چ هەل و مەرجێک دان، ئەویش دەچیَ و هەواڵ وە دەس دەخا و دەگەڕێتەوە.

کاتیَ دەگاتەوە فەرماندە پێی دەڵیَ: هەواڵ چیە هیچت بۆ ڕوون بۆوە.

دەڵیَ:گەورەم جا دەتهەویَ چ بیَ هەواڵی زۆر ناخۆشم پێیە، باوەڕت بیَ، لەشکرەکەیان ئەوەندە زۆرە وەک خیزی چۆمی و خۆڵی سەحرا کەوتوونەتە سەر یەک، مەگەر خودا و گەرنا هیچ شتیَ باشاریان ناکا و لە دەستیان ڕزگاریمان نابیَ.

فەرماندە دەڵیَ:جل و بەرگیان چۆنە؟!

دەڵیَ: سەرووەرم لە هەموو ڕەنگیَ دەنوێنن لە هەموو چین و توێژ ونەتەوەیەکیان تیَ دایە، سپی و ڕەش و سوور و شین بە کورتی، هەرچی ڕەنگی سەگی دنیایە لەویَ کۆبۆنەتەوە!

فەرماندە پێکەنی و کوتی: هیچ جێی مەترسی نین دڵنیا بن سەرکەوتن بە ئێمەیە.

گورگ کوتی: گەورەم ببوورە تێناگەم چۆن شتی وا دەفەرمووی ؟!

پێم وایە لە هەمبەر ئەو هێزە دا هیچ شتێک ناتوانیَ خۆ ڕاگریَ و کێویش دەکەوێتە خواریَ.

فەرماندە کوتی:ئاخر تۆ کوتت ئەوانە لە هەموو ڕەنگ و نژادێکیان لە ناودایە، بەڵام ئێمە تەنیا یەک ڕەنگ و یەک نژادین، ئێوە بزانن بەزۆر بوونی هێزی زۆر کە لە ناو خۆی دا ڕەنگاو ڕەنگ بیَ و لە هەموو ڕنگیَ بنوێنیَ، یەک دڵ و یەک ڕەنگ نەبن، هیچکاتیَ یەکیەتی‌یان نابیَ و هەر یەکەی بۆ لایەکی دەکێشیَ و بیَگوومان هەر تێک دەشکێن و با ئێمە کەمیش بین چوونکیَ یەک ڕەنگین، سەرکەوتن هەر بە ئێمەیە، ئەوەش بزانە لەشکریەکی زۆری ڕەنگاو ڕەنگ هیچکاتیَ ناتوانیَ لە بەرانبەر هێزیەکی کەمی یەک دڵ و یەک ڕنگ، خۆڕاگریَ!



مەهاباد. موحیب مەهابادی

کوتی: دەورانی هۆنراوەی بەسەر چوو
دەمی ئەم شێعر و نازناوەی بەسەر چوو

کوتم: تا دڵ هەبێ، عەشقیش دەمێنێ
ئەویندارێ نەڵێی ماوەی بەسەر چوو

زمانی هۆنەرانە خۆشەویستی!
کە ڕوونە و ڕەوتی شاراوەی بەسەر چوو

خودا خۆی ڕووحی عەشقە، وا نەزانی
لەسەر دنیا کە سەرچاوەی بەسەر چوو

بەڵێ هۆنراوەمان هەرمانە، هەر دێت
ئەگەر شێواز و زاراوەی بەسەر چوو،

چرۆیە و بەردەوام ئیلهام دەپشکوێ
شێعر پیرۆزە، کەی باوەی بەسەر چوو؟

بە شانازیەوە ئەمنیش شاعیرێکم
قسەم دیارە و گرۆی ڕاوەی بەسەر چوو

موحیب جوانت وڵامی داوە، نەیکوت
ئیتر دەورانی هۆنراوەی بەسەر چوو

## دێمەوە



لەیلاخ. مام خەیاڵ

تاوی دووریم خۆ نە ماوە ڕوو لە کوێستان دێمەوە
وەک مەلی کۆچەر ئەمن مەست و غەزەلخوان دێمەوە

هێندە تامەزرۆی وڵات و خاکی کانیاوم کە وەک
عاشقی سەودا سەرم بۆ کۆنە جێژوان دێمەوە

بێت و تەنگی کا زەمانە دەرک و بانم لێ تەنێ
دەچمە نێو شمشاڵی زەرد و هەر وەکوو شوان دێمەوە

چەند پەرێشانم لە غوربەت وەک پەرێشانی قژت
شاد و خەندانم لە بۆ بەدرو پەرێشان دێمەوە

دێم هەتا دەرچم بەجارێ لەم تەم و حەیرانییە
بۆ چرینی هوورە و ئاوازی حەیران دێمەوە

دێم و مزگێنی دەهێنم بۆ گەلە چەوساوەکەم
من لەگەڵ ئاڵای بە خوێن نە خشاوی کوردان دێمەوە

داخەکەم ئەمما دەترسم خەونێ بێ بۆ مام خەیاڵ
بۆ دیاری پاکی ماد و شابە سوڵتان دێمەوە

گەر نەهاتم ئاورم دەن خۆڵەکەیشم بەن بە لار
قەترە قەترە دەچمە ئاسمان دەبمە باران دێمەوە

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# ڕێگەکان جێی متمانە نین



مەهاباد. ێ. ئەزیزان

سەفەر بەرەو کوێمان دەبا؟
کاتێ هەناسەی پشووسوار
لەو دەربەندە لە پێ کەوتۆ
وا کۆچ دەکا
بڕواتان بێ
ڕێگەکان جێی متمانە نین
***
ئەوەی ختووکەی وشەیە و
چرکەکان شاگەشکە دەکا
دوا هەناسەی گەڕانەوە
بەرەو ژینە هانا دەبا
مەرگە لێرە مەودا نادا
دەنا فڕین
یەکەم بزەیە بۆ داگیرسان
دووبارە ژین
گڕووی چیتە؟
پێتوایە ئەم هەوارە تووک لێکراوە
چی لە هەناسەی شەو ئەوێ
هەتاکوو چاو هەتەر دەکا
شەوەزەنگێکی تووش و کپە
چاوڕوانی تیا ناسرەوێ
خولیاکان دانەگیرسێنین
هەموو هەنگاوەکان کاسن
با هەناسەش
لەو دەربەندەدا جێ مابێ
لە تۆڕەمەی شەکەت ترین
ڕووباری ئەو سەرزەمینەم
جەستەم ماندوی
خەفەتی گوڵە بەڕۆژە و
نزای سەوزی دارستانە
هەر پاییزە و دنەم دەدا
هەڵوەرینێ بچریکێنم

هەنارێ لە زامەکان و
چاوەڕوانی ،شۆڕ ببمەوە
لە ئێستەوە تا زەمەنی
سێدارە بە کاتی گەروو
تاوەکوو بەرەو
ژوانی ناوەختی چەک و زامێ
تا شریخەی بارانی چاو
لە هەورێکی
نائارامی مل بە کوێنی کۆست
کەوتوو
تا کوو تەفسیری ئایەتی ئەنفالەکان
یەکە یەکە ئازارێ دەگرمێنم
بەرەو کامە بناری خەم
ڕێ دەپێوی
کامە ئایەتی کۆچ دەکەی
بە ملوانکەی چاووزاری
هەناوتەوە
بە باڵای کام درەختی شەهیدەوە
دەشنێیەوە
لە کامە خاکی بێ ئۆقرە
ئارام دەگری
ئەوە پێڵاوەکانی ئەهریمەن نیە
ئەو ملوانکە ئاوازی خنکانی مەسیح
نادرکێنێ
شەو لە سەر جەستەم لا مەبەن
با زامی لەش شاراوە بێ
ئەوە بوورکانی
هیلاکی ئەم خاکەیە
ساڵهایە
لە چاوەکانی من هەڵئەچێ
من شۆڕابەی ژانەکانی
بەگژداچووی خێڵێ نامۆم
بروسکەی مەیلەو بەهاری
گوڵاڵە سوورەی ڕوانەوەم
چەندی ئێوە بە ئازار بن
سوورترم لە شین بوونەوە
سوورترم لە گەشانەوە

بێ وڵات ترم لە زریان
خەمناکتر لە جەغزی سنوور
بەو هەرایە سەرشێتانە بڵێن
زادەی گێژەنی کارەسات و
ڕاهاتووی ڕێژنەی پشکۆین
لە چی دەمانترسێنن
لە شەو؟
یان ڕەهێڵە؟
بە هەڵپرووکانی کامە
گوڵاڵەی نەپشکووتو
چاوترسێنمان دەکەن
بوورکانێ لە سەربزێوی و
ئازارێ لە سەرهەڵدانین
ئەوەی قەمچی دەخاتە
ئەم مێژووە ڕووت و قوتە
چەکمە پۆشێکی نەزانی
سەدەی خاچە
ئەوەی لە ناو گریانا دەمچێنێ و
جەستەی ماندووی من دەکێڵێ
تەنیا دەغڵێ
تۆفان و گەردەلوول
وەکۆ دەکا

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## پوازی له خۆ

بانه. مەناف قادرپوور" نزا"

به ناوی خوای دلاوای به بەزه

باسێکتان ئاراسته دەکەم بەلام ئێوەش نەفەرموون خۆم دەزانم سەرەرای ئەوە ئاخندراوە له هەڵە و پەڵەی بەرچاو، بۆ هەمووشتان حاڵەتێکی نه تەنیا دوو پاتە و دوو جارە بگرە چەند پاتە و چەند بارەشی هەیە،بەلام دیارە دیاری شوان ئاڵەکۆکە و به واتایەکی دیکەوە

"برگ سبزی است تحفه‌ی درویش چه کند بینوا همین دارد"

دیارە هەرشتێک شیرازەیەک و بناغەیەکی هەیە ،بناوان و پێناسەیەکی هەیە و بەشتێکی گرینگەوە بەندە کە ئەگەر ئەو شتە یا ئەو ئەندامە گرینگەی لێ وەرگیرێتەوە تێدا دەچێ و ون دەبێ و بێسەروشوێن دەبێ، وەک دەشزانین پێناسەی گەلانیش زمانە،فەرهەنگە ، مێژووی کەونارا و تازەیە ، وێژە، واژە ،شێعر و ئەدەبیاتە،کەلەپووری نەتەوایە تیە،رە گ و ریشە ی رەگەزایەتیە یانی ئەمانە قەباڵەی بوون و نەبوونی گەلانن،ئەگەر گەلێک ئەمانەی بوون زیندووە،ئەگەر نەشی بوون بە متمانەوە مردوە،

شک و گومان لەوەدانیە و له رۆژی روونیش ئاشکراترە کە فەرهەنگ و کەلەپووری کوردی زۆر لەوە دەوڵەمەندتر و به هێزوپێزتر و تێروتۆخ ترە کە ئێمەومانان پێی هەڵدا بڵێین و به دەوریدا بێین، وە زمانی کوردی پاراوتر و هەراشتر لەوەیە کە خشڵ و سملێ زیادەی پێوە هەڵاوەسین بەلام ئێمە ماسیین کە لە وەها ئاوێکی روون و زوڵاڵ تێر نابین .

زمانی کوردی وەک رۆژ وەها بە تیشک و بەتینە، به تۆپەڵەقوری چەند نەیاری قورمساخ و زەبەلاح ناشاردرێتەوە، کەڵەپیاوی وەها بلیمەت و فرەزان و پسپۆر و وێژەوانی وامان تێدا هەڵکەوتوە و لێمانکەوتەوە ،هیچ پێویست بە ناساندن و باس و خواسی ئێمە ناکەن.

بەڵگەیە بۆ رۆژی روون تیشکی هەتاو

بۆ پەسەندی گوڵ بەسە بۆنی گوڵاو

بەلام ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمانەکەمان،کەلەپوورەکەمان،ئەدەبیاتەکەمان ئیتر پێویستی بە هەڵمەت و خزمەتی خامەی ئێمە نییە،بگرە هەست دەکرێ کە زۆرتر ئاتاج ترە،

درک و دالّی نامۆ،دەست تێوەردانی بێهۆ،پوازی لەخۆ،خامەی نووسەرانی سەرەرۆ دەوریان داوە،دەستیان لە بین ناوە ،دەوروبەری گیا کەلەیە،خوار و سەری تەڵەیە هەر بۆیە ئەم نزارە ،پێویستی بە بژارە ، تاکوو ئەو شتە مۆن و نامۆیانەی لێهەلاوێژرێ،جوان جوان دابێژرێ سووک و پووکی ،ئەوانەی هاتوون بە بووکی،وە هیچ فرێکیان بە سەر زمانی کوردیەوە نیە و بە هیچ شێوەیەک شێوەیان لەو ناچێ، تەنانەت سەر و گوێلاکیشی دا دەپاچن.

وە زمانەکەمان لە شوانەکەمان،لە کۆری شەونشینی دیوەخانەکەمان،لە کوروکاڵی کۆڵانان لە کۆرپە و مناڵی نێو ماڵان،ناشیرین و ناحەز و دزێو دەکا و دەیبێزێنێ،دوور هەڵیان دەین تا دەستمان دێنێ،داری رەجمیان لە پشت دەین،بەردی سێ تەڵاقەیان لە مشت خەین، ئەو شتانەی لێیان دزیوین،لێیان دابریوین،یا بە جۆرێک ون بوون لە بیرچوون بیان ناسینەوە و بیان ناسێنینەوە،کە بەرات و میراتی ئە دەبیاتی کەونارای خۆمانن و بەمتمانەوە بۆ هەستاندنەوەیان کەس سەرکۆنەمان ناکا کە مافی خۆمانە،

ئێمە نابێ خۆمان بە کەم بگرین و بگرین کە سەری نێو سەرانمان نییە،چونکە قرانمان نییە گەلێک باوە کە هەر کەس لە کراسی خۆی دا پیاوە،شەندە لە مەندە کەم تر نییە،

جوولەکە دوو هەزار ساڵان دەربەدەر و لا نەواز بوون بەلام ئەدەبیاتەکەیان پاراستووە، یا بە گفتی حاجی قادری رەحمەتی: "ئەرمەنی بەختی خواری و خێچی،هیچ کە زمانەکەی پاراستوە بگرە پەرەشی پێداوە"دەی کە وابوو ئیمەش ئەگەر بمان هەوێ ،نە تەنیا دەتوانین پەرێزی بە رێزو بە پێزی زمان و ئەدەبیاتەکەمان لە لمبۆزی بە پۆزوبۆزی نەیاران، بپارێزین بگرە دەشتوانین گەشە و نەشەشی پێبدەین،

هەر وەک دەزانین هەزاران کورە گوردی کوردی وامان هەبوە و هەیە کە لە وێژە و مێژووی گەلاندا هێندە شارەزا بوون و هێند بێ رەزا بوون ،کە بوونەتە زەریا، باری زانیاریان یا جوان تر بڵێم بێگاریان هێند قورس بوە ،وشتر و ئێستر هەر نقەی بوە لە بنیا ، بەلام لە مەر کوردیەوە هەرەیان لە برە نەکردۆتەوە و تڵپاتی تەرپیشی تێ نەگەیشتوون چونکە بەو رێگەیەدا نەرۆیشتوون،

ئەگەر تۆزێک تەپ و تۆزێک لە کتێبە مێژوییەکان حەوادەین و لاپەرەکان ئەم لا و لا کەین دەبینین زۆربەی زۆری ئەو بلیمەت و زانا و مێژونووس و وێژەوانە بە ناوبانگانە کە بە زمانی عارەبی نووسیویانە و بوونە هۆی شانازی گەلی تازی و لە باس و خواس،بۆ عارەبی دەشتەکی و پێخواس دواون و پێیان لەم رێگەیەدا سواون،هەموو لە پشتی شێرە پیاوی کورد داخزیون و هەڵچۆراون و لە داوێنی خاوێنی شێرەژنی کورد دابەزیون وگۆراون، ئەوەی مژیویانە مەمکی ژنەکوردی بە بەزە بوە و ئەوەی بژیویان بوە دەستمایە و دەسکەوتی دەست وباهۆی قەڵشیو ،بەلام ماندونەناس وچاونەترس وئازاو دلێر وبوێری کورە کوردی لە خۆ بردوویوە ، بە لام بۆچی زمانی کوردی لای وان بوردی نەبوە وپێیان نە نووسیوە،چەند هۆیەکی هەبوە کە پێم وابێ هیچیان بۆ ئەم چەرخ و دەورە وەرناگیرێن،

ئەوە بزانە تاقمێک لەم بەرێزانە!هەرلە بنەرەتەوە خۆیان بە کەم زانیوە و کورد و کوردییان بە تەم زانیوە ،وە تەنانەت نە چوونە بەر ئاوێنەش کە نە با ،بێچمی کوردایەتیان نیشانبدا و خۆیان لە خۆیان بێزیان بێتەوە و قێزیان بشێوێتەوە،

هەر وەکوو ئەمرۆش کە ئەگەر کەسێک بە کوردی پاراو و پەتی وخاوێن لە هە موو توێژ وتوێغ و توێکڵێک بدوێ ،بە تۆمەتی دێهاتی بوون لە سەرو چاوی دەدەن و بە کۆپە ناوی دەبەن،

کە بەندە نە تەنیا گلە و گازەندە لەم تاقمە ناکەم ،بگرە بزەیەکی تێکەڵ بە بەزەییم پێیان دێ و دڵیشم بۆیان دەسووتێ کە چەندە بێ ئاوزن،چەندە لە بەرچاوان ناشیرین و دزێو و ناحەزن هەرئەوەندە دەڵێم:کە ئەو شیرە سپیە و ئەو جیرە حەڵاڵەیان پێ حەرام بێت،

چینێکی تریان وانە بوە کە خۆ بگرن،بەلا م لە راستیدا لە بنەرەتەوە کەمتەرخەم بوون خامەی دەستیان،هەستیان هەستی بەوە نەکردوە کە زمانەکەیان،گەلەکەیان ،پێویستی بە خزمەتی وان هەیە،هەربۆیەش بەم هۆیەش،نووسینیان و ئاخافتنیان بە زمانی کوردی پشت گوێ خستوە و لە راستیدا تەمبەڵیان کردوە،

تاقمێکی تریش دیاره له برسانا یا له ترسانا ،له کوردی نووسین خۆیان شاردۆتەوه هەرچنن له ناخیشدا خۆیان خواردۆتەوه،بۆی به پەرۆش بوون،بۆی بەجۆش بوون،تەنانەت بۆشی نه خۆش بوون،بەڵام چاریان ناچار بوە٠ زۆربەی له وانه دایک و باوکیان له بەر نەداری و هەژاری یان له ترسی دارکاری و بێگاری سیپاڵه شڕەی ناوماڵیان به کۆڵیانەوه بوه و بەرەو وڵاتی غەریبایەتی بمگره و هاتم، له وڵاتی کەس نەناس گیرساونەوه و ناچار زوانی مناڵانی دەوروبەری خۆیان فێربوون ئەوەیه که ئەو چینەش زۆر خەتا بار نەبوون٠

سەردەمێکیش به چەن شات و شووت،به چەن هات و هووت،به چەن قسەی قۆڕوبن شڕ به بیرو ڕای پڕوپووچ وهیچ وبێ بناوان،نژادی عەرەبیان ،بەرزکردەوه بۆ ئاسمانان وکوتیان سوێند به قورعانان،عەڕەب لەگەڵ عەجەم هاوتا وهاوکوف نییه٠ ئەگەر ژنه عەرەبێکی دەشتەکی و ڕەشۆکی ،له گەڵ پیاوێکی پایەبەرزی وەک مامۆستا هەژاردا زەماوەند بکا دروست نییه چونکه پایەی ژنی عەڕەب ،زۆر لەوه بەرزتره گوتیان له گۆڕیشدا له جێگەی وا چۆڵیشدا ،پێمێردی خوا لەگه ڵ ناعەڕەبانیش،هەر به عەرەبی دەدوێ ،دەی جا کەوا بوو بێ سووده گەر کوردی نەدار،بڵێ خوامه پەروەردگار هەتا نەڵێی« الله ربی» هەر له ژێر گورزا دەبێ٠ جا ئەوه بوو له ترسی ئەو گورزانه یا له تاوی ئەو کچه عاروه چاو بازانه کابرای له تووس کابرای له ڕووس کابرای گەڕووس بووبه عەرەبی نووس ئێستاش ئەگەر به عەرەبێک بێژی فلانی ! فلانه نووسەر، که ئەو کتێبه زەلامه بەتامەی به عەرەبی نووسیوه کورد بوە،له وڵامدا دەفەرمێ : ئەوه هەورازو ئەوەش ئاوی سارد کورد نەبوویایه،هۆباڵ به ئەستۆشم ڕاست دەکا٠

ئەمه با بڵێین کورتتیەک له مێژووی زۆر دورمانبوو که بیرمان خستەوه دەش زانین که لەم دوایانەشدا کاتێ ڕژیمی دیکتاتۆری پاشایەتی له سەر کاربوو ناوی کورد له لای هەر ژەقنەمووت و زەهرەمار بوو نووسەران و هۆنەرانمان بێدەرەتان بوون،له هەندەران بوون نەیان دەوێرا، وێڕا هەست و نستیان له مەڕ زمان و کەلەپوور، ئەدەبیات و فەرهەنگەکەیانەوه دەرببڕن و فرمێسکێک له چاوی ئەم گه له ژێردەست و ژێر چەپۆک و بەشخوراوه بسڕن،چونکه زۆر زوو له سیا چاڵەکان دەپێچران٠

بەڵام ئەمڕۆ چی؟ ئەمڕۆ ، به سەر کەوتنی شۆڕشی ئیسلامی گەلانی ئێران و هاتنه سەرکاری دەوڵەتێکی خزمەتکار و زاڵ بوونی هێزی بەهێزی وتووێژ و گۆڕینەوەی بیرورا ،به سەر زل هێزی زۆروزه بروزه نگ،وه به ته قینه وهی شۆڕشێکی وا پڕشنگ دار و هه ڵاتنی خۆر چاوی دێوی دێزودزێوی هه ژار خۆرو شه مشه مه کوێری بێ فه ڕ،به شه واره که وتوه وئه و ده رفه ت و هه ل و مه رج و که ش و هه وایه مان بۆڕه خساوه و ئه و موڵه ته مان پێدراوه ،ئەو مافەمان پێبڕاوه کەوه ک گەلێکی خاوەن زمان و وێژه وکه له پوور بناسرێین و له گه ڵ ئه وه شا که ئازایین ئازادیشیان خه ڵات کردووین و ئه و له مپه ر و کۆسپانه ی که جاران له سه ر ڕێمان بوون سوپاس بۆ خوالاچوون،هۆنه ر ونووسەرو پسپۆڕێکی توانای کورد هیچ بڕو بیانوێکی نییه که خۆی له خزمه ت به زمان و وێژه ی گه له که ی که گه لی کورده ،دوور خاته وه وله وه ها کات و ساتێکدا خه وی که مته ر خه می بیباته وه٠زمانێکه ،فه رهه نگێکه که له پووریکه که ده ستمایه و ده ست ره نجی مێژویه کی له مێژینه یه و له پیاوانێکی دێرینه یه،که ده ست به ده ست به ئێمه گه یشتوه که به ڕاستی پاراستنی له به ده ست هێنانی گه لێک دژوار تره و هه ناسه سوار تره٠

به ڕای من که سێک که له م بواره دا،له م ڕێگه سه خت و سه رو خواره دا شاره زاییه کی هه یه ،ئازاییه کی هه یه توانایيه کی هه یه ده سته وستان وه ک زه یستان دابنیشێ وهه وڵێک و هه ستێکی نسبه ت به گه شه پێدانی زمان و که له وپو ره که ی نه بێ،دڵی بۆ ی نه کورکێنێ وئه وه ی له و بارەوه ده ی زانێ نه ی درکێنێ،وه له پێناویدا خۆی له ئاو و ئاور نه دا،خیانه تی کردوه و ده بێ بڵێین کوڕی باوکی خۆی نییه٠

ئه من ، ئه تۆهه رکه سێک و هه ر که سایه تیه کی تر که سه ره ڕای ئه وه شاره زاییه کی ته سه ل و ته واو و تێر و تۆخی به سه ر زمانه که ی خۆی دا هه یه به لام خزمه ت به زمان و وێژه ی خۆ ی ناکا و به زمانی گه لانی تر ده نووسێ و ده دوێ

وه ک تاڵان کرابێ وایه به ر هه مه که ی بێگانه ده یبه ن و منه تیشی لێ نازانن،وه ئه وه ئه و مریشکه یه که به ختی نای هێنێتێ وجوجه ڵه ی مراوی هه ڵدێنێ٠

به لام به سه هوو نه چین ئه مه ش به و مانایه نییه که ئیتر یه که ناس بین وهیچ سه رنجێک و ئاوڕێک نه ده ینهوه سه ر زمانه کانی تر و ئه ده بیات و که لتوور و که له پوور و ئاداب و داب و نه ریت وبیر و باوه ڕ و مێژووی واژه و وێژه ی گه لان و نه ته وه کانی تر ٠ جا بۆیه هەمووماں به گشتی و ئێوه هۆنەران و نووسەران به تایبەتی ئەرک و برکێکی یەجگار گەوره و گرینگ و گرانتان له سەر شانه.

وه به ڕاستی له حاند و حاستی گەلێکی هەژار و نەدار،کۆمەڵگایەکی به ستەزمان و بێدەرەتان که چاوی هیوا و هومێدیان له ئێوەیه و پێش خستنی مەڵبەند و زێدیان به ئێوەیه بەرپرسیارن٠

زمانەکەمان،ئەدەبیاتەکەمان پێویستی به لێکۆڵینەوه و توێژینه وەیه کی وەستایانه هه یه پێویستی به خاوێن کردنەوه و هاڵاواردن وساخکردنەوەیەکی دڵسۆزانه هەیه زۆر وشه و پەیڤی نەستەقی کوردی وامان هەیه که خەریکن سەد مەخابن وەک ڕۆژی دەمه و ئێواران ،له سەر دەم و زاران ئاوا دەبن٠له گەرووی شمشاڵ ژەن و بلوێر ژەنەکان له گەڕی حەیرانبێژ و لاوک بێژەکان دەسڕێنەوه و له بیر دەچنەوه

زۆر مەتەڵەب،به مردنی شێره پیاوان و شێره ژنان ون دەبن و وەکوو بەفرەکەی پار دەچنەوه بەم جۆره کچه بێری و دۆی ده ستی کوڕی قیت و قۆزی سەربانان و کۆڕپەی سەر بێژینگ و بێشکه و جێژوانی ئەویندارانی ئەمڕۆی کوردستان،لەم بەشه له کەلەپوورەکه مان بێبەش و بێبەهرەن٠

جا هەر بۆیه هیوادارم که لەم بوارەدا هەرکەسه به پێی توانای خۆی ،بۆ کۆ کردنەوه و ساخ کردنەوه و زیندوو کردنەوەی ئەم بەشه له ئەدەبیاتەکەمان تێبکۆشێ که بەمتمانەوه ون نابێ و به زایه ناچێ و وەک کورد گوتەنی بۆ جێگەیەکی دوور ناڕوات٠



## هەرای جێژنە

بۆکان. برایم جەمیانی

هەور هێنای نمەی باران بە باوە
بەفر شل بوو بەسەر چرگە و چیاوە
بەهارە و خاکەلێوە و جێژنی نەورۆز
ڕنووی کوێستان بە چۆکدا هات تووواوە
لەسەر خاکی ڕەش و شێدار هەزاران
گژ و گیا و گوڵ لە زەرد و سوور ڕوواوە
بە عەتری گوڵ زەوی سەرخۆش و مەستە
بەسەر دەشت و کەژ و کۆدا پژاوە
هەرای جێژنە لە شار و کۆخ و لادێ
شەوە و ئاور لە گشت لا هەڵکراوە
منداڵی کورد بە پۆل و دەستە دەستە
لە بن دەرکێ بەریز بوون بۆ هەڵاوە
منیش ویستم پەپوولەی حەز وەگەڕخەم
بە مووی بەفرین برینی زووم کولاوە

## ڕۆژی سروشت

بۆکان. برایم جەمیانی

بەخێر هاتی سێزدە بەدەر
جێژنی کۆنی سەیر و سەفەر
پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم
لە شاخ و کێو ، لە دەشت و دەر
هەر ئاوەدان بی نیشتمان
بێ بەڵا بی و دوور لە کەسەر
ڕۆژی سروشت و سەیرانە
ژینگەت بەهەشتە بۆ بەشەر
باوەشی تۆ هێلانەیە
بۆ گشت مرۆڤ و بوونەوەر
لە ڕێی تۆدا نرخی نییە
دڵ و دیدە و سامان و سەر



## هیجری یار

سەقز.کامیل موحەممەد جانی

ڕەفیقان شێتی هیجری یارم ئەمشەو
پەشێو و سەرکز و غەمبارم ئەمشەو

بە دەس سۆزی دەروونی پڕ لە سازم
سەراسەر چەنگ و عوود و تارم ئەمشەو

مەکەن لۆمەی خەیاڵی پڕ لە تاسەم
نەچیری دەستی دەس،زۆردارم ئەمشەو

بە چەشنی تەیری بێ باڵ هەر دەناڵم
بە بێ دەنگیش ،گەرووی هاوارم ئەمشەو

کە ڕادەبرێ ژیانیش ،مەنعی ناکەم
سکاڵا گەر دەکەم ،ناچارم ئەمشەو

وەکوو لۆتکە[1]،گرفتاری شەپۆلم
بریندار و هەمیش بێدارم ئەمشەو

نەبوو جارێ کەسێک پرسێ لە حاڵم
لە بۆیە هەم گڕ و هەم نارم ئەمشەو

ئەگەر خامەم نەبێ هاوڕێ و هەڤاڵم
سڕی شیعریش،دەبێتە ژارم ئەمشەو

لەبەر تیری هەمانەی پڕ لە تانەم
غەریب و هەڵودا و بێزارم ئەمشەو

ئەگەر نەبوایێ"ئاوات"[2]ژیلە مۆی من
بە خوێن ئەمنووسی بۆت،سەربارم ئەمشەو

بەکوردی گەر بنووسم بێ شرۆڤە
دەبا چاکتر بڵێم ،لاسارم ئەمشەو

١ـ لۆتکە :بەلەم
٢ـ مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی ناسراو بە" ئاوات "

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەهاباد. جەعفەرمەعرووف"ژیار"

ئەی گەزیزەی مووژدە هێنەر تۆزێ میوان بەو مەڕۆ
دڵ بە بۆنی پەڕ پەڕی باڵات گەشاوە کۆ بە کۆ

چاکە تۆش هەر ساڵێ جارێک دێتوو سەرمان لێدەدەی
خۆ دەنا هاوینی دڵ، چەشنی زمستان دێتە گۆ

هەرچی دار و باغی مەوتەن بوو لە ڕۆژگاری ژیان
سیس بوون وێنەی دڵی گەل مانەوە سەر بێ چرۆ

کانی ویشکە و چۆمەڵەش بێ ئاوە گشتی قاقڕن
هەر وەکوو لاوی وڵاتم تێک شکاون دڵ بە سۆ

پڕ لە داخم ڕادەبێرم دوور لە یاری ئەو دڵەم
هەر دەبێ جارێ نە جارێ شین بگێڕم ڕەنجەڕۆ

تا بەکەی  پێت وایە خوێنم هەر دەبێ بڕژێتە ئەرد
تابەکەی وا بۆ گوڵی سوور هەڵوەڕێنم ئەشکی خۆ

ئەی گوڵی گەش ئەم بەهارە بۆ "ژیار"م بێنە تۆ
مووژدەی سەوزی ئەوین و هەڵپەرینی سەر بەخۆ

## دادی دڵ



سەقز. ئەنوەر حسەینی "هەژین"

تا دەبینم زوڵفی شێواوت، دەشێوم چاوەکەم
تاڵبەتاڵی پرچەکانت بۆتە بەند و داوەکەم

دادی دڵ بۆ کێ بەرم لەم ژینە پڕ دەرد و خەمە
کەی ڕەوایە ببمە نێچیر، من کە بۆ خۆم ڕاوەکەم

دەردی دڵ سەبر و قەراری لێ بڕیوم دوور لە یار
بۆ ویساڵت پڕ لە تاسەم، هێز و تین و تاوەکەم

تاوی داوە ئەم هەناوە ئاگری ناخی دڵم
بەڵگەیە بۆ ئەم مەبەستە چاوە خوێن تێزاوەکەم

سەر لە پێناوی ئەوینم ڕێگە دەبڕم پڕ موراد
تاکوو پەیداکەم لە کۆسار، زایەڵەی کانیاوەکەم

ساڵەهایە وا پەرۆشی ئەسری ئەو دوو چاوەتم
سا دەخیلە ساقی مەستان با نەزەر لەو چاوە کەم

دڵ کەوی نابێ لە کێوی پڕ "هەژین" و ڕاپەڕین
شاخ و کوێستان بۆتە هیوا بۆ دڵە بێزراوەکەم



سنە. عەلی سوهرابی

چاوەکەم
تۆ بڵێی ئێمە خەونی بە دی هاتووی
ئەو کەسە بین
ڕۆژێکی ڕەش
لە تەنیشتی تەنووری ئاواتەکانی
دانیشتبێت و نووقمی ئاگرو بڵێسە
خەوی لێکەوتبێ؟!
ئاااخ بۆ ئاخێزێ ...

سنە. عەلی سوهرابی

ڤالانتاینە
وابزا من ئیعدامیم.
بەفیشەکێ بملاوێنە،
فیشەکی ئەشق،
فیشەکی ماچ.
دەسرێژکە؛
ماچ
ماچ
م...ا...چ ...
مەرگی ئاوام عەزرەتە...!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## زمان



ڕەحیم‌خان. نادرمستەفازادە

یەکەم پێناسەی مرۆڤ زمانە
هێمای هەبوون و هومێدی مانە

زایەڵەی ژین و زەنگی دەروونە
ڕێز و خەڵاتی خاسی گەردوونە

زمان کەرەسەی ناسین و ئەوین
پاراویی زمان، یانی: بزەی ژین

وەک پێشینیانم قەدری دەزانم
هەوڵ ئەدەم لە پای گەشەی زمانم

بۆ فێربوونی زمان، چاکە، چالاکی
بەر لە هەمووان، زمانی زگماکی

هەستە ڕایەخی، زمانی دایکم
بەرزە بایەخی، لە بیری ناکەم

دەیڵێم: وتار و وانە و بەیانم
بە زمانی دایکی، من کورد زمانم ...



سەردەشت. شاباز قاسمی

بەگەرم و گوڕی سۆزی وڵاتم
بەزمانی شنەو حەزو ئاواتم

دەبەر دایکانی ڕەشپۆشتان دەمرم
ڕێز لە هەناسەی خامۆشتان دەگرم

لاوانی ژیرو دەروون شەمزاوم
کەڵە پیاوانی لە ژین تۆراوم

ئەو تاسەگەرمەی دەرژێنمە پاتان
بۆ خۆڵی وردی خوار بارەگاتان

دەلاوێنمەوە چێژی ڕووشاوم
دەرونی ماڵ و ماڵ لە کۆلاوم

قوڵتی کوڵەکەم دادەمرکێنـم
بە زمانی دایکم ئێوە دەدوێنـم

سۆزی گڕگرتووم کوڵی خنکاوم
ڕێز و حورمەت و سۆمای دووچاوم

بەتروسکەو تاسە پێشکەش بەئێوە
لەگوڵە بەهارو زەردە بەهێوە

نەیارەکانتان هە ناسە سەرد بن
ناحەزەکانتان کوێلەو ڕەنگ زەردبن

سوورە چناری بڵند باڵا بن
بەرزە مەشخەڵی دوندی چیابن

لێتان نەنیشێ غەوری غەمباری
پێتان نەزانێ دیاردەی هەژاری

بۆگەلی خۆتان داری بەبەر بن
بۆنەوەی دوایی ڕزگاری دەر بن

هەرکەسێک دژی ڕووت و ڕەجاڵ بێ
یاخوا گڕ بگرێ بەکۆی زووخاو بێ

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



## مرۆڤ دۆستی چیە و بەکێ ئەڵێن مرۆڤ دۆست ؟

مەریوان. مەرزییە خاکی

سەرەتا دەبێت بزانی هاوڕێ ڕاستەقینەی ئێمەکێیە و چە خەسڵەتێکی هەیە.مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی چالاک و کومەڵایەتی پێویستی بەهاوڕێ یەک هەیە کەلەقسەی دڵی تێبگات و لەگەڵ مرۆڤەکانی ترا پەیوەندی هەبێت، مرۆڤ دۆستی واتا خۆشەویستنی هەموو تاکەکەسێکی ناو کۆمەڵگا، بێ ڕەچاو گرتێنی و هەر کەسێک بەپێ بایەخەکانی مرۆڤ بوونی خۆی شایستەی هاورێیەتییە و بناغەو کۆلەکەی هەموو ئایینەپیرۆزەکان لەسەر سۆز و خۆشەویستن دامەزراوە، و مرۆڤ کەباش بوو و کاری باشی کرد ، و ئازاری کەسی نەدا و دڵی کەسی لەخۆی زەویر نەکرد و بڕیاری لەسەرکەس نەدا و بەیەک چاو سەیری هەمووی کرد و بەرانبەر بەمرۆڤەکان لێبووردەیی بوو ئەمەخۆی مرۆڤ دۆستیە .مرۆڤ دۆستی واتا لووتکەی هاوڕێ یەتی لەگەڵ خوای مەزن ، واتەمن مرۆڤم ڕێگە و شێوەی ژیانم لەگەڵ ئەوکەسانی کەهەمیشەلەبیری خۆیانان جیاوازە، مرۆڤ دۆستی واتەلووتکەی جوانی و عەشق و سۆز و ئەوینی بێ سنوور .لە هاوڕێ یەتی هەنگاوێک سەرتربرۆین تا بگەین بەمرۆڤ دۆستی و مرۆڤ پەرستی .ئەگەر بەڕاستی کەسێک مرۆڤ دۆست بێت و یارمەتی هەموو مرۆڤەکان بدات و بەهیچ مرۆڤێک لەو ڕوانگەیەوە کەمرۆڤە، خەیانەت نەکات،و مافی هیچ ئێسانێک پێشێڵ نەکات، دەردەکەوت بۆمان کەبەڕاستی مرۆڤ دۆستە ، چۆنکە دڵی لێوانلێوە لە دلۆڤانی و سەرچاوەی مرۆڤ دۆستی لە میهرەبانیەوە هەڵدەقوڵێت بۆیەئەڵێن ئەو مرۆڤانەی کە دلۆڤانن زۆرتر مرۆڤ دۆستن و هەموومان هاوڕێ زۆرمان ئەزموون کردەوەلەم ژیانە ، هاوڕێ باش و هاوڕێ خراپ و هاورێیەتی قووڵ و هەمیشەیی و هاورێیەتی کاتی ، بەڵام ئێمەی مرۆڤ بەڕاستی تاچەڕادەیەک بیرمان لەم واتایە کردووەتەوە ئەسلەن هاوڕێ یانی چی ؟کاتێک لەگەڵ کەسێک پەیمانی هاورێیەتی ئەبەستین ئەبێت کارایەک ئەنجام بدەین ئەم پەیمانەلەکوێدا بۆمن ڕوون دەبەتەوە و چە کاریگەریەکی هەیە لەسەر هەڵسووکەوتی ئێمە.هاورێیەتی چۆن مانادەکرێت و چەرۆلێکی هەیەلەسەرژیانی ئێمە و ئێمەبۆچی پیویستمان بەهاورێیە و هاوڕێ باش وەک ئاوێنەوایە واتاهەر بەوشێوەی کەئاوێنە وێنەی ڕاستیت پیشان ئەدات هاوڕێ باشیش هەڵسووکەوتی دەڕوونمان پیشان دەدات. بەبیری و رای من ، مرۆڤ دۆستی هیچ کاتێک ناتوانێت لەڕووی ناچاری بێ کەوایەئێمەناتوانین خۆمان ناچار بکەین کەلەگەڵ کەسێکدا بەزۆر هاوڕێ بین ،مرۆڤ دۆستی یان هاوڕێ یەتی هەستێکی قووڵی دەڕوونەکەلەدڵ و مێشکەوە سەرچاوەدەگرێت و لەناخی مرۆڤەکانەوەئەرژێیت کەوایەپێویستەکاتێک لەگەڵ کەسێک دەبێت بەهاوڕێ بەڕاستی خۆشت بەوێت و لەژیانی و کێشەکانی هاوخەم بێ و لەشادیەکانیا خۆشحاڵ بێ ..

ئێمە خۆشەوسەویستی و مرۆڤ دۆستی دەبێت لەکەسێک وەک کاک عەلی دلاویز فێر بین ، ئێستە پرسیار دروست دەبێت ئەم هەموو مرۆڤەهەیە بۆچی کاک عەلی ؟ بۆ ئەوەی چالاک وانی شاری مەریوانە ئەو ساڵەکەبۆمەرزەکەی کرماشان ڕووی دا ، بەوپەڕی میهرەبانی و دڵسۆزی ولێهاتووییەوە بۆ گەیاندنی یارمەتی و هاوکاری خوشک و وبراکانی لەکرماشان وبەشداری کردن لە کۆبونەوەکانی ناوچەی کرماشان تا بتوانێ کێشەی ئەوان چارەسەربکات و ئەشیاو خواردەمەنیان بۆبێبات ، لەمەریوانەوە بەسیارە گەورەکان بەرێ کەوت بەڵام لەڕێگادا لەسەر جادەی مەریوان وسنە تۆشی ڕووداوی هاتۆچوو بوو و بریندا بوو ، خەرێک بوو لە پێناوی یارمەتیداندا گیانی خۆی فیدا بکات ، ئەم کاری ئەو وێنەی ئەوپەڕی سۆز و خۆشەویستی و ئینسان دۆستی بوو و من وەک نووسەرێک بەڕاستی وشەکانم ناتوانێت سپاس و پێزانین و پێناسەی ئەم پیاوە چالاک و مەزنەبداتەوە، و تەنیا بەوشەکانم سەری ڕێز و خۆشەویستی بۆ ئەو هەموو سۆز و میهرەبانی و دڵسۆز و هاودڵی و خۆشەویستیەی کاک عەلی دلاویز دائەنەوێنێم و هیوادارم نموونە کەسانێک وەک ئەو لەشارەکەمانا زۆر بێت و زۆریش خۆشحاڵ و سپاسی خوا دەکەم کە چالاک وانەکانی مەریوان ئەمجاریش لەدەس مەرگ نەجاتی بوو تا باشتر بەوپەڕی لێهاتوویيەوەیارمەتی خەڵکی ناوچەی کوردەواری بدەن و دەسی هەژارەکان بەجوان ترین شێوەبگرێن ،هەموو کەس ئەتوانێ مرۆڤ بێت بەڵام کەم کەس بتوانێ مرۆڤ دۆست بێ و بتوانێ گیان بکات بەقوربانی لەپێناو خەڵکدا بەڵام مرۆڤ پیرۆزە و شیاوی سۆز و خۆشەویستی بێ سنوور و بێ پایانە . مرۆڤ دۆستی شێوەیەک لەمیهرەبان بوون، کەخوای گەورە بەهەموو کەسێکی نادات ، بەڵام من بەپێویستی ئەزانم ئاماژەبکەم بەیەکێک کەوەک سەربازی ون بوو وایە ئەویش کەسێک نیە بەجێگە لە دوکتۆر ئەسعد ئەحمەدی کەبەڕاستی مرۆڤ دۆستە و هەموو کاتێک ئەوەی لەتوانای بێت ، ئەیکات بۆخەڵکی چواردەورەکەی بەبێ ئەوەی چاوەڕێ قەرەبوونەوە بێت، و دڵی زۆر گەورەیە ، وبەچاوی بەزەیی سەیری کەس ناکات ، لەڕاستیدا مرۆڤ دۆستی ئەوەیە کە تۆ وەک خۆت ڕێز دابنێیت بۆ بەرانبەرەکەت ، و لەچاوی ئەوەوە تێڕوانین بۆژیان بکەی ، بەدڵنیاییەوە کەدوکتۆر ئەحمەدی ئەم خەسڵەتی لە گەڵ خۆیدا ئاوێتە کردووە.

مرۆڤ دۆستی گەورەترین چاکەیە، کە مرۆڤێک دەتوانێ بەو پەڕی لێبووردنییەوە ببەخشێت بەمرۆڤەکان، ئەگەر ئەتەوێ مرۆڤ دۆست بیت ، دڵێک ئازار مەدە ، ڕەق و قین لە خۆت دوور بێخەرەوە، درۆ لەگەڵ کەس مەکە ، لەمرۆڤەکان تێبگە ، مرۆڤ دۆستی کارێکی کارێکی سەختە بەڵام سەختییەکی ئەوەیە، کە چێژ و خۆشی تایبەت دەبەخشی بەژیان.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی لاو



ئیلام .دەلران.زێنەب فەرزی

دڵم زەمە دڵم زیخە دڵم ژۆ
دڵم زق دایە ئەژ بەرفی زمسۆ
دڵم ئاگرمەلیچی بی و تەش گرت
ئەژەو رۆژە ک تەرکم کردی ئاسۆ
قتم دێ کەم بتوورە زەمێ کێونەم
برینە ریشم و بڕ داینە ئەژ تۆ
بکێشم میلێ داخی جایێ سرمە
چەوم کوور بوو نەڤینم تو هراسۆ
نەڤینم تو هراسۆ بین و لێڤە
دخیلە حەزرەتێ شاهێ خراسۆ
دڵم لەت لەت بیە کۆ ئەڵ سەر کۆ
چتۆ پا خاردیە چی فەرشێ کاشۆ
بیارن سێزن و بەخیێ دڵم بن
نەکێشم جەوڕ و دەس نەگرم ڤ دامۆ

## وەکوو سروە لە ئامێزت ئەگرم



بانە. سەهەند " ئاڤان"

دەمەو کازیوە لە خەو راپەڕە
بە ئاوی سارد رووخسارت پشۆ
پاشان ئایەتێک ئارام بخوێنە
ئەو کات پەردەکە بە نەرمی لادە
دەرگای پەنجەرە بە هێمنی باز کە
گوێ شل کە پەری!
سروە باڵوێزی وڵاتی منە
هەواڵی پێیە
نامەی وەرگرە لە یەکەم رستە
درکاندوومە بۆت
بۆ ئەم بەهارەش
هەر خۆشم دەوێی...!

## ئێوارەت باش



شنۆ. عێرفان مەرزەنگ، ڕەشەبا

ئێوارەت باش ئەی ئەو کەسە
ئاوا بوونت بۆ جێهێشتم
ئێوارەت باش ئەی ئەو کەسەی
تاڵی عەشقت تۆ پێچێشتم
ئێوارەت باش ئەی ئەو کەسەی
باوەشێکت بوو بە ئاوات
ئێوارەت باش ئەی ئەو کەسەی
دابڕانت کرد بە خەڵات
ئەم ئێوارە یادت لە دڵ هەڵدەوەری
ئێوارەت باش ئەی جوانترین بیرەوەری
ئێوارەت باش مانگەشەوی ڕون و گەشم
ئێوارەت باش ئەی ئەو کەسەی لێت بێ بەشم
ئێوارەت باش ئەی ئەو هەورەی
لەچاوی شیعرم دەباری
ئێوارەت باش ئەی هۆنراوەی پڕ لە هەست و لە جوانکاری
ئێوارەت باش ئەی ئەوکەسەی بە یەک نیگا دڵت بردم
ئێوارەت باش ئەی ئەوکەسەی
لەدوای ئاوابوونت مردم
ئێوارەت باش ئەی ئەوکەسەی
کە ئەوینداریت فێر کردم
ئێوارەت باش شەنگە بێری مێرگی دڵم
ئێوارەت باش شنە و سروەی باغی گوڵم

## وەرە ئەی چاوڕەشی من

وەرە چاوت لە چاوانم بڕێژە
وەرە ڕوحت لە جەستەمدا بنێژە
وەرە خەونی ئەویناری و ئەوینم
وەرە باڵی خەیاڵی هەڵفڕینم
وەرە ئەی فێنکی ڕۆحی ڕەوانم
وەرە ئەی چاو ڕەشی ئەبرۆ کەوانم
وەرە ئەی شیرنی شەوگاری تاڵم
وەرە ئەی شاژنی نێو کۆشک و ماڵم
وەرە ئەی هاودەمی ناڵە و خەمی من
وەرە تۆ ئەی هەناسە و هادەمی من
وەرە بانگت لە ناو دڵما بخوێنە
وەرە دیدەت لە باوەشما بنوێنە
وەرە مانگەشەوی ژینی ڕەشی من
وەرە ئەسپی خەیاڵی سەرکەشی من

گۆڤاری ئێلکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



بانە. چرۆ

ئەمەوێ برۆم لێرە
ئەگەر هات و بیرت کردم
بۆ دوور مەچۆ
تەنیا سەیرێکی باغچەی ماڵەوە بکە
پێش ڕۆشتنم
دڵم لەوێ داچەندووە

❋❋

ئەڵێی چی ئەمشەو تۆزێ
بە یادت ڕۆژ کەمەوە؟!
وێنەکەت بگرمە باوەش؛
بۆنت جوان هەست بکەمەوە
ئەڵێی چی ئەڵێم!
خۆشویستنت نیشتمانە!
نیشتمانە!
نیشتمانە!
کێ لە نیشتمان بێزارە؟
ئەی ئەگەر تۆ نیشتمانی؛
بۆ نامگریتەوە لە خۆت
لەم تەنیاییە پڕ ئازارە؛
لەم چوار دیوارە بێ تۆییە،
لەم هەوارە پڕ گریانە
تەنیام!
تەنیا تر لە جاران
تەنیا تر لە تۆی چۆلەکە
لە ناو قەفەس
تەنیا تر لە مانگ، لە هەتاو
بێ هاونەفەس؛
هاو نەفەس تۆی!
هاو نەفەس تۆی!
هاو نەفەس تۆی!
ئەی دڵ ڕەق، بێ وەفا
بەرد تۆی
ئەڵێی چی بڵێمەوە
هەمان نیشتمان!؟
هەمان نیشتمان جێی هێشتم
بۆی ئەگریام، بۆی ئەگەڕام!

## شانۆنامەی چۆلەکە



دیواندەرە. سورەییا ڕەحیمی

لە چوار چێوەی ئەم شێعرەوە
هەڵمواسن
شووشەکان هەموو درۆن
هەموو شڵەژاویەکانی ئەم ژوورە
لە مێشکی منا سواوە و
بە درێژایی ڕۆژی پەنجەرە
ساڵهایە بەسەر مەرگدا چاوەڕوانن
نا قەت ئەم ڕێگایە لە پەتی شێعرەوە ڕەت نابێ و
ئەم دەرچوونە لە مێشکی خەیاڵ ناگونجێ
تکایە پزووی قەڵەم لەبەر تیشکی گومان هەڵمەخەن
وەرزی ساردی سیاساڵەو
تف لە ئاسمان ئەیبەستێ
منیش واچاکە بنووم
قەت کراسی ئەم شەوگارە قەوارەی من نابێ و
ئەم خەونە تا بەدەمیەوە بروا گۆشت ئەگرێ
چاکتر وایە کە بنووم
تاکوو ئاسمان لە جێگای خۆیدا بێ بەیانیش هەر ئەم وەرزەیە
ئای کە چەن تامەزرۆی ژینم
بە تامی تووتن و هەناسەکانی تۆ
ئای کە چەن شەوگارە ژین لە گەرووما
تکایە چیتر هەناسەکانم بەرەو خاک مەژمێرە
چەن چرکە دەنگ و چەترێکی نەرمم بۆ بنێرە
ژینم هەموو شانۆنامەی چۆلەکەیەک بوو
لە ژێر لێزمەی باران هەڵدەلەرزی
ئاخر دوور لە ئێستای
زۆر لە بێدەنگیی ئەیپرسی



سەقز.فەرانەک کەریم ئابادی "فرمێسک"

هەڵبڕاوم من لە خۆ ماندووم لە دەستت ڕۆژگار
بۆ دەبێ ئاوارە بم بۆ وەسڵی دایم بێ قەرار

عەهدی بەست وبێ وەفا بوو ئێستە حەوت خەرمان لە دوای
قوڕ دەپێون،شین دەگێرن،ئاخ لە کردەت کردگار

دەست بدا بۆم دەیبرم تۆتۆی هەناوم بۆت ئەدی
نەمدی هیچ جواوێک لەوان ڕوون بوو هەزاران پرسیار

خۆ دەزانم ئۆقرە ناگرم ویشک دەسووتێم هۆی چییە؟
دەفرێ سەبرم هەرچی ئەیکەن باس و لۆمەی کۆنەیار

سەر لە تۆ باوەش لە من،دەی لێمگەڕێ بیلێم بە زار
سەد مەخابن خەڵفی گوڵ ئەندام لە بەختم بووبەخار

گێژ ئەبم من وا لە گێژاوەی خەیاڵ تۆ پێم بڵێ
ڕوو لە کێو کەم،جڵ دڕێنم،یان بڕۆم پشت کەم لە شار


تاڵی زوڵفت سووڕ ئەدا هۆشم ئەڵێن کفرە و مەڵێ
دڵ بە سووڕەی سووری لێوت پادشایە و نەک هەژار

بێ بەڵێنن یاری ئەمڕۆ کەس لەوان تا سەر نییە
ڕوو لە کوێ کەم دەردی دڵ بۆ کێ بەرم نەیکا قومار

ڕۆژی خۆشی و ڕۆژی ماتەم هەر ئەبێتە یادگار
حەیفە خەم خوێن لەم چەلەی ژین،بۆ بڵێن خۆزگەم بە پار

چاو دەگێڕم هەرچی خێچە ڕاست دەگا،بۆت بێتە پەند
ئەوکەسەی ڕاست بێ لەگەڵ یار،باری لارەو لارە لار


چاو بە فرمێسک بووم کە هاتم،لێو بەخەندەش بۆی دەڕۆم
لەم کڵاو چەرخانە هەر شێتانە ژین،نابێ بە عار



مەریوان. مێهری ڕاستی

چاوو برۆت بەیتول غەزەڵی ڕەوانمە
تەسلیم بووم لە حەناتا و
ملوێنکێک
لە ملوێنها ئارەزووی پیر
لە خوێنمدا جوڵانی هەیە و نامکوژن
مێشکم گۆرانیەکانت
پۆمپپاژ ئەکات و بیرتم ئەخاتەوە
یادداشتێکم پێیە تۆی لێ ئەچۆڕێ
بۆی تۆراویت ئەدات و
ڕۆحم ئەچنێ و
من دڵم نایە بیخوێنمۆ
سەیری ناکەم
بقەیە و
خەبەری ڕۆشتنی تیایە
تۆ مەمنووسە
بێ بمسازێنەڕۆ
ڕووخاوم
بەقەی تاریکی لە خۆما ونم
بە بێتاقەتی منا شار
بە دەرو دیوارەوە نووسیویانە " مەڕۆ" و ئەو هەر لە
خۆی بایی ئەبێ
کێ ئەزانێ؟!
هەڵسم ،بێمە خەوت و ڕازیت کەم بە نەچوون،
ئەوەتا تۆ ڕازی نابی و
من خەریکم بیرت لێ ناکەمەوە...

## وێرانە



هۆلەند.شاری دۆردرێخت:
ن: هێمن ئەمانی

لە وێرانەی خەیاڵی باراناویمدا
بەدوای قەسیدەی وەسفی جوانی و
پەخشانە شێعری ئەویندا
دەگەڕام،
دەگەڕام و
دڵۆپێک شێعری نیگای تۆ
دانەباری
بە پانتایی دەشتی خەونا،

ئاوازێکی دانەچرپاند
بە گوێی قەڵەمی شێعرمدا،بزەکانت ،
تا گوڵبەهاری شێعرێکی خۆشەویستی
بە قەدپاڵی سەرما بردووی کاغەزمدا
بنەخشێنێ،

دیوانی شاعیران و
غەزەلی هەزار خەونە
ئەرخەوانی باڵای سەوز و سوورت
سەماکەری بەسەر پەنجەی ئاوازێکە
پەنجەکانم
لە چیرۆکی تاهەتایی
هێڵەنۆتی زوڵفەکانتا.

ئەوینی من ..!
وەرە و
لە هەر ئێوارەی تێپەرینت دا
بە کۆڵانی چاوەکانما
جۆگەلەیەک ئەسرینی خۆشەویستی
ڕووبارێک سریوەی مانگەشەو
وە دەریایەک جوانی ژیان
بنەخشێنە
بە تاریکایی خەیاڵی وێرانبوومدا..

## گەڤەی عەشقی



بۆکان. هیدایەت ئازەری "خەمبار"

شەو لە شاری خەونەکانمە , بانگی کەن ئەو یارە بێ
تا حەیاتم هەن لە دڵدا , عەشقی ئەو لێم مارە بێ

قەت لە دڵما نامرێ ئەو , من بە عەشقی ژین دەکەم
یادەکەی هەرمانە بۆ دڵ , پیرە شیعرم چارە بێ

دڵ لە بازنەی خۆشەویستی , چاو لە ساقی و مەی دەکا
هەر بە بادەی ئەشق و جوانی , چاوەڕێم ئەو جارە بێ

تابەیانی دێ بەسروەی , عەشقی یارا هەڵدەڵێم
هەر دەڵێم خۆزگەم چەلێتر , ئەو گوڵ و دڵدارە بێ

بەو تریفەی پێکەنینی , باخی شیعرم تەڕ دەکا
کۆشکی دڵ پێی ئاوەدانە , پێکەری لەم شارە بێ

خۆتی سەرواو کێشی شیعرم , ڕوو لە جوانی تۆ دەکەم
ئەو دراوسێ شیعرەکانمە , دڵ لە سۆی خەمبارە بێ

باڕنی زستانی دووری , هەر گەڤەی وەک با دەچێ
دەبمە بێشکەو ڕامبژێنێ , ئەو نەبێ دڵ هارە بێ

کێش: فاعِلاتُن ،فاعِلاتُن ،فاعِلاتُن ،فاعِلُن
—— U —— / —— U —— / —— U —— / ——
—— U ——



ئەی چەرخێنەری، دڵ و دیدەکان
دڵ و دیدە تۆ ،ئەیخەیتە تەکان
شاری ساحێب. دەریا ئازەرپوور

نیشتمانم
خۆشەویستیت ،بوو بە چرا
ڕووناکی کرد ،شەوی ژیانم
پێنووسێک و لێنووسێکیان
دایە دەستم
پێیان وتم
بۆت بنووسم!
خێرا دەستم بردە پێشێ و
پێنووسەکەم لێیان سەند
و ویستم باسی

"خۆشەویستیت"

بکەم بۆیان!
بەڵام ....
لەگەڵ نووسینی یەکەم وشە
مێشکم وەستا!
دەست و مێشکم
ڕێک نەکەوتن
بۆ نووسینی خۆشەویستیت

ئاخر گیانە!
زۆر ئازیزی
بۆیە چیدی وشەکانیش
شەرم دەکەن وەسفت بکەن!
ئاخر ئەم لا بچن
ئەولا بچن
هێزی وەسفی ئەوینتیان نیە!

من و وشە و ڕستە
لاپەڕەو و پێنووسەکە و ....
بڕیارمان دا :
"وەسفت نەکەین
چوونک ئەوینت
بۆ وەسف نابێت"

*بۆیە دەژیم
تا دەتوانم
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ
شەیدای تۆ بم نیشتمانم

*ئەم کۆپلەیە هی ک.د.ئازادە



شنۆ.ئاوایی دێشەمس.
سامڕان عەلی پوور«هێور»

سەر خۆشم دەمێکە،نەک بە بادە بە شەهدی لێوەکەت
بادە خۆر نیمە ئەمما مەستم بە چاوە جوانەکەت
پشتم چەماوە لە ژێر باری پەژارە و دەرد و خەم
دەبا بێ و لایدا پەژارە ڕوخسارە خەم ڕەوێنەکەت

❁❁

دڵی وێرانم هەواری نامورادانە بە بێ تۆ
ڕووباری خەمی بێ سەر و سامانە بە بێ تۆ
کەیف خۆشە بە گوڵ بولبولی ئەشقم،ئەمما
وەرزی خەزانم بێ کۆتایە لەبن نایە بە بێ تۆ

❁❁

ئەگەر سووتان لە تاوت بێ ئەسەر بێ
ژینی پڕ ئەسرینم لە دوریت بێ نەزەر بێ
خەو و خۆراکم پەژارە و دەرد و خەم بێ
دە با بمرم لە تاوت،گەر ژین بێ سەمەر بێ

❁❁

بیرو  خەیاڵت هەستی دەروونم دێنێتە جۆش
دەریای دڵی هێمن و هێورم دێنێتە خرۆش
سەر خۆشی بە بادە و مەی هەر بوونی نیە
بە پێکی شەوقی چاوت من دەبم سەر خۆش



مەریوان. شەهین حسەینی

زوانی ئەدایی پاک و بێ گەردەن
فەخر و شانازی و هەم دەوای دەردەن
دلوەشی دلێم  زوانی ئەدایین
سەرچەمەو عەشقین، خەڵاتی خودایین
پارێزنایش فەرزتەر جە تەن و گیانین
چوون مەنەی لاشەیچ، مەنەی زوانین
سایەو زوانیمەو هەڵای چوون وێنا
ئەر زوانم نەبۆ ئەی  واچوو  کێنا؟
زوانی ئەدایی کانگەو هۆشیمەن
گۆشوارە ئاسا هەڵقەو گۆشیمەن
تا ڕۆیێ هەنا و ئەرواح جە تەنەن
خامەم سەنا گۆی خاک و وەتەنەن



بانە. بەیان خدری

وا ئەمشەو هەستێکی نامۆ
دەوری داوم
تەمی تەنیایی باڵای تەنیوم
دەستی خەم، بۆ دەستەمۆیی
باڵی خەیاڵی چنیوم
بەو کۆدەتا
وڵاتی دڵت، خستە گیر
نەخشەکانمان ئاوێتە بوو
میلی سنوور نەما لە بیر
ئەدوێم لە گەڵ
ئەو دڵە ئارەزوو مەندە
ئەوە چ ڕازێکە؟
لەماڵی خۆما، هەست ئەکەم پەناهەندە
کە تۆ هاتی
ترس و تاریکی و نامۆیی
بە یەکجاری
لە دڵ و دەروونم ڕۆیی
گیانە، ئێستا باش زانیومە
ئاهی ئاوات
ئێش و ژانی دووری وڵات
لە بێ تۆیی ڕوو ئەدات

## خەیاڵ



بانە.شەیدا ئەحمەدی

ئێوارەیەک
بە هەناسەی سەردی باوە
شەقام شەکەتی تۆماردەکردم
دەستەکانم بێ هیوابوون
دڵم پڕلەتەنیایی
کاتێک هاتەسەرڕێم
دڵم دووای چەند خووڕپەیەک
هاوڕیی کردم
لەگەڵیا چەند شەقام
وەمزانی ڕوومانی عەشق دەخوێنمەوە
وەمزانی لەسینمادوونەفەرم
درامایەکی ئەوین ئەبینم
لەکۆتای سکانسێک
کۆڵان تەنیای کردمەوە
سیمای جوانی لەگەڵ خۆی برد
بەڵام ئەوەتا هەرلەگەڵمایە هەتائێستاش

## منوو دڵ تەنگی



مەریوان. حەمزە دەستوور

دیسانەوە وشەی دڵ تەنگی
بە پەنجەرەی شێعرە کانما خۆی شۆڕ کردەوە
هاواری میوان حەبیبی خوایەی ئەکرد
ئایی بێتاقەتی
شەوێک بێ یەک نامان کرێت
بێرۆ میوانم بە
ئەمشەویش وەک من
پیاڵەیە شەرابی دووری بنۆشە
تا بزانی منی داماو چی دەکێشم
تەقەو ناوێ
ماڵی خۆتە
و وەرە ژوورۆ حەبیبی خوا وەرە



پیرانشار. گوندی گردکسپیان.
کەریم حیسامی" هاوار لاجانی"

لە سۆدرەی چاوەکانت بوومە کۆکەن
ئەتۆ شیرین،بڵێی فەرهاد وەخۆکەن؟

دەگەڵ ئەغیار گرێومانە لە سەر تۆ
نەکەی ڕاکەی،ئەوینی تۆ لە من کەن

لە سۆدرەی چاوەکانت لاسە شۆڕم
خەزاڵم بە هەتا دەچمە دەگۆڕم

بڵێی دنیا خەرا بێ دڵ بدەی پێم؟
وەکوو ماسی دڵت گیرکەم لە تۆڕم

لە سۆدرەی چاوەکانت کاکەمەم خۆم
دەزانی چەن ئەویندای دڵی تۆم؟

نەکەی لادەی لە پەیمانت بتۆرێ
لەمن ون بی بە وێنەی بەردی بن گۆم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## ویرانەی دڵ



سەردەشت.
هێمن تەنیا

ویرانەیە دڵ لە ژێر
قورسی نیگاهێک
سینە پڕ حەسرەتە
جێ نەماوە بۆ ئاهێک

وەرزی ئەوین و دڵە
بولبول مەرسیە دەڵێ
مەحزون و غەمە گاسی
دڵخۆشە بۆ تاوێک

بیر و بیرەوەری یار
شادیە هەر دەم
ئەی داد لە ئێستام و
من و تۆیی نیگارێک

حەزرەتی یار ، وتی
دەبم هەموو کات
درۆ بو وتەکانی
نەمایەوە بۆ ساتێک

تاڵی قاوە و مەی
هەردووک چەشێکن ئەما
تاڵێک خەو دەپەڕێنێ و
خەو بەستراوە بە ئاوێک

ملکی شایەتی دڵ ،
خاوەنەکەی ڕۆی
لەو ڕۆژەوە کاخی دەرون
بۆتە رووخاوێک

هەستم لە مەبەستم
سەراپێ نەبوو هیچ کات
پەلکەی قژی یار بوو بە
گوریس و پەتی دارێک

ئەی مانگی شەوان
مانگی منت غیرەیی پێ کرد
ئەستێرە نیە جوان
بە ڕادەی گەشی چاوێک

سپی کرد ریش و سەرم
دەردی فیراقی
هەڵڕژا و وەری سەر
لەتاوی زولفە خاوێک

لە باسی سروشتی
چاوی یار بێینە دەرێ
یێک جار بیبینی
هونەرە نەکەویە داوێک

کەرویشکی مەراق لە
دەشتی سینە بەرهەڵدرا
عەشقی وەکوو داڵ
کەوتە سەری و کردی بە
ڕاوێک

ئەی یار شکاندنی دڵ
بە پێشکەوتن مەزانە
تۆش دەشکێت دڵت
بە دەستی شۆڕە لاوێک

سەبر و هێمنی دڵ
ئەویش بەسەر چوو
بابردەڵە بوو عەشقی
کەوتمە گێژی ڕووبارێک

کۆتایی ئەوین
کۆتایی پێکرایی من و وی
تەنیا لەو ڕۆژەوە
و دڵپڕم بە هەواییک



دیواندە رە. ئێدریس عەبوودی

...دوو دڵدار
یەک دڵ و یەک بڕیار
وەک مێرگی ڕەشمەمە
دیسان بووژانەوە
پاش پاچکاری ڕۆژگار
***
وەک جیلەرێژی بەفراوەکان
دەستیان لە دەست یەکتر
سەرجەم، بوون بە ڕووبار
پێوایان گەلێ گۆم و گێژ و کەنار
❊❊
لە دڵی دەریا پێک گەییشتن
ئاخر کار
مەودایان پێ دوور بوو
چەن چۆمیان لە نێوان سنوور بوو
❊❊
لە ئاکام
بوون بە دوو شێعری جوان
لە دوو ڕووپەڕی بەرانبەری
کتێبێ
بێ دەنگ ، گرتیان ئارام.



سەقز س.هادەوی "هاوار سەقز"

لە دڵ باووە و زەمهەریرە،
سەهۆڵ بەستووی ڕێبەندانم.
کۆتری سپیم، سەرما بردی،
هێزو تین برا لە گیانم.
ئامێزم، جێی قەراری بوو،
ئەمما لای ادا لە قـەراری.
بە نەبوونی، تەزی دڵم،
لە گۆ چوون، پەنجەکانم.
❊❊
ئەم ڕۆژانە کە لێم دووری،
هەست و هۆشم لە لا برا.
تەنیا خەمە، جێم ناهێڵێت،
بۆم بووە بە دەستە برا.
سەدرەحمەت بێت لەپەژارەت،
بووە بە هاوڕێی تەنیاییم.
ئەگەرچی هەرڕۆژ کەم دەکات،
هەست وهەناسەو بیناییم.



**سه‌رده‌شت. ئه‌وین ڕه‌حمانی**

چ بباری، چ نه‌باری
به‌شی ئێمه لێقه‌ومانه
له هه‌ر کاتێک و هه‌ر ساتێک
خه‌می ئێمه خه‌می نان و
خه‌می مانه
له بیرمان دوور ده‌خه‌ن کاتێ
ئه‌گه‌ر دیتیان
خه‌می خاکمان له سه‌ر شانه
ته‌ق و تۆقه ده‌قی ژینمان
سپی یا سیسه ڕه‌نگیشمان
به وێنه‌ی به‌فری کوێستانه
له هه‌ر لا و قوژبن و شوێنێ
له گوێمان ده‌نگی ڕۆڕۆ دێ
بڵێی ده‌نگمان بگات ڕۆژێ
به گوێی ئه‌و ئاسمانانه؟؟
بڵێی ڕا بێ به هاوارمان
به نووزه‌ی ئاه و ئازارمان
دڵ و ڕووحی که‌سانێ که
خۆیان پێ خاوه‌ن ویژدانه؟

❋❋

له کلکه‌ی داوه‌رینی شه‌و هه‌تاکوو دواپشووی شه‌م دێ
له ئامـــێزی خه‌یاڵاتا شنه‌ی یـــادت ده‌ماوده‌م دێ
ئه‌تۆش جارێ بکه یادم هه‌تاکوو به‌زمی ژین باوه
پشووی مانم له بێ تۆیی سڕوساردە به ئاسته‌م دێ



**پیرانشار.له‌یلا پوور ئه‌حمه‌د"هه‌ناسه"**

گوڵه نه‌شمیلانه‌که‌م
له سه‌ر په‌نجه‌ره‌ی ژووره که‌م
گوڵدانێکم داناوه
ئه‌مشه‌و باسی
جوانی تۆم بۆ گوڵ کرد
ئه‌وینتم بۆ خوێنده‌وه
دێڕ به‌دێڕی له ئێواره‌ی شێعرێکدا
که چۆن له من ئاوابووی و
ته‌نیات کردم له خۆت دا
گوڵ گریا و گوڵدان پڕ بوو
له فرمێسکی سوور و خه‌م
له‌و کاته‌وه
ڕۆژ له دووای ڕۆژ داده‌مرکێ و
به‌زمانی شیرینی تۆ نه‌بێ نا بووژێته‌وه
گووڕووی گریانی گرتووه و
هه‌رگیز هه‌رگیز به من ژیر نابێته‌وه

❋❋

داخه دڵم
مه‌ینه‌ته ژین
که‌سه‌ره دڵ
ئاخه ئه‌وین حه‌سره‌ته و ڕۆ
"دووری له تۆ ، له دووری تۆ"
بێدادییه ...بێزارییه
بێقه‌رارم بۆ ئه‌وینت
بێده‌نگیه کوشتنه خۆ
"دووری له تۆ له دووری تۆ"
ناخۆشه ژین
په‌ڕژینه دین
خامۆشه دڵ
په‌رۆشه چین له سه‌ر ئه‌برۆ
"دووری له تۆ له دووری تۆ"
دڵ ته‌نگییه.... زه‌بوونییه
شاری دڵم له‌و هێرشه شکا بێهۆ
" دووری له تۆ ،له دووری تۆ"
پیره‌دارم
سێبه‌رێکی بێ ڕێبوارم
ریشه وشک
چه‌ند بێزارم ئه‌دی هه‌ی ڕۆ
" دووری له تۆ له دووری تۆ "
ژین و ژانه
بێتاوانه هه‌ناسه‌که‌م
له سووتانه دڵی به‌سۆ
" دووری له تۆ ، له دووری تۆ"

# تایبەت بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان




## تۆ دایکی منی

نووسەر: محەممەد ڕەزا شەمس
وەرگێڕ: خاڵند ئەحمەدی، بۆکان



لە دووکانێکی لیستۆک فرۆشیی، لیستۆکی جۆراوجۆر و جوان هەبوو.
ماشێن بوو، سە یارە ی چووکە و گە ورە، ماشێنە ڕەنگامە کان، لە نێو ئە واندا ماشێنێکی سووری چکۆلە هەبوو.
ماشێنە سوورەکە بە شوێن دایکدا دەگەڕا. ڕۆژێکیان ڕۆیشتە لای لۆریو لێی پرسی:
«سڵاو! تۆ دایکی منی؟»
کامیۆنەکە لێی مۆڕ بۆوە و گوتی: «یانی چی؟ ئەوە خەرەفاوی بۆ ماشێنەکانیش دایکیان هەیە؟»
لۆرییەکە گوتی: «نا من دایکی کەس نیم».
ماشێنە سوور ملی ڕێگای گرت و ڕۆیشت تاکوو تووشی پاسێک بوو و پێیگوت:«سڵاو تۆدایکی منی؟»
پاسەکە بیب بیب پێکەنی و گوتی: «گەوجە ئەوە دەڵێی چی!؟ خۆ ماشێنەکان دایکیان نییە».
ماشێنە سوور چەن جار تەگەرەکانی بە توندی لە عەرز دا و گوتی: «هەیانە و زۆر چاکیشیان هەیە».
پاشان لارەمل لەوێ دوور کەوتەوە. ڕۆیشتە لای پاسی دوونهۆم و گوتی: «بێ گومان تۆ دایکی منی؟!»
پاسی دوونهۆم کە شەکەت و هیلاک بوو و خەونووچکە دەیبردەوە، گوتی: «وردیلە! ئازارم مەدە. حەوسە لە م نییە تکات لێدەکەم لە کۆڵم بەوە».
ماشێنە سوور نارەحەت بوو. ڕۆی لە گۆشەیەک ڕاوەستا.
ماشێنە سوور کە چاوی لە پێش خۆی کرد، دیتی سەیارەیەکی شینی چکۆلە لە پێشیدا وێستاوە . ماشێنە شین لەویش چووکەتر بوو.
ماشێنە شین کە چاوی بەو کەوت پرسیاری کرد و گوتی: «ئەرێ تۆ دایکی منی؟!»
ماشێنە سوور ویستی هاوار بکا و بڵێ: «نا من دایکي تۆ نیم. من بۆخۆم بە شوێن دایکمدا دەگەڕێم. بڕۆ دەستم لە کۆڵ کەوە....»
بە هێمنی لێی نزیک بۆوە و گوتی: «بەڵێ ئازیزەکەم! من دایکی تۆم».
ماشێنە شین لەو وتەیە زۆی شادمان بوو و لە خۆشیان بیب بیب پێکەنی. بیب، بیب، بیب.

١ـ لیستۆک: ئەمرازی یاری، اسباببازی
٢ـ ڕەنگامە: ڕەنگاو ڕەنگ، رنگارنگ
٣ـ بیب: هۆڕن، بووق، سیگنال



بانە. باوکی نیشتمان

## زمانی کوردی

خۆشە زمانی کوردی
وشەی درشت و وردی

ڕستەی کورت و درێژی
نووسەرانی بوێژی

پڕ لە هۆنراوەی پیرۆز
پەخشانی بەهەست و سۆز

ئێسکسووک، لەبەر دڵە
نەغمەی مەلی سەرچڵە

بە هەزاران چیرۆکی
بە ئەفسانەی دیرۆکی

بەلاوک و حەیرانی
دڵ ئەبێ بە حەیرانی!




## ژینگەپارێز

ئەمن ژینگەپارێزم
ژینگەکەم دەپارێزم


ئاودێرم لە باخانم
چاودێرم لە شاخانم

کارم لە مەزرا و دەشتە
ئاگاداری سروشتە

لە هەرد و بەردەلانم
دڵسۆزی ئاژەلانم

پاک و خاوێنی وڵات
لەلام بووە بە ئاوات

ئەویینداری کانیاوم
خزمەتکارم تاماوم



## مامۆستا

بژی مامۆستای
زمانی کوردی
لە فێر کردنا
بە دەست و بردی


ڕێژنە بارانی
وەرزی بەهاری
قانیعی سەردەم
هێمن و هەژاری


شیعر و پەخشانت
گشت ئامۆژگاری
مەشخەڵی ڕێگەی
بەرەوبەختیاری

بەردەبازی ناو
چۆم و ڕووباران
شاگوڵی بۆنخۆش
لە ناو گوڵزاران

وشە بە وشەی
بەرز و پیرۆزن
دەرمانی دەردی
نەزانی هۆزن

هەر بە بڕشت بێ
پێنووسی دەستت
سڵاو لە بەرزی و
پیرۆزی هەستت!





بانە. باوکی نیشتمان

## کەو

کەو لە ناو قەفەس
یەخسیرە دیلە
کۆیلە یە وەکوو
کەسی زەلیلە

خەون و خەیاڵی
باخ و بستانە
دڵی هەر لە لای
شاخ و کوێستانە

قاسپەی نەماوە
دوورە لە شادی
شەو و ڕۆژ فکری
لە لای ئازادی!

قەفەس با بشکێ
بەشکم نەمێنێ
خاسەکەو پڕ بە
دڵی بخوێنێ

کەو جێگەی ژینی
ناو دەشت و شاخە
نەک ئەم زیندانەی
پڕ ئاخ و داخە

خاسەکەو شێتی
فڕین لە دەشتە
سرووشت لە لای ئەو
بەهەشتی گەشتە



## بابەتی شیرین

گوێ بگرن منداڵینە
لەم بابەتە شیرینە

ئەم مەڵبەندە زەنوێرە
ئەم زێدە دەسبەخێرە

یادگاری باوانە
بینایی دووچاوانە

وێنەی نییە لەجوانی
سەرسەوزی و ئاوەدانی

با بپارێزین بە دڵ
بە خزمەت بەئاو و گڵ

بۆ بەرجەوەندی گشتی
هەوڵ بدەین بە گشتی

## ئاربەبا

ئاربەبا شاخی سەربەرز
جوانترین کێوی سەر عەرز

بە چوار وەرزی ڕەنگینت
چیمەنی چین بە چینت

قورسی و پتە و وەک پۆڵا
دارستانت لە کۆڵا

مەنشورە باخی ترێت
بۆچی شوێنە ئەبردرێت

تۆ ڕەمزی خۆراگریت
برای شاخی ئاگریت!

ڕواڵەتت جوانە
هێمای بۆ شاری بانە

## زەریا

زەریا پان و بەرینە
سەرنج بدە بیبینە

هەرچوار تەنیشتی ئاوە
شەپۆل ئەدا لەو ناوە

هەتا چاو هەتەر دەکا
ئەمبەر و ئەوبەر دەکا




بۆ ئاژەڵانی ئاوی
ژینگەی شازە تەواوی

گیانداری هێندە زۆرە
شێوازی جۆربەجۆرە

بە کەس نایەتە هەژمار
هەزاران هەزار هەزار!

## کەشتی

کەشتیم و لەسەر
ئاوم
لەژێر تیشکی هەتاوم



لەئاسن و لە دارم
هەر هات و چوونە کارم

جێم زەریا و ئۆقیانووسە
ڕازیم بەم چارەنووسە

بەشەو و ڕۆژ دێم دەچم
بەرامبەر با ملکەچم

پان و بەرینە ناو ئاو
وەرە برۆین بەپڕتاو

بۆ سەیر و گەشتی دنیا
خۆمان بە تاقی تەنیا

## ناڕازیین لە بەشمان



دێولان. مەهستی مەتاعی

من قالاوێک هەژارم
خەفەت خواردنە کارم

دەنگم ناحەز و خراوە
لە سەد لاوە شکاوە

ڕەنگم ڕەش و بێ فڕە
نیەسم جوانی و زەڕە

شوکرم بە بەشت خوا گیان
قسمەت منت وا سازان

باڵندەیێک بەم جوورە بێت
کەی کەنین مێمانی ئەبێت

ڕەفیق ڕۆژمە داوڵ
درووس بووە لە چەند چڵ

هەر دووکمان دەردە لەشمان
ناڕازیین لە بەشمان!



## یە دۆەتِ کێیە؟



"این دختر نازدانەی،دختر کیست؟!"

ـ ترانەای کودکانە،بە گویش کوردی فەیلی ایلامی
**ئیلام. مصطفی بیگی "رودوس فەیلی"**



یە دۆەتِ کێیە؟ خوەزەو وە خوەی؟
گووش وە قسەی باوگێ دەیَ

رووژان وەختێ ئەڵسیا
وەر ژە نان و ئناشتا

دەس‌دەم خوەی خوو شووریَ
دە ئاوێنە خوەی نووڕیَ

ئمجا شانِگ سەر کەیَ
نان و شیر و عەسەڵ خوەی
فرمانکەرە زرەنگە
نەقاشییەی قەشەنگە

نۆسنێ دەرس و مەخشەی
خوەنێ وە دەنگە خوەشەی
دۆەتم چەنێ رەبینە
خودا! چەنێ شرینە
گشتێ ئیشن: "خوەزەو وە خوەی
داڵگێ لە دەمێ بخوەیَ"

وە خڕ،وە خڕ،وە خڕێ
وە خڕ زوڵفِ درێ

وە خڕ،وە خڕ، وە خڕێ
وە خڕ مڕ و گوڕێ

وە خڕ،وە خڕ،وە خڕێ
وە خڕ قڕ و فرەی
پرچ دریژ و شووڕێ
و خڕ قژِ فرێ

گشتێ ئیشن: "خوەشاڵە خوەی
حەقە داڵگێ هیچ نەخوەیَ"

یە دۆەت کێیە؟ خوەزەو وە خوەی
گووش وە قسەی باوگێ دەیَ



## زمانی من

هەولێر. ڕۆستەم خامۆش

زمانی من شیرینە
کوردییە و زۆر دێرینە

خۆشمدەوێ زمانم
ئازیزە وەکو گیانم

بەڵێ هەر چەندە وردم
من منداڵێکی کوردم

منی بچووک و زارۆ
هەر بە کوردیی دێمەگۆ

بە زمانی کوردیی باوان
دەنووسم جوان و ڕەوان

سەربەرز و شادومانم
منیش خاوەن زمانم






## بۆ منالانی نیشتمان

سەردەشت. گزنگی خۆر

ئەی کوڕ و کێژی کوردی
سەرنج بدەن بەوردی

لێت جوانە بەرگی کوردی
ژیر و ئازا و وردی

کارناواڵی نەورۆزت
پێ ناسە یە بۆ هۆزت

سلاو لە هەست و سۆزت
وەک بورکانە نەورۆزت

بلێسەی نەورۆز بەتینە
شۆرشی کاوە و ئەوینە



## گورگ یانێ هەڕەشە!



دێولان. ئارینا تەهماسبی



کێ ڕەحم ئەکاتە گورگێک
وا پەزێک بە دیان ئەکوژێ!؟
یان لە ناو ڕانێک پەزا
خوێن بەرخێک هەژار ئەڕژێ
گورگ یانێ هەڕەشە
یانێ قین و خوێن ڕشتن
لە لای گورگێک دڵ ڕەقەوە
ژیان هەر یانێ کوشتن!
گورگ ڕەفێقی ناکات
نازانێ بەخشین کامە
بە مردن ئەیژێ خوەشی!
ژیانێ زۆر بێ تامە

## باخچەی وڵاتی من



وەتەن دایکی هەموومان
گەر نەبێت نییە ژیان
ئەگەر کوردستان باخ بێت
یان کوێستانێک پڕ شاخ بێت
داری هەنارە سەقز
گوڵباخیە ڕەواندز
بیجاڕ و بانە و سنە
بەڕۆی باڵا بەرز منە
کرماشان و هەورامان
دوو داری سێوی جوان
مەریوان و مەهاباد
یان کامێرانی دڵشاد
داری بەی وڵاتمن
ڕووباری ئاواتمن
دهووک گوڵی ناوچەیە
هەولێر قەڵای باخچەیە
ئیلام و کەرکووک شاخن
پشتیوان دار و باخن
کۆبانێ ئەیژێ : ڕەزین
ئێمە کوردین نابەزین

## قاڵاو قسەی ڕاس ناکات



دێولان. ئایدا محەممەدی

زەردیوەرە ها لە کوێ؟
نایوێنم لەم مەحاڵ
لە ڕەفێقێکی پرسیم
وتی هەر نییە ماڵ

قوتابخانەی جێ هێشتوە
بیوە ڕەفێق قاڵاوێک
بە قورعان ئەگەر وا کات
هیچی وە هیچێ ناوێت


مەگەر نازانێ قاڵاو
درۆزن و ڕۆڕەشە
لە ئەم و ئەو ئەژنەفین
ڕۆژێ هەزاران کەشە

قاڵاو قسەی ڕاس ناکات
ئەیژێ خاسی وە ,دەرەک,
زەردیوەرەیشی فەقەت
لە بەر پۆلی خوەش گەرەک!

زەردیوەرە گیان بێرەو
کلاس چێتێکی کەمە
ڕەدیف و قافیەی شێعرم
سەرانسەر وشەی خەمە!



## جەژنی نەورۆز



بۆکان.

سەعدەدین خوسرەوی

هۆ منالان نەورۆزە
کاتی جێژنە پیروزە
با بچینە پێشوازی
بە گەزیزە و نەورۆزە

لە بۆ هەلاو مەلاوە
خۆ دەرازێنینەوە
هەرچی هەیە، بەزیادبێ
هێلکە کۆ دەکەینەوە

دەچین پووش و دار دێنین
دەیبەینە بەرزە شوێنێ
ئاگرێ دکەینەوە
لە دوورەوە بنوێنێ

بە خۆشی جەژنی نەورۆز
دەیکەین بە گرە مشقان
لە دەوری هەڵدەپەرین
ڕەشبەڵەک، کچ و کوڕان

بە کۆ دەنگی هەموومان
بە چەپڵە و بە گۆرانی
دەڵێین: نەورۆز بە خێربێ
پیرۆز لە هۆگرانی.....




## هە لاو مەلاوە

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

هەتەر مەتەرێ، هەلاو مەلاوە
لە سەر کولانکە و لە بەردرگاوە
چیی هەیە بۆمان بنێنە بن تاوە
کچتان بێ بەبووک، کوڕتان بەزاوا

پووری پێم دەڵێ: هێلکە نەماوە
ڕاوکەی بارۆکەم بۆ تۆ هێناوە
سەوز و زرد وسوور، ڕەنگم لێداوە
لە بیرت نەچێ، کاڵە، نەکولاوە

گوتم بە زیاد بێ پڕ بووە تاوە
گەرانی ئەمنیش لێرە تەواوە.
تا نەورۆزێ تر ئێوە ومالّ ئاوا....





## خاکەلێوە

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

بەخێر بێ خاکەلێوە
ئەوەڵ مانگی بەهارە
سەوزە سەری دەردێنێ
خاک بە لێویەوە دیارە

باڵندەکان دێنەوە
لەگەرمێنێ بۆ کوێستان
هێلانەی جوان سازدەکەن
لە نێو شێنکە و دارستان

زیندەوەر ڕادەپەڕن
شێنکە قژی دادێنێ
دار گەڵا و گوڵ دەردەکەن
سرووشت خەم دەڕەوێنێ

وڵات دەبووژێتەوە
کنگر و گێلاخە بێنە
خوایە بەخێر و بێر بێ
مانگی خۆ هەڵکرێنە



# ڕووداوە فەرهەنگییەکانی ڕەشەمەی ١٤٠٠ ی هەتاوی




❖ **بانە ١٢ ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ ی هەتاوی**

کۆڕی پەردەلادان لە سەر ٧ ی کتێبی تازەی نووسەران و شاعیرانی **ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە** لە شەوی ١٢ ی **ڕەشەمەی** ١٤٠٠ ی هەتاوی لە سەر ٧ کتێب لە نووسینی شاعیران و نووسەرانی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە لە هوتێل هاڵەی ئەو شارە ڕوونمایی کرا

**ناوی نووسەرو وشاعیران و کتێبەکان بەم شێوە بوو:**

| ناوی کتێب | نووسەرو شاعیر | ناوەرۆک |
| --- | --- | --- |
| خەمنامەی خاک | ک.د.ئازاد | کۆمەڵەشێعر |
| فرێنێکی بێ کۆتایی | ک.د.ئازاد | کورتە چیرۆک |
| وێستگەیەک بۆ تەنیایی | ک.د.ئازاد | کورتە چیرۆک |
| سێ جیران " تەرجەمە لە عەرەبییەوە" | ک.د.ئازاد | چیرۆکە شێعر بۆ منداڵان |
| بازنەی ئاگر | عەلی مەحموودی"ئاودێر" | کۆمەڵەشێعر |
| وریا لە کوێی؟ | بێهزادی زارع زادە "باوکی نیشتمان" | کۆمەڵەشێعر |
| سیاە و سفید | بێهزادی زارع زادە "باوکی نیشتمان" | کۆمەڵەچیرۆک |

چەند کەس لە مامۆستایان لە سەر کتێبە چاپ کراوەیان قسەیان کرد و وتاریان پێسکەش کرد
ئەو مامۆستایانەی لە سەر کتێبەکان وتاویان پێشکەش کرد ئەو بەڕێزانە بوون:

١ ـ دوکتۆر شەماڵ
٢ ـ ئەمین گەردیگلانی
٣ ـ هێرش بێتووشی
٤ ـ سەدیق کەریم پوور

لە لایەن دەنگ بێژان ، گۆرانی و حەران پێشکەشی ئامادەبووانی کۆڕەکە کرا
ئەو دەنگ بێژانە بریتی بوون لە:

- حەیران لە لایەن کاک جەلال و قادر ماڵە دۆمی و عەلی فرووتەن
- چەند گۆرانی لە لایەن عادڵ قەسابی پێشکەش کرا
- پاشان، دا هەر یەک لە نووسەران بۆ ماوەی چەند خولەک لە سەر کتێبەکانیان و ئەرکی نووسەر و شاعیران و جەماوەری کوردستان قسەیان کرد.

- لە کۆتایی دا پەردە لە سەر کتێبەکان لادرا
- جێی ئاماژەیە بە وتار بێژان و ئەندامانی چالاکی ئەنجومەن و چالاکانی گۆرانی ڕێزنامە پێشکەش کرا


❖ سەرپەرەستی بەڕێوە بردنی کۆڕ: **ئیسماعیل غەمگین**

❖ پێشکەشکار: **ئەشکان عەبدوڵلاهی**


## وینەی ڕووبەرگی کتێبەکان:








## چەند وێنە لە کۆڕی پەردە لادان لە سەر کتێبەکان:








**پاشماوەی ڕووداوە فەرهەنگییەکان:**

❖ **سنە**: ۳۰ ڕێبەندانی ۱٤۰۰ . ئیقباڵ بەرقی. سەمفۆنیای ئەوین

❖ **بانە**:١٦ی ڕەشەمەی ۱٤۰۰ : کۆڕی ڕێزلێنان و دانی بڕوانامە بە دەرچووانی خولە کانی فێرکاری(۳۰۰ قوتابی)
لە لایەن لقی زمانی ئەنجومەنەکانی: کانی، بەڕۆژە و نۆژین
هەر لەو کۆڕە دا پەردە لە سەر دوو کتێبی جەمیلە چووپانی "ڕوانا"
بە ناوەکانی:
ـ ئەترسم پاکیزەیەک بمرم لە باوەشتا ـ ئەبمە گوڵی تاریکان وداوی
خۆم ئەنێم!
وە کتێبێکی سۆران حوسێنی بە ناوی
"ڕێوالّی لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆ دا" لادرا.






❖ **سەردەشت**: ۱۸ ڕەشەمەی ۱٤۰۰سەردەشت. کۆچی دوایی حاجی مامۆستا محەممەد ئەمین ئەمینیان نووسەر و شاعیری سەردەشت مەشهوور بە ئەمین"۱۳۲۹ ـ ۱٤۰۰"



**کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی حاج مامۆستا موحەممد ئەمین ئەمینیان ناسراو بە(ئەمین)**

**ژیاننامەی(ئەمین)ی شاعیر**



**نووسینی: فازڵ شەوکەتی،مەهاباد**

موحەممد ئەمین ئەمینیان ، ناسراو بە (ئەمین)، لە حەوتەمی سەرماوزی ساڵی ۱۳۲۹لە لە گوندی (گرویس)ی ناوچەی ئالانی سەربەشاری سەردەشت لە دایک بووە، ژیانی سەرەتایی بە کشت و کاڵ شوانی و کۆڵدارهێنان دەست پێکردوە لە سالی ۱۳۳۸گرویس جێدەهێڵێت ودەچێت بۆشارە سەردەشت.

. ئەمین بێئەوەی بچێت بۆ حوجرە یان مەکتبخانە فێری خوێندن و نووسین بوە، لە ڕێی پرسیار کردن لە مامۆستایانێکی وەک مەلاعەلی نەقشبەندی لەبێژوێ ،مەلا عەلی دولکان(مەحمودی) و مەلا سالەی مارەغانی جارجار لەدوکانێ ، لەڕێی پرسیارکردن و بەدواداچوون لە خزمەت :شێخ عەبدالرەئووف نەقشبەندی خوێندویەتی. لێهاوتوویی و وریایی وای لێدەکات ڕۆژانە وێرای کاروکاسبی ئەو کتێبانە :تەفسیری نمونە ( ۲۷بەرگ)، تەفسیری مەراغی ( ۱۰بەرگ) و کتێبی شەرحی مەسنەوی موحەمەد تەقی جەعفەری (۱۵بەرگ) و تەفسیری نامی (۷بەرگ )بە وردی بخوێنیتەوە سەرنجیان بداتێ .بەم جۆرە بیری تۆکمە دەبێت وهەستی دەجوولێنێت دەست بە نووسین هۆنینەوەی هۆنراوەکانی دەکات، هۆنراوەکانی ئەمین تێکەڵاوی ئەزموون سەفەرکانی دەبن و دەبنە ماجوونێک لەمێژوو و جۆگرفیای سەردەشت وناوچەکە.

"ئەمین"ی شاعیر، پیاوێکی هەقپەروەر، ڕاستگۆ، بوێر، قەڵەم بە دەستێکی بەتوانا هەمیشە ڕوو خۆش و دەم بە پێکەنین و میواندۆست بووە، ئارەزووی لە سەفەر و گەڕان بەناو گووند و شارو دیمەنە جوانەکانی کوردستاندا بووە بەرهەمەکانی ئاوێنە گەشت و گەرانی ئەوبلێمەتەلەوسەفەرانەدایە. حاج مامۆستا موحەممد ئەمین ئەمینیان مامۆستای ئایینی و شاعیر و نووسەر و ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەشت تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە چالاکی بەردەوام بوو ساتێک پێنووسی لە نوسین نەوەستا.

"ئەمین" شارزایێکی باشی لە تەجویدی قورئانی پیرۆزدا هەبوو ،نوسراوەکانی کانگای حیکمەتی قورئانی و پەندو ئامۆژگارین، نوسراوە و هۆنراوەکانی دیمەنێکی نەخشینی کوردوستانن، ئەونووسەر وشاعیرە لەژیانی فەرهەنگی هونەری خۆیدا دوو دیوانی شێعر بە ناوی: «بەهەشتی کوردستان»، «گە شتی کوردستان »و «شەرحی کوردی بوستان سەعدی »و دەیان بەرهەمە رازاوەی تری پێشکەش بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە، ئەمین لە بواری فیکریش هۆگری جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح بوو ئەوەشی بە شانازی دەزانی.

بە داخەوەدوای تەمەنێکی پرلە شانازی بۆ گەل و نیشتمانە جوانەکەی (کوردستان ) دوای ماوەیێک نەخۆشی لە شەوی چوارشەممە ۱۸ی ڕەشەمەی ۱٤۰۰ی هەتاوی بە هۆی نەخۆشی، دڵ لە نەخۆشخانەی شارِی سەردەشت کۆچی دوایی دەکات و تەرمی پیرۆزی لەگۆڕستانی مێژوویی مەلاپیرە بە خاک سپێرداوە.بەڵام باشتربووبۆ ڕێز لێنان تەمەنێک چالاکی لە لەمەزارگەی شاعیران،نووسەران و هونەرمەندانی سەردەشت ناشترابا.

لە ناخی دڵمەوە پەرۆشی و پەژارەی خۆم بۆ کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری ناوچە و شاعیر و نووسەری ناوچەی موکریان دەردەبڕم و سەرەخۆشی خۆم پێشکێش بەهەموو نیشتمانپەروەران و خەڵکی سەردەشت و بنەماڵەکەی و هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەکەم .

ڕووحی شاد و یادی هەرمان

**ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە هەوڵی داوە بە سەردانی بنەماڵەی هونەرمەندان،نووسەران و شاعیران وەک ئەرکێکی نیشتمانی و ئەمەگ ناسی،تا ببێتە هۆی دڵگەرمی زۆرتر و هاندانی زیاتری ئەو بەڕێزانە**

**لەو چالاکیانە دا لە مانگی ڕەشەمە:**

**١ ـ سەردانی ماڵی شاعیری لاو وبە توانا و کەم ئەندام لە شارە دێی ئارمردە بەڕێز ڕامین فەرەجی لە ڕۆژی ٢٢ ی ڕەشەمەی ١٤٠٠:**



**٢ ـ سەردانی بنەماڵی برایانی کەریمی(سینەماکار):تەها( ١٣٩٢ ـ ١٣٥٤)،هاوڕێ( ١٣٩٥ ـ ١٣٦٢) و هومێد( ١٣٩٣ ـ ١٣٦٥)) و دیدار لە گەڵ باوک و دایک و برا وخوشک و کەسەکانی لە شارە دێی بۆیەن لە ڕۆژی ٢٦ ی ڕەشەمەی ١٤٠٠:**

